# بەهەشت و دۆزەخ

ئامادەکردنی
بورهان محمد امین

بەهەشت و دۆزەخ

بسم الله الرحمن الرحيم


کتێب: بەهەشت و دۆزەخ

دانانی:

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

ساڵی چاپ: ٢٠٠٩

ژمارەی سپاردن:

نۆبەی چاپ:

## ئەم نامیلکەیە پێشکەشە

- بە تامەزرۆیانی بەهەشت کە شەو و ڕۆژ خولیای سەریانە و هەوڵدەدەن بۆ دەستەبەرکردنی.
- بە تاکە تاکەی کاروانی دینداری و خواناسی.
- بەوانەی بەردەوام نائومێدنین لە ڕەحمەت و سۆز و میهری خوایی، وە دەشترسن لە تۆڵە و سزای.
- بە دایك و باوكم و نەوە چاوگەشەکانم





## پێناسەیەک:

دوای ئەوەی سەرنجم دا کە پانتاییەکی زۆر لە قورئان دەربارەی بەهەشت و دۆزەخە، دیارە کە خوای دانا و زانا بە باسکردنیان دەیەوێت نەوەکانی ئادەم هانبدات بۆئەوەی کە هەمیشە لە ئەنجامدانی کارو کردەوەی چاك هەوڵبدەن بۆ دەستەبەرکردنی، لە هەمان کاتدا باسی سزای دۆزەخ و ئازار و ئەشکەنجەکانی دەکات، تا هەوڵبدەن خۆیانی لێ بەدوور بگرن بێگومان دەستەبەرکردنی بەهەشت و خۆلادان لە دۆزەخ بە قازانجی هەمووان تەواودەبێت لە دنیادا، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕاستی ئیماندار خوایەکی گەورە و شکۆمەندی هەیە، هانمان دەدات بۆ چاکە و بەهەشت وە دەمانترسێنێ لە دەرئەنجامی گوناهو خراپە و دۆزەخ بە مەرجێ چاکەکانمان سودی بۆ خۆمانە هەر لە دنیادا پێش قیامەت، وە گوناهو خراپەش زیانی بۆ خۆمان هەیە هەر لە دنیادا پێش قیامەت.

## دەستپێک:

# ئاواتەکان لێرە نایەنەدی
# چەند دیمەنێك لە ژیانی بەختەوەران و ...

هەموو ئادەمیزادێك لە ناخیدا کۆمەڵێك ئاوات و حەز و ئارەزوو هەیە کە لێرە نایەنەدی، خۆ ئەگەر هەندێکیشی هاتەدی بە تێپەڕبوونی زەمان ئاسایی دەبێت و تام و چێژی نامێنێت و سەرئەنجامیش دەبێ بەرەو کۆتا مەنزڵی دنیا بەتەنیا ملی ڕێ بگرێت و هەمووی بەجێ بهێڵێت چونکە مرۆڤ لێرە میوانە، خانەخوێ و خاوەن ماڵ بەڵێنی پێداوە کە ئەگەر فەرمانبەرداری ئەو یاساو ڕێسایانە بێت کە بۆی دیاریکراوە، ئەوە ئیتر هەر ڕۆژێك ئێرەی بەجێهێشت، ئەوە دەبێتە نەك خاوەن ماڵ، بەڵکو خاوەن کۆشك و تەلار، خاوەن ڤیلا و باڵەخانەی چەند نهۆم، کە هەمووی پڕە لە کەل و پەلی جوان و ڕازاوە و دڵڕفێنی دروستکراو لەزێر زیوی نایاب، هەرچیش قوماشە ئاوریشمە ئاوریشمی تەنك بەسەر ئاوریشمی ئەستوردا لە هەمەڕەنگ و هەمەجۆر و نەخشینراو بەشێوازێکی وا کە تێر نابێت لە سەرنج دان و تەماشاکردنی زەخرەفە و نەخش و نیگاری ...

جا لە هەمووی خۆشتر، ژیان بەردەوام و نەبڕاوەیە و جارێکی تر شەرابی مەرگ نانۆشیت، لاوێتی تیادا بەردەوامە و پیرێتی سەرهەڵنادادتەوە و ڕوخساری ناشێوێنێت و دانەکانت هەڵناوەرێت و چاوەکانت کز نابێت و





توشی جەڵتە و شەلەل و شەکرە و لەرزۆکی و لەبیرچونەوە و پیری و حەفتا عەیب و هەزار عەیب نابێت ...

لەش ساغی و تەندروستیش لەوپەڕی کەماڵدایە و ڕۆژێك لە ڕۆژان، تایەك، سەرئێشەیەك، ڕوداوێك ناساغیەك ژیانت لێ تاڵ ناکات و ناچاری چون بۆلای دکتۆر و پزیشك و نەشتەرگەری و ئەو جۆرە شتانەت ناکات، بەڵکو عیادە و دکتۆر و ... ئەو جۆرە شتانە هەرنین، هەروەها دەوڵەمەندی بێ سنور و سامانی هەمەجۆر بە دڵی تۆیە و زۆر زیاتر لەوەش کە داوای دەکەیت پێشکەشت دەکرێت و بۆت ئامادەیە.

لەوێ زانستی و زانیاریش دەربارەی هەرشتێك کە حەزی پێ دەکەیت و دەتەوێت لە وردەکاریەکانی شارەزابیت ئاسانە و لە ڕێگای دەزگای زۆر پێشکەوتووتر لە کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرنێت نیشانت دەدرێت و بە سەرسامیەوە بەردەوام دەڵێیت (سبحان الله، تبارك الله، ماشاء الله ...)

لە هەمووی خۆشتر لەو مەنزڵە هەمیشەییەدا کێشە و گرفت و شەڕ و ئاژاوە و ڕەوو دەربەدەری و زوڵم و ستەم نیە و هەستی پێ ناکەیت، مەگەر خۆت حەزبکەیت پێداچونەوەیەك بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بکەیت و لەسەر شاشە تایبەتەکان بە وردی لە باوکە ئادەمەوە بۆ خۆشی و کات بەسەربردن سەرنجی برگە گرنگەکانی ژیانی پێغەمبەران و پیاوچاکان و یارانی ئەشکەوت و ژیاننامەی پێغەمبەری ئازیزمان و ئەو هەموو ڕەنجەی کە کێشای لەپێناوی بەختەوەریماندا تەماشا بکەیت، ڕەنگە بیر لەوەش بکەیتەوە و کاتێکیان لێ وەربگریت و بچیتە سەردانیان و لەوێ ساتێکی پڕ لە خۆشی و شادی و کامەرانی ببەیتەسەر.

ياخود دورنيە حەز بە چۆنيەتی دروست بوونی فيرعەونەكان و ستەميان و پاشا زۆردارەكان و جارجارەش ديمەنێك لە حاڵيان لە دۆزەخدا ئەگەر حەز بكەيت نيشانت دەدرێت و گەر بتەوێت گفتوگۆشيان لەگەڵ بكەيت و سەرزەنشتيان بكەيت لەسەر ناپاكی و بێ دينی و ستەميان، ئەوە پەيوەندی كردن پێيانەوە ئاسانە و بۆچون ئاسانە لەو بارەوە لەم سەردەمەدا بەهۆی ديتنی تۆڕەكانی ئينترنێت و كەناڵە ئاسمانيەكانەوە كە خوای گەورە ئادەميزادەكانی لێ شارەزا كردووە، بە چاكی لەهەموو شتێك تێدەگەيت.





## بەهەشت چەندەها پلەيە

﴿و لكل درجات مما عملوا ...﴾

واتە بۆ هەركەس پلەو پايەی تايبەتی خۆی هەيە لە دەرئەنجامی ئەو كارو كردەوانەی كە لە دنيادا ئەنجامی داوە و دەستپێشكەری بۆ كردووە و ئاسەواری دوای خۆی بەجێ هێشتووە ..

ئيمانداران لە بەهەشتدا و هەركەس ئەوەندە لەنێو نازو نيعمەتدايە وادەزانێت كەس بەقەدەر ئەو بەهرەمەند نيە ..

تاوانبارانيش لە دۆزەخدا لە بارودۆخێكی وادان كە مەرگ ئەوپەڕی ئاواتيانە بەڵام دەستيان ناكەوێت، هەرچەندە هۆكارەكانی مردن لە هەموو لايەكەوە دەورەی داون!! هەركەسەش وادەزانێت كەس بەقەدەر ئەو لە ناڕەحەتی و ناخۆشيدا نيە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمويەتی: ئێوە بەهەشتی هەندێكتان دەبينن وەكو چۆن ئەستێرە و هەسارەی گەش دەبينن لە دورەوە .. هاوەڵان وتويانە: ئەی پێغەمبەری خوا ڕەنگە ئەوانە مەنزڵگای پێغەمبەران بێت، فەرمويەتی: نەخێر: بەڵكو ئەوە مەنزڵگای كەسانێكە كە باوەڕی دامەزراويان بە خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی هێناوە، ديارە كە باوەڕەكەشيان ڕەنگی داوەتەوە لە هەموو هەڵسوكەوت و چالاكيەكانی ڕۆژانەياندا.

جا لەم سەردەمەدا بەهۆی تەليسكۆبە زەبەلاحەكانەوە دەردەكەوێت كە هەندێ ئەستێرە و هەسارە هەيە كە بە ئاستەم دەبينرێت، هەندێكی دە ئەوەندە و سەد ئەوەندە و هەزار ئەوەندە و مليۆنێك ئەوەندەی زەوی يە!!

تەنانەت ئەم خۆرەی لەمەڕ خۆمان قەبارەکەی زیاتر لە ملیۆنێك و دوسەد هەزار ئەوەندەی قەبارەی زەوی یە!!

ئیتر تۆ لە شوێنێکی وادا بە ملیۆنەها ساڵ لێی حاڵی نابیت، هەمیشەش لە گۆڕان و تازەبونەوەدایە بەدڵی تۆ گۆڕانکاری و جوانکاری و ڕازاوەیی بەسەردا دێت.





## باخەکانی بەهەشت

خوای گەورە بەهەشت بە باخ و باخچەی ڕازاوە و دارستانی جوان و دڵڕفێن لە قورئانەکەیدا ناوزەد دەفەرموێت - هەمیشەش ئاماژە بەوە دەکات کە جۆگە و ڕوبار و حەوز و فوارە و تاڤگەی جوان و ڕازاوەی تێدایە ..

بەڵکو جارێکیان ئاماژە بەوە دەکات کە کۆشك و تەلار و باخەکان دەریایەك لە ئاو بەژێریاندا دەڕوات و ڕەوان و جاری یە -

بەڵکو باس لەوە دەفەرموێت کە لە بەهەشتدا، یاخود لە بەهەشتی هەرکەسێکدا چوار جۆر ڕوباری تایبەت هەیە، کە خوای گەورە بەڵێنی داوە کە بیبەخشێت بە تەقوادار و دیندار و پارێزگاران .. یەکەمیان: ئاوی سازگار و پاك و بێ گەردە دووهەمیان: ڕووباری شیری نایابە کە تامی تێك ناچێت وەکو شیرەکانی دنیا نیە. سێهەمیان: ڕوباری شەرابی خۆش مەزە و بەتامە وەکو ئەمەی دنیا نیە کە بۆگەن بێت و بیر و هۆش لەدەست بدرێت و بخۆری بکەوێتە وڕێنە و قسەی هەلەق و مەلەق، بەڵکو دڵ و دەرون شادمان و کەیف خۆش و ئاسودە دەکات ...

چوارهەمیان: ڕوباری هەنگوینی پاڵفتەیە، ئەمانە هەمووی لەگەڵ میوەهاتی هەمەجۆر لە تام و بۆن و ڕەنگ و قەبارە و شێوازدا کە هیچیان کرمۆڵ و تفت و نەگەییوو بێ تام نین ..

## بەهەشت بۆ کێ ئامادەکراوە:

خوای گەورە بەزۆری ئاماژە بە دوو هۆکار دەکات کە تێهەڵکێشی یەکترن بۆ بەدەست هێنانی بەهەشت ..

یەکەمیان: ئیمان و باوەڕی دامەزراو + ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان

دوهەمیان: تەقواو دینداری و خواناسی

جا بۆ ئەو مەبەستە دەچینە خزمەت قورئان و ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە ئاماژە بەو دوو هۆکارە دەکەن:

سەرەتا لە سورەتی (البقرە) دا فەرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ کە ئەم مژدەیە ڕابگەیەنێت بە ئیماندارانی کردەوە چاك کە چەندەها باخ و باخات لە بەهەشتا بۆیان ئامادەیە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە.

﴿وبشر للذين امنوا وعملوا الصالحات ان لهم جنات تجری من تحتها الانهار ...﴾

لە دوای ئایەتی ١٤ی سورەتی آل عمران دا خوای گەورە باسی ئەو ناز و نیعمەتانە دەکات کە لە دنیادا ڕازێنراوەتەوە بۆ خەڵکی، بەشوێنیدا فەرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ کە مژدەی لەوە چاکتر ڕابگەیەنێت بە تەقواداران و دینداران کە ئەو بەختەوەرانە لەلای پەروەردگاریان چەندەها باخی ڕازاوە بۆیان ئامادەیە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکان و بە بەردەم کۆشك و تەلار و ڤێلاکانیاندا ڕەوان و جاری یە، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرانی پاك و بێگەردا، لە هەموو ئەوانەش خۆشتر ئەو هەست و شعورەیە کە ئیماندار





هەیەتی بەوەی کە خوای گەورە و بەدیهێنەری لە خۆی ڕازی کردووە و سەرکەوتوی کردووە بۆ بەدەست هێنانی ئەو بەهەشتە ڕازاوەیە ...

لە ئایەتی ١٣٣ی آل عمران دا خوای گەورە داوامان لێ دەکات کە بەپەلە و تاڵوکە بین و بە جدی هەوڵ بدەین، تا دەتوانین کەمتەرخەمی نەکەین بۆ بەدەست هێنانی لێخۆشبونی پەروەردگار و ئەو بەهەشتەی کە پانتاییەکی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و ئامادەکراوە بۆ تەقواداران و دینداران ... بەتایبەت ئەوانەی کە ئەم چەند سیفەتەیان تێدایە:

١- ماڵ و سامانیان دەبەخشن لەپێناوی برەودان بە کاروانی دینداری و خواناسی، بە خزمان و خەڵکانی هەژار و کەمدەست ... لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە گرانی و هەرزانیدا، لە هەموو بارودۆخێکدا.

٢- ڕقی خۆیان دەخۆنەوە و بە ئارام و خۆگرن لە بەرانبەر نەفامان و کاڵفامان و ناحەزانەوە ..

٣- چاوپۆشی لە خەڵکی دەکەن و لە هەڵەکانیان دەبورن بەتایبەت کاتێ کە بەرانبەر دانی نا بە هەڵەکەیدا.

سەیر لەوەدایە کە خوای گەورە و میهرەبان تاوانباران و تاوانکارانیش نائومێد ناکات، کاتێك تەوبەی ڕاستەقینە دەکەن، کاتێ ئەسرینی پەشیمانی دەڕێژن، کاتێ بەخۆیاندا دێنەوە و دەترسن لە سزا و تۆڵەی خوایی، وە دڵنیان کە کەس نیە جگە لە خوا چاو پۆشی بکات لە هەڵە و گوناهو تاوانەکانیان، پاشان کۆڵدەدەن و هەوڵدەدەن کە نەگەڕێنەوە بۆ سەر گوناهەکانیان و دوردەکونەوە لە هاوەڵی خراپ، یان هەوڵی هیدایەتی ئەوانیش دەدەن .. خوای گەورە دەفەرموێت پاداشی ئەوانە لای

پەروەردگاریان لێخۆشبون و چاوپۆشی کردنە هاوڕێ لەگەڵ باخ و باخاتی بەهەشتی ڕازاوەدا کە ڕوبار بەبەردەم کۆشکەکان و بەژێر درەختەکانیدا ڕەوان و جاری یە، بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە، بەڕاستی پاداشتی تێکۆشەران زۆر بەنرخ و چاك و بەفەڕە، کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە تەوبەکاران تەنها بۆ خۆیان ناژین و لە هەوڵی قەرەبوکردنەوەی ڕابوردوی خۆیاندان بە خەمخۆری بۆ ئاین و هیدایەتی خەڵکانی سەرگەردان.

هەر لە ئایەتی ١٨٥ی سورتی آل عمران دا خوای گەورە بیرمان دەخاتەوە کە هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت، هەموو ئادەمیزادێك دەبێت شەرابی مەرگ بنۆشێت، بەڵام مردن کۆتا مەنزڵ و کۆتا قۆناغ نیە بەڵکو خوای گەورە قیامەتێك پێش دەهێنێت و تەرازو و میزانی عەدالەتی خۆی بەرپا دەکات بۆ هەموو نیەت و کار و کردەوە و گوفتارمان .. جا ئەوەی پلەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دوای لێپرسینەوە و ڕەنج و زەحمەت لە ئاگری دۆزەخ قوتاربوو، وە خرایە بەهەشتەوە، ئیتر ئەو کەسە سەربەرز و سەرفەراز و سەرکەوتووە .. بیریشتان نەچێت کە ژیانی دنیا ڕابواردنێکی کەمە و ئادەمیزاد، وریا نەبێت پێی غەرا دەبێت و لە سنور دەردەچێت.

لە کۆتایی سورەتەکەدا ئەو پەروەردگارە ئازیزە ئەو بەدیهێنەرە میهرەبانە فێری چەند نزایەکمان دەکات تا لە دۆزەخ ڕزگاربین و بەهەشت دەستەبەر بکەین، بۆیە ئاماژە بە بەندە هۆشمەندەکانی خۆی دەکات لە ئایەتەکانی ١٩٠-١٩٥ و دەفەرموێت: لە ڕاستیدا لە دروستکردن و پێکهاتەی





ئاسمانەکان و زەویدا، لە جیاوازی شەو و ڕۆژدا (لە ٢٤ کاژێر و لە وەرزەکاندا) بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند ..

کاتێ ئەو هۆشمەنانە بیردەکەنەوە لەو دروستکراوە زەبەلاح و گەورە و مەزنانە، کاتێ بیردەکەنەوە لەو زاتە بەدی هێنەرە جوانکار و وردکارە، ئیتر بەردەوام یادی خوای گەورە دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوە وەستاون یان دەڕۆ بەڕێدا، یاخود دانیشتون لە مزگەوت و ماڵدا یان لەنێو هۆکارەکانی گواستنەوەدا، یاخود ڕاکشاون بەهۆی نەخۆشینەوە یاخود بۆ خەوتن و حەوانەوە دوبارە هەر بیردەکەنەوە لە مەخلوقات و بەدیهێنراوەکان لە ئاسمانەکان و زەویدا، وە لە خودی ئاسمانەکان و زەوی [بەتایبەت لەم سەردەمەدا کاتێ کە ئادەمیزاد هەندێ زانست و زانیاری بەدەست هێناوە و بۆی دەرکەوتووە کە ملیۆنەها گەلەئەستێرە هەیە، هەر گەلەئەستێرەیەکیش ملیارەها ئەستێرە و هەسارەن، هەندێ لەو ئەستێرە و هەسارانە ملیۆنەها ئەوەندەی خۆرن، خۆریش ملیۆنێك و دوسەد هەزار ئەوەندەی زەوی یە!!

کاتێ مرۆڤی ئیماندار ئاوا بیردەکاتەوە، لە ناخەوە ئەم دۆعا و نزایە دەکات کە خوای گەورە خۆی فێری کردوین وە بە کوڵ و بە دڵ حەق وایە بڵێین: ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ واتە پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بە هەوانتە، بێ مەبەست، بێ ئامانج، بەدی نەهێناوە، دەی توخوا خوایەگیان لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە ..

﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدۡخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدۡ أَخۡزَيۡتَهُۥۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ﴾ پەروەردگارا تۆ هەرکەس بخەیتە نێو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوە جگە لە سزای سوتاندنەکەی ، سەرشۆڕی و خەجاڵەتی و ڕیسواییت بەسەردا هێناوە، دیارە ئەو کەسە لە دنیادا ستەمکار و تاوانبار بووە، بێگومان زاڵم و ستەم کارانیش هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نیە.

﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ﴾

پەروەردگارا ئێمە گوێ بیستی بانگخوازێك بوین کە بانگی کردین بۆ ئیمان، بۆ دینداری، بۆ خواناسی، پێی وتین: تا فرسەتە ئیمان و باوەڕی دامەزراو بێنن بە پەروەردگارتان، ئێمەش خێرا بێ دودڵی، بێ دواکەوتن یەکسەر ئیمان و باوەڕمان بەو زاتە هێنا. پەروەردگارا داواکارین کە لە گوناهو هەوڵەکانمان خۆش ببیت، وە چاوپۆشی بفەرمویت لە تاوانەکانمان، کاتێکیش کە مردین، داواکارین بمانخەیتە ڕیزی چاکان و ڕێزدارانەوە.

﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخۡزِنَا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ إِنَّكَ لَا تُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ﴾ پەروەردگارا داواکارین ئەو بەڵێنانەی کە فەرموتە و پێت ڕاگەیاندوین لەسەر زاری پێغەمبەرانتدا پێمان ببەخشیت، وە داواکارین لە ڕۆژی قیامەتدا شەرمەزار و سەرگەردان و ڕیسوامان نەکەیت، چونکە بەڕاستی تۆ زاتێکی کە نکوڵی لە بەڵێنەکانت ناکەیت و دەیانبەیتەسەر ..





دوای ئەم نزا پیرۆزانەی کە زاتی پەروەردگار خۆی لە توێی قورئانەکەیدا فێرمان دەکات کە جارجارە بە دڵ و بە کوڵ حەق وایە بیانڵێین .. ئینجا دەفەرموێت:

﴿فَٱسۡتَجَابَ لَهُمۡ رَبُّهُمۡ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰۖ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۖ فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ثَوَابٗا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلثَّوَابِ﴾.

واتە: پەروەردگاریان بە هانایانەوە چوو، نزاکانی گیراکردن و ئەوەی دوپات فەرمووە کە: من کار و کردەوەی هیچ کەسێکی تێکۆشەر لە ئێوە بە زایە نادەم چ لە دەستەی لاوان و پیاوان، چ لە دەستەی کچان و ئافرەتان، چونکە ئێوە هاوکاری یەکبون و تەواوکاری یەکتربوون .. جا ئەوانەی لەپێناوی ئاینەکەیاندا، بۆ ڕزگارکردنی خۆیان، یان بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان کۆچیان کرد .. یان دەربەدەر کران لە شوێن و وڵاتی خۆیان، یاخود گیران و ئازاردران لەپێناوی مندا، پاشان ناچاری جەنگ و بەرگری لەخۆکران، شەهیدکران، لە ڕاستیدا من بڕیارم داوە کە چاوپۆشی لە گوناهو هەڵەکانیان بکەم، هەروەها بیانخەمە ئەو بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاریە بێگومان ئەوەش پاداشتێکە لەلایەن خوای گەورە، وە ئەو خوا گەورەیە چاکترین پاداشتی بۆ ئەو بەختەوەرانە ئامادەکردووە.

پاشان لەوانەیە ئیماندار لە ناخیدا ئەم پرسیارە دروست ببێت: باشە تاکەی کافران لەگەڵ ئەوەدا کە ستەمکار و بەدڕەوشت و حەرام خۆر و تاوانکار و تاوانبارن کەچی ملهوڕانە بەردەوامن لەسەر دەستەڵاتداری و فەرمانڕەوایی، ئیماندارانیش چەوسێنراوە و لاوازکراون!!

خوای گەورە ئەو خەتەرە و خەیاڵە سارێژ دەکات و دەفەرموێت:

﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَٰعٞ قَلِيلٞ ثُمَّ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۚ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ﴾

واتە: وریابە، دەستەڵات و توانا و ئەو ناز و نیعمەتانەی کە کافران لێی بەهرەمەندن لە ولاتاندا لەخشتەت نەبات ..وانەزانی کە خوای گەورە تاسەر مۆڵەتیان دەدات، ئەو شتانەی کە هەیانە و پێمان بەخشیون شتێکی زۆر کەمە و تەمەن کۆتایە، پاشان شوێنی حەسانەوەیان، مەنزڵی هەمیشەییان ژیانە لەنێو ئاگری دۆزەخ و ئازار و ئەشکەنجەی هەمەجۆردا، کە شوێنێکی زۆر ناساز و ناخۆش و ناسۆرە ..

﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا نُزُلٗا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ﴾

بەڵام ئەوانەی خۆیان لە خەشم و قینی پەروەردگاریان قاراست، خواپەرست و دینداربوون، چەندەها بەهەشت و باخ و باخاتی ڕازاوە بۆیان ئامادەیە کە ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا .. ئەو نازو نیعمەتانەش بەتایبەت لەلایەن خوای گەورەوە ئامادەکراوە و پێشکەشیان دەکرێت،





بێگومان ئەو بەشەی لای خوای گەورەیە زۆر چاکتر و بەنرختر و بەفەڕترە بۆ چاکان و پاکان .. ئەوان پێشتر خوای گەورە فێری کردبوون کە بڵێن: ﴿وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ﴾ ئێستەش خوای گەورە بەهەشتیان پێ دەبەخشێت ﴿..وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ﴾!!

# سورەتی النساء

دوای ئەوەی خوای گەورە بەشەکانی میرات لە ئایەتە پێشوەکاندا ڕون دەکاتەوە لە ئایەتی ١٣ دا دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾

واتە: ئەوەی کە باسکرا سنورەکانی خوای گەورەیە لە دابەش کردنی میراتدا جا هەرکەس فەرمانبەرداری خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بێت ئەوە دەیخاتە نێو، باخەکانی بەهەشتی ڕازاوەوە کە ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشك و تەلارەکانیدا ڕەوان و جاری یە، وە لەوێ بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە، بێگومان ئەوەش دەستکەوتێکی زۆر بەنرخە ..

شایانی باسە لە بەرانبەرەوە لە ئایەتی ١٤ دا هەڕەشە دەکات لەوانەی کە لە یاسا و بەرنامەکانی خوای گەورە یاخین و بەدڵیان نیە و ڕەخنەی لێ دەگرن و وادەزانن لە بەرژەوەندی تایبەتی ئەواندا نیە، هەروەها گوێ بیستی ڕێنمونی پێغەمبەرەکەی ﷺ نابن، وە سنور شکێنی دەکەن و هەوڵی دانانی یاسای دژ بە بەرنامە و سنورەکانی دەدەن و سنور شکێنی دەکەن،





ئەوە ئەو جۆرە کەسانەش دەخاتە نێو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوانیش بۆ هەمیشە بە زیندویی تێیدا دەمێننەوە هاوڕێ لەگەڵ سزای ڕیسواکەر و سوکایەتی پێکردنەوە.

لە ئایەتی ٥٦ ی ئەم سورەتەدا باسی سزای کافر و بێ دینەکان دەکات و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَـٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ واتە: ئەوانەی کە ڕێبازی کوفر و بێ دینیان گرتۆتەبەر با دڵنیابن هەروا بەسەریانەوە ناچێت، بەڵکو لە ئایندەدا دەیانگەیەنینە نێو ئاگرێکەوە کە تێیدا دەبرژێن، هەرکاتێك پێستیان گەنی و هەڵقرچا و داماڵرا پێستی تر دەکەین بە بەریاندا تا چاك ئێش و ئازاریان پێ بگات، بێگومان خوای گەورە هەمیشە و بەردەوام باڵادەستە و هەڕەشەکانی ئەنجام دەدات، هەروەها حەکیم و دانایە لە باسکردنی ئەو سزایانەدا لە قورئانەکەیدا تا خەڵکی سبەی ڕۆژ قسەیان نەمێنێت ..

شایانی باسە پسپۆڕێکی پێست ی کۆری بەهۆی ئەم ئایەتەوە ئیمانی هێنا، چونکە دەیزانی کە کۆتایی ڕەگە هەستیارەکان لەژێر پێستدایە، وە وتبوی خۆ محمد ﷺ پسپۆڕ نەبووە لە پێکهاتەی پێستی ئادەمیزادا، دیارە خوای (محمد) ﷺ ئەوەی بۆ باس فەمووە!!

بە شوێن ئەم ئایەتەدا لە ئایەتی ٥٧ دا ئەم مژدەیە ڕادەگەیەنێت: بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە ئەوانە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەخەینە نێو باخەکانی بەهەشتی ڕازاوەوە کە

ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بەبەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە، ئەوان لەوێ بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تیایدا ژیانی پڕ لە کامەرانی و بەختەوەری دەبەنەسەر لەگەڵ هاوسەرانی پاکیزەدا لەهەموو ڕویەکەوە، هەروەها دەیانخەینە ژێر سایەی سێبەری بەردەوام و فێنکەوە کە ساتە چریەك بێزاری و بێتاقەتی ڕویان تێ ئەکات ..

لە ئایەتی ٦٩ دا مژدە دەدات بەوانەی کە فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرن و دەفەرموێت ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا . ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمًا﴾

ئەو بەختەوەرانە لە بەهەشتدا لەگەڵ ئەوانەدا ژیانی پڕ لە بەختەوەری دەبەنەسەر کە خوای گەورە بەهرەمەندی کردوون لە نازو نیعمەتی تایبەتی خۆی لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و چاکان، بێگومان هاوەڵی ئەو جۆرە کەسانە و پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێزدارانەدا دەستکەوتێکی زۆر بەنرخە و فەزڵ و زیادەڕێزێکە لەلایەن خوای گەورەوە، وە هەر خۆیشی بەسە کە تەواو زانایە بە بەندەکانی و دەزانێت کە کێ شایستەی ئەو پلە و مەقامەیە ..

شایانی باسە هەرکاتێك - گەر شایستەبیت - یادی یەکێ لە پێغەمبەران یان ڕاستگۆیان یان شەهیدان یان چاکان بکەیت و ئارەزوی دیداری بکەیت بە هۆکاری بوراق ئاسا لە چرکەساتێکدا دەگەیتە ئەوێ و پێشوازی شایستەت لێ دەکرێت و چەندە حەز بکەیت کاتێکی پڕ لە شادی و عەیش نۆش





دەبەیتەسەر لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان، پاشان دەکرێت لە سایتە تایبەتەکانەوە هەڵوێستی مەردانە و دیندارانەی ئەو بەڕێزانە لەوێ، یان لە کۆشك و تەلاری بەهەشتەکەی خۆتەوە تەماشا بکەیت و جارجارەش ناحەزانی بێ دین ئەوانەی دژایەتی پەیامی پێغەمبەران و چاکخوازان دەکەن، ببینی، کات زۆرە و تەواو نابێت و مێژوی ژیانی مرۆڤەکانیش دورودرێژە!!

لە ئایەتی ١٢٢ ی سورەتی (النساء) دا دەفەرموێت:

جا ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەیانخەینە نێو باخەکانی بەهەشتەوە کە ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بەبەردەم کۆشك و تەلارەکانیدا ڕەوان و جاری یە و بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە، ئەوەش بەڵێنی ڕاست و دروستی خوای گەورەیە و هەر دێتەدی، جا کێ هەیە بەقەدەر خوای گەورە بەڵێن و وادەی ڕاست و دروست بێت.

بێگومان پێشتر باسی پیلانەکانی شەیتانی فەرموبو بۆ لەخشتەبردن و سەرگەردان کردنی ئادەمیزاد و وێڵ کردنیان، هەروەها هەڕەشەی لەوانەش کردووە کە شەیتان دەکەنە دۆستی خۆیان لەجیاتی خوای گەورە کە زەرەرمەندی و خەسارەتمەندیەکی ئاشکرا یەخەیان دەگرێت و سەرئەنجام سەریان لە دۆزەخەوە دەردەچێت و هەرگیز لێی دەربازنابن.

لە ئایەتی ١٢٣ دا باسی ئەوە دەفەرموێت کە دەرئەنجامی هیچ کارێك بە ئاوات خواستن و بەتەمابون بەدەست نایەت، چ ئەو ئەو کەسانە لە ئیماندارانی ئوممەتی محمد ﷺ بن، یان لە خاوەنانی کتێب کە هەندێکیان

خۆیان بە هەڵبژاردەی خوا و نازدارانی ئەو زاتە دەزانن بەڵكو ڕونی دەكاتەوە كە: هەركەس كارو كردەوەی خراپ بكات ئەوە كارو كردەوە خراپەكەی یەخەی دەگرێتەوە و كەسیش ناتوانێت لە سزای خوایی ڕزگاری بكات.

پاشان لە ئایەتی ١٢٤ دا مژدە دەداتەوە بەو كەسانەی كە كارو كردەوە چاكەكان ئەنجام دەدەن لە پیاوان یان لە ئافرەتان لە كاتێكدا. ئەوان ئیماندارن، ئائەوانە دەچنە بەهەشتەوە و بەقەدەر تاڵی ناوكی خورما (كە شتێكی زۆر بێ نرخە) ستەمیان لێ ناكرێت.





# سورەتی (المائدة)

لەم سورەتە پیرۆزەدا خوای گەورە هانی خاوەنانی كتێب دەدات بۆ باوەڕهێنان بە كۆتا پێغەمبەر و كۆتا كتێب و ئەنجامدانی كارو كردەوەی چاك تا بەهەشتیان پێ ببەخشێت و لە هەموو بەڵاو بەسەرهاتەكانی قیامەت بەدوربن و هیچ ترس و بیم و خەم و پەرژارەیەك ڕویان تێ نەكات.

لە ئایەتی ١١٩ دا دیمەنێكی قیامەت دەخاتە بەردیدی بشریت لە هەموو زەمان و شوێنێكدا و دەفەرموێت:

ئەمڕۆ ئیتر ئەو ڕۆژەیە كە ڕاستگۆیان سودمەند دەبن لە ڕاستی و پاكیان بەهەشتی ڕازاوەیان بۆ ئامادەكراوە كە ڕوبار بەژێر درەختەكانیدا و بەبەردەم كۆشكەكانیدا ڕەوان و جاری یە، وە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی ژیانی پڕ لە شادی و كامەرانی تێدا دەبەنەسەر، خۆشتر و بەنرختر ئەوەیە كە خوای گەورە لەوان ڕازی و خۆشنودە و ئەوانیش لەو زاتە ڕازین و نازانن بە چ زاراوەیەك، بە چ زمانێك و چۆن تەعبیر لە ناخی خۆیان بكەن، مەگەر خوای گەورە خۆی ئیلهامیان بكات تا پڕ بەدڵ حمدو شوكرو سوپاسی بكەن، جا بەڕاستی ئەوە سەركەوتن و سەرفەرازی و دەستكەوتێكی زۆر بەنرخ و مەزنە.

# سورة (الانعام)

لە ئایەتی ٣٢ دا باسی بێ نرخی دنیا دەفەرموێت کاتێك کە ئادەمیزاد تەنها بۆ ئەو دەژی و لەپێناوی ئەودا، ئاسۆی فراوانی قیامەت و بەهەشت فەرامۆش دەکات، کاتێ کە خەریکی گەمە و یاری یە، سەیر لەوەدایە کە سیاسەتمەداران بواری سیاسیشیان بە گەمەی سیاسی ناوزەد کردووە ..!!

وە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە مەنزڵگای قیامەت و بەهەشتی بەرین چاکترە -هەر بەراورد ناکرێت - بۆ کەسانی تەقوادار و دیندار، پاشان ڕو بە ئادەمیزادە غافڵەکان دەفەرموێت: باشە ئێوە عەقڵ و ژیری خۆتان ناخەنەکار؟! ئاخر چەندەتان هەبێت، یان بەجێێ دێڵن، یان بەهۆی کارەساتێکەوە لەدەستان دەچێت، یاخود خەڵکانی تر لەدەستان دەری دەهێنن!!

لە ئایەتی ٥٨ دا خوای گەورە ڕو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت: هەرکات - کاتێ کە لە ژیاندایت، یان دوای وەفاتت - ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە بە ئایەتەکانی ئێمە هاتن بۆلات، تۆ بڵێ: سلام علیکم وە ئەم مژدەیەشیان بدەرێ: کە پەروەردگاری ئێوە لەسەر خۆی فەرز کردووە کە بە ڕەحم و میهرەبان و دلۆڤان بێت، هەرکەسیش لە ئێوە بە نەفامی گوناهێك، یان هەڵەیەکی کرد، پاشان تەوبەی کردو چاکسازی لە خۆیدا بەدی





هێنا، ئەوە با دڵنیابێت کە خوای گەورە بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانەوە، تەواو لێخۆشبوو میهرەبان و دلۆڤانە.

کەواتە دەکرێت کەسێك دەچێتە زیارەتی پێغەمبەر ﷺ سلاوی لێ بکات و وەڵامی سلاوی بداتەوە و دڵخۆش بکا بەو مژدە قورئانیانە.

لە ئایەتی ١٢٦، ١٢٧ دا دەفەرموێت:

﴿وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٢٦ ۞ لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾

واتە: ئەم بەرنامە و شەریعەتەکەی کە لەبەردەستایە، ڕێگە و ڕێباز و پرۆگرامی پەروەردگاری تۆیە، کە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە، بێگومان ئێمە هەمو بەڵگەیەکمان ڕون کردۆتەوە بۆ کەسانێك کە یاداوەری وەربگرن .. بۆ ئەو ڕێزدارانە (دارالسلام) هەیە. کە یەکێکە لە ناوەکانی بەهەشت، وە ئەوانە لە نزیکانی پەروەردگارن و ڕێزی تایبەتیان لای ئەو زاتە هەیە، هەر ئەویش و لەو ڕۆژەدا پشت و پەنایانە لە پاداشتی ئەو کارو کردەوە چاکانەی کە جاران ئەنجامیان دەدا.

# سورەتی الاعراف

**ئایەتەکانی ٤٢، ٤٣**

واتە: ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاك و جوانەکانیان ئەنجامداوە .. بەمەرجێ ئێمە داواکاری لە توانا بەدەر لە کەس ناکەین .. ئائەو جۆرەکەسانە خاوەنی بەهەشتن و، بەهەشتمان بۆ ئەوانە ئامادەکردووە کە بۆ هەمیشە تیایدا ژیانی نەبڕاوە دەبەنەسەر.

جا هەرچی گرێ و گۆڵ و ژەنگ و ناڕەحەتیەك کە لە دنیادا لە دڵ و دەرونیاندا دروست بوبێت ئەوە پێش چونە بەهەشت هەمووی ڕیشەکێش و ڕیشەکەن دەکەین، ئیتر لەوێ بەدڵی پاك و سینەی سافەوە ژیان دەبەنەسەر، ڕوبار بەبەردەم کۆشکەکانیاندا و بەژێر درەختەکان و بە بەرچاویانەوە ڕەوان و جاری یە، جا لەوێ هەست بە لوتف و سۆز و میهری خوایی بەتەواوی دەکەن، بۆیە لە ناخەوە دەڵێن: الحمد لله، سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی داین بۆ ئەم ڕێگە ڕاستە، بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەم بەهەشتە، خۆ ئەگەر ئەو خوایە، هیدایەتی نەدابنایە، ئێمە ڕێبازی هیدایەتمان نەدەزانی و نەماندەگرتەبەر، بەڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان پەیامی حەق و حەقیقەتیان هێنابوو .. جا ئالەو کاتەدا کە بەختەوەران ئاوا سوپاسی پەروەردگاری ئازیزیان دەکەن،





پێیان ڕادەگەیەنرێت کە ئەو بەهەشتەی ئێوە بەدەستتان هێناوە لە پاداشتی کارو کردەوەی خۆتاندایە ..!!

بەڕاستی ئێمەی ئیماندار نازانین بە چ زمانێك وە چۆن شوکر و سوپاسی ئەو زاتە، ئەو پەروەردگارە مەزنە بکەین، کە دروستکار و هیدایەتدەرمانە، کە بەخشین و ناز و نیعمەتەکانی لە ژمارە نایەن کەچی بەهەشتمان پێ دەبەخشێت و بێ منەتیشی دەکات .. هەروەکو پێمان بفەرمویێت: خۆ من خەڵکێکی زۆرم دروستکرد بەڵام کەمیان وەك ئێوە بیریان کردەوە و ڕێبازیان بۆلای من گرتەبەر. بۆیە ئێوە شایستەن، ئێوە بەڕێزن، ئێوە ژیرن!!

ئێمەش لەوێ لە سایەی میهری ئەو زاتەدا ان شاء الله بەردەوام دەڵێین الحمد لله رب العالمین، الحمد لله رب العالمین.

دوابەدوای ئایەتی ٤٣ یەکسەر لە ئایەتی ٤٤ دا لەسەر شاشە تایبەتەکان بەهەشتیان یادی دۆزەخیان دەکەنەوە، ئەوانەی کە لە دنیادا گاڵتەیان بە بەهەشت و دۆزەخ دەهات، بە چاوی دودڵی و گومانەوە دەیانڕوانی بۆ ئیمانداران، بە کۆنەپەرست و دواکەوتویان دەزانین، بۆیە پەیوەندی لە نێوانیاندا بەرپا دەکرێت و بەهەشتیان ڕو بە دۆزەخیان دەڵێن:

ئەوە ئێمە ئێوە ئاگادار دەکەین کە بەڵێن و وادەی پەروەردگارمان بۆمان هاتەدی و زۆر زیاتر لەوەی پێ بەخشیوین کە بەتەمای بوین .. ئێستا حاڵی حازر لەوپەڕی خۆشی و شادی و ناز و نیعمەتتاین!! باشە، ئەی بەنیسبەت ئێوەی بێ دین و تاوانکارو تاوانبارەوە، ئایا هەڕەشەکانی خوای گەورە - کە گاڵتەتان پێی دەهات و حسابتان بۆ نەدەکرد - هاتەدی؟!

ئەوسا بە کەساسی و ئاهو حەسرەتەوە، بە پەشیمانیەکی بێ وێنەوە دەڵێن: بەڵێ، حاڵی حازر گیرمان خواردووە و نازانین چی بکەین و چۆن دەرباز ببین .. ئالەو کاتی قسە و گفتوگۆیەدا بانگکەرێك بانگ دەکات لەنێوانیاندا و بە دەنگی بەرزدەڵێت: دەی کەواتە با نەفرەتی خوای گەورە هەر لە ستەمکاران بێت!! پاشان قورئان لە ئایەتی ٤٥ دا ڕوداوەکە پەیوەست دەکاتەوە بە دنیاوە و هەندێ لە سیفاتی ئەو ستەمکارانە دەخاتەڕوو کە بریتی یە لەوەی کە ئەوانە لە دنیادا بەردەوام کۆسپ و لەمپەر و کێشەیان دروست دەکرد لەبەردەم ئاین و خوادا، نەخشەیان دەکێشا دژی بڵاوبونەوەی، گەنجانیان سەرگەرم دەکرد بە شتی لاوەکیەوە و هانیان دەدان بۆ فەساد و تاوان و ئارەزووی جنسیان دەوروژندن و ئالودەی جۆرەها گوناهیان دەکردن..

هەندێ جاریش ئاینیان دەویست، بەڵام بەشێوازێك کە لە خزمەتی خواست و ویستەکانی ئەواندا بێت یاخود دەیانویست، بەڵام ئاینێکی بێ ڕۆح و ناوەرۆك بە دوور لە سیاسەتی شەرعی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو خێر و چاکە و دینداری و خواناسی، جا ئەوانە بۆیە ئاوا دژ بە دین بوون چونکە باوەڕیان بە قیامەت و لێپرسینەوە و بەهەشت و دۆزەخ نەبوو.

ئینجا لە ئایەتی ٤٦ دا قورئان دەمانباتەوە بۆ قیامەت و دیمەنەکان تێهەڵکێش دەکات و دەفەرموێت: جا لەنێوان بەهەشتیان و دۆزەخیاندا بەربەست هەیە، لە شوێنێکی بەرزی تایبەتیشدا هەندێ ئیماندار وەستێنراون کە سەیری ئەو دوو دەستەیە دەکەن، هەر بە ڕوخساریاندا دەزانن کە ئەوانە بەهەشتین و، ئەوانەش دۆزەخین .. ئەو ڕوخسار جوان و ڕوخۆش و گەشانە بەهەشتین، ئەو ڕەش و دێز و ڕوخسار ترش و تاڵانەش دۆزەخین سەرەتا روبە بەهەشتیان دەڵێن: سڵاوی خواتان لێبێت - سلام





علیکم - جا ئەوانە هێشتا نەچونەتە بەهەشتەوە بەڵام ئومێد و هیوایان زۆرە بە سۆز و میهری خوایی.

کاتێکیش لایان پێ دەکرێتەوە بەلای دۆزەخیاندا خوای گەورە ئیلهامیان دەکات بۆ ئەم نزایە و بەیەك دەنگ دەڵێن: پەروەردگارا داواکارین کە نەمانخەیتە ڕیزی ستەمکارانەوە .. هەروەکو لە ئایەتی ٤٧ دا ئاماژەی بۆ دەفەرموێت. پاشان لە ئایەتی ٤٨ دا دەفەرموێت:

هەندێ لەو خەڵکەی کە لەسەر بەرزاییەکانی (اعراف) وەستاون دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی کە لە دنیادا دەیانناسین و ئێستا لە دۆزەخدا بەگیرهاتون پێیان دەڵێن: ئەهای ئێستا ئیتر دڵنیابوون کە ئەو هەموو سامانەی کاتی خۆی کۆتان دەکردەوە بە جۆرەها شێوازی لارو وێر و بە جۆرەها فرت و فێڵ لە خەڵکیتان دەدزی و لێتان زەوت دەکردن دەبینن هیچ فریاتان نەکەوت و هیچ سودی بۆتان نەبوو، هەروەها فیز و تەکەبور و خۆبەزلزانینتان لەباتی ئەوەی فریاتان بکەوێت بوو بەهۆی زەلیلی و ڕیسوایتان.

پاشان لە ئایەتی ٤٩ دا خوای گەورە دیمەنەکانیان دەخاتەڕو .. تانە لە دۆزەخیان دەدەن و پێیان دەڵێن. ئائەو بەهەشتی و بەختەوەرانە ئەو کەسانەن کە ئێوە گاڵتەتان پێ دەکردن و واتان دەزانی کە ڕەحمەتی خوای گەورە نایانگرێتەوە یاخود ئێوە هەر باوەڕتان بەو زاتە لەق بوو گاڵتەتان بە سۆز و ڕەحمەتی دەهات، ئەوەتە ئێستە بەو بەختەوەرانە دەوترێت: فەرمون: بچنە بەهەشتەوە، ئیتر لەمڕۆ بەدواوە هیچ ترس و بیمێك ڕوتان تێ ناکات و هیچ ساتێك ئێوە خەم و پەژارە دڵ و دەرونتان داناگرێت - چونکە دوژمنان و ناحەزانی ئێوەمان لە دۆزەخ توند کردووە -

لەوەودوا لە ئایەتی ٥٠ دا کاتێ کە دۆزەخیان خەریکن لە تینودا دەخنکێن، لەبرسا دەمرن .. داوا دەکەن لە بەهەشتیان کە بەڵکو هیچ نەبێ هەندێ ئاومان بدەنێ، یان هەرشتێك لەو ڕزق و ڕۆزی یە نایابانەی کە خوای گەورە پێیبەخشیون!! کەچی بەهەشتیان لە وەڵامی ئەو داخوازیەیاندا دەڵێت، بەداخەوە، لەڕاستیدا خوای گەورە هەموو ئەو شتانەی حەرام کردووە لە کافران و لێیان قەدەغەیە ..

ئینجا لە ئایەتی ٥١ دا دیسانەوە ئەو ڕوداوە پەیوەست دەکاتەوە بە کارو کردەوەی ئەو تاوانبارانەوە کە لە دنیادا گاڵتەیان بە دین و ئاین دەکرد، ژیانی دنیا سەرگەردان و غەڕای کردبوون .. جا خوای گەورە دەفەرموێت: ئیتر ئەمڕۆ ئێمە پشتگوێیان دەخەین و فەرامۆشیان دەکەین، هەروەکو ئەوان ئەم ڕۆژەیان فەرامۆش کرد، بە هەمووی ئینکاری و ڕق ئەستوری نکۆڵیان لە حەق، خۆیان دوچاری ئەو سزایە کرد کە دەربازبوون لێی ئەستەمە ..

بێگومان هەموو ئەو دیمەنانە بۆئەوەیە کە ستەمکاران بەخۆیاندا بێنەوە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە پێش بێت و ئەو حیوار و گفتوگۆیانە ببێتە حەقیقەتێکی بینراو و بیسراو و بە هەموو هەستەکان هەستیان پێ بکرێت و پەشیمانی و ئاهو ناڵەش دادیان نەدات..





# سورەتی (التوبة)

**ئایەتی ٢٠-٢٢**

خوای گەورە لەو ئایەتە پیرۆزانەدا هانی ئیمانداران دەدات بۆ کۆچکردن و خەباتکردن لەپێناوی ئاینەکەیدا بە ماڵ و سامان و توانا و زانستیان، بە هەوڵ و کۆششی خۆیان، وە مژدەیان دەداتێ بە پلە و پایە و پاداشتی زۆر گەورە و بەنرخ و مەزن لەلای خۆی، وە ڕایدەگەیەنێت کە هەر ئەوانە سەرکەوتوو سەرفرازن ..

جا پەروەردگاریان مژدەیان دەداتێ بە سۆز و میهری خۆی بە ڕەزامەندی و خۆشنودی تایبەت، هەروەها بەخشینی چەندەها بەهەشت و باخ و باخاتی ڕازاوە کە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تیایدا ژیان دەبەنەسەر .. هەروەها ئەوان لەوێ ژیانیان بەردەوام و نەبڕاوەیە، کات تەواو نابێت بێزاری ڕویان تێ ناکات .. پاشان دەفەرموێت: خەڵکینە دڵنیابن کە خوای گەورە پاداشتی زۆر گەورە و مەزن و پڕ و فەڕی ئامادەکردووە بۆ خەباتگێڕان و خەمخۆری ئاینەکەی

لە ئایەتی ٦٦ و ٦٧ دا دەربارەی دوڕوەکان دەفەرموێت: دوڕوەکان لە پیاوان و ئافرەتان سەربەیەکترن، یەك بیچمی خراپ و نالەبارن، دەرون نەخۆش و داخ لە دڵن، هاوکاری یەکترن لە پیلان داڕشتن و دژایەتی ئاین و پاکی و ڕەوشت بەرزیدا، هەمیشە فەرمان بە خراپە دەکەن و قەدەغەی

چاكه‌ده‌كه‌ن، هه‌روه‌ها ده‌ست نوقاو و بێ خێرن، ئه‌و سامان و توانایانه‌ی هه‌یانه له خێردا به‌كاری ناهێنن، ئه‌وانه خوای گه‌وره‌یان فه‌رامۆش كردووه و خوای گه‌وره‌ش ئه‌وان پشتگوێ و فه‌رامۆش ده‌كات، به‌ڕاستی دوڕوه‌كان كه‌سانی تاوانبار و تاوانكار و له سنور ده‌رچوون.

جا خوای گه‌وره هه‌ڕه‌شه‌ی له دوڕوه‌كان له پیاوان و ئافره‌تان به‌تایبه‌تی وه له سه‌رجه‌م كافر و بێدینه‌كان به‌گشتی كردووه، به‌وه‌ی كه ئاگری دۆزه‌خی بۆ ئاماده‌كردوون كه بۆ هه‌میشه تیایدا ده‌مێننه‌وه، هه‌ر ئه‌و سزایه‌یان به‌سه بۆئه‌وه‌ی كه هه‌رگیز نه‌حه‌سێنه‌وه، هاوڕێ له‌گه‌ڵ نه‌فرینی خواییدا، هه‌روه‌ها سزای به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ مانه‌وه‌ی هه‌میشه‌یی له دۆزه‌خدا به‌ش و خه‌ڵاتیانه!!

له ئایه‌تی ٧١، ٧٢ دا ده‌رباره‌ی ئیمانداران ده‌فه‌رموێت:

ئیمانداران له پیاوان و له ئافره‌تان پشتیوان و هاوكار و یاریده‌ده‌ری یه‌كترن - ئه‌مانه به‌پێچه‌وانه‌ی دوڕوه‌كانه‌وه - فه‌رمان به چاكه ده‌ده‌ن و قه‌ده‌غه‌ی خراپه ده‌كه‌ن، هه‌روه‌ها نوێژه‌كانیان به‌چاكی ئه‌نجام ده‌ده‌ن، زه‌كاتی ماڵ و زانست و تواناكانیشیان له‌پێناوی خوادا و بۆ به‌خته‌وه‌ری كۆمه‌ڵگه‌یان ده‌به‌خشن، هه‌روه‌ها فه‌رمانبه‌رداری خوای گه‌وره و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ئه‌و زاته‌ن ﷺ، ئائه‌وانه خوای گه‌وره ڕه‌حمیان پێ ده‌كات، بێگومان خوای گه‌وره باڵاده‌سته له‌هه‌موو كاتێكدا - ده‌توانێ تۆڵه له خوانه‌ناسان بكاته‌وه و ئیمانداران سه‌ربخات- هه‌روه‌ها ته‌واو دانایه، خۆی ده‌زانێت كه‌ی و چۆن سه‌ركه‌وتنیان پێ ده‌به‌خشێت. جا خوای گه‌وره به‌ڵێنی داوه به ئیمانداران له پیاوان و له ئافره‌تان به‌وه‌ی كه چه‌ندهابه‌هه‌شتیان پێ ده‌به‌خشێت كه جۆگه و ڕوبار به‌ژێر دره‌خته‌كانیدا و به‌به‌رده‌م





كۆشكه‌كانیدا ڕه‌وان و جاری یه و بۆ هه‌میشه و هه‌تاهه‌تایی تێیدا ژیانی پڕ له شادی و عه‌یش و نۆش ده‌به‌نه‌سه‌ر جگه له كۆشك و ته‌لار و ڤیلای ڕازاوه و ڕێكخراو به هه‌موو كه‌ل و په‌ل و شمه‌كی جوان و كه‌س نه‌دیو له به‌هه‌شته‌كانی عه‌دندا، كه ئه‌وه‌نده باخه‌كانی جوانن و سه‌ریان كردووه به‌یه‌كدا دڵێ هه‌زار دڵ عه‌شقی ده‌بێت جا له هه‌موو ئه‌و ناز و نیعمه‌ته مادیانه گه‌وره‌تر و گرنگتر و به‌نرختر به‌ده‌ستهێنانی ڕه‌زامه‌ندی خوای گه‌وره‌یه، دیاره ئه‌و زاته یه‌كه‌یه‌كه‌ی به‌خته‌وه‌ران ئاگادارده‌كات، كه ئه‌وه ئیتر من له ئێوه ڕازیم و هه‌رگیز لێتان زویر نابم، ئێوه ڕێز و قه‌دری خۆتان ده‌سته‌به‌ركرد هه‌رگیز ڤین و خه‌شمی من ئێوه ناگرێته‌وه، جا بێگومان ئه‌وه ده‌ستكه‌وتێكی زۆر مه‌زن و به‌نرخ و به فه‌ڕه.

له ئایه‌تی ٨٨، ٨٩ دا خوای گه‌وره مژده ده‌دات به پێغه‌مبه‌ر و ئه‌و ئیماندارانه‌ی كه له خزمه‌تیدا بوون وه جیهاد و خه‌بات ده‌كه‌ن له‌پێناوی گه‌یاندنی ئاینی خوادا به سامانیان و به‌خۆیان - كه ئومێده هه‌موو ئیماندارانی دڵسۆزی وه‌ك ئه‌وان به درێژایی زه‌مان و پانتایی زه‌مین بگرێته‌وه - جا بۆ ئه‌وانه هه‌موو خێر و چاكه و پاداشتێكی به‌نرخ ئاماده‌یه، وه هه‌ر ئه‌وانیش سه‌رفراز و سه‌ركه‌وتوون ..

پاشان مژده‌ی به‌هه‌شتیان ده‌داتێ و ده‌فه‌رموێت: خوای گه‌وره چه‌نده‌ها به‌هه‌شت و باخ و باخاتی ڕازاوه‌ی بۆ ئاماده‌كردوون كه جۆگه و ڕوبار به‌ژێر دره‌خته‌كانیدا و به‌به‌رده‌م كۆشكه‌كانیدا ڕه‌وان و جاری یه و بۆ هه‌میشه و هه‌تاهه‌تایش تیایدا ده‌مێننه‌وه، كه ئه‌وه ده‌ستكه‌وت و سه‌رفه‌رازی و به‌خته‌وه‌ریه‌كی زۆر به‌نرخ و گه‌وره و مه‌زنه.

لە ئایەتی ١٠٠ دا مژدە دەدات بەوانەی کە لە سەرەتاوە باوەڕیان بە ئاینی خوا هێنا و قوربانی زۆریاندا و ڕەنجی زۆریان کێشا لەپێناویدا لە کۆچبەران و پشتیوانان، هەروەها ئەوانەش کە لەوەو دوا دێن و بە چاکی و جوانی پەیڕەویان لێ دکەن و هەوڵدەدەن وەك ئەوان لە خەمی ئاینی خوادابن .. ئا ئەوانە خوای گەورە لێیان ڕازی یە و ئەوانیش لەو زاتە ڕازین - چۆن ڕازی نابن، بەڵکو نازانن چۆن و بە چ زمانێك تەعبیر لە ناخی خۆیان و سوپاسو پێزانینیان دەربڕن بۆ پەروەردگاری میهرەبان.

جا دەفەرموێت ئائەوانە خوای گەورە چەندەها بەهەشتی بۆ ڕازاندونەتەوە هەندێکی بەسەر ئاوەوەیە، کۆشکەکان لەناو ئاودان و چەندەها نهۆم بڵند بونەتەوە، یاخود کەشتی چەندەها قات بەنێو دەریاکاندا گەشت و گوزار دەکات ژورەکانی ڕازاوەتەوە بە هەموو جۆرە کەل و پەلێکی جوان بۆ حەوانەوەیان لەگەڵ هەرچی خۆراکی تام خۆش و بۆن خۆش و ڕەنگ جوان، جگە لە میوەهاتی هەمەجۆر، ئەو ژیانەش بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی یە و بڕانەوەی نیە، بەڕاستی ئەوەش دەستکەوتێکی گەورە و مەزن و بەنرخی تری بەختەوەرانە ..

لە ئایەتی ١١١ دا خوای گەورە دەربارەی مامەڵەیەك کە لەنێوان زاتی خۆی و تاکەتاکەی ئیمانداراندا مۆرکراوە و بڕیاری لەسەر دراوە دەفەرموێت: بەڕاستی خوای گەورە ڕۆح و گیانی ئیماندارانی کڕیوە و لەبەرانبەردا بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون .. بەبێ ئەوەی لێرەدا هیچ وەسفی بەهەشت بفەرموێت، کەچی کاتێ پشتیوانان لە پەیمانی عەقەبەی دوهەم دا پەیمانیاندا بە پێغەمبەر ﷺ کە ئەو زاتە و پەیامەکەی بپارێزن هەروەکو چۆن خۆیان و کەس و کار و ماڵیان دەپارێزن پرسیاریان کرد: ئەی





فرستادەی خوا: باشە ئێمە لە بەرانبەردا چیمان دەست دەکەوێت: فەرموی: الجنە، بەهەشت ..

ئیتر هەموو دڵخۆش و شادمان بوون و وتیان: بەخوا: مامەڵەکە قازانجی یە، هەرگیز دەست بەرداری نابین و وازی لێ ناهێنین.

لەڕاستیدا ئادەمیزاد خۆی و ماڵ و سامانی تیاچووە، هەروەکو سید قطب ی خوالێخۆشبو نوسیویەتی: چ لەڕێگەی خوادا بەکاریان بێنێت، یان لە ڕێگەی تردا .. چونکە هەموو کەس دەبێت بمرێت ماڵ و سامانیشی یان بەجێی دێڵێت، یاخود خۆی هێشتا لە ژیاندایە بەهۆی زەرەرێکەوە، یان کارەساتێکەوە لەدەستی دەدات .. بەڵام کاتێ خۆی تەرخان دەکات لە ڕێگەی خوادا و بۆ گەیاندنی ئاینی خوا، خۆیشی نرخ پەیدا دەکات و ماڵ و سامانیشی بەرەکەتی تێ دەکەوێت و بەهەشت و ژیانی نەبڕاوەی پڕ لە شادی و کامەرانی دەستەبەر دەکات بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی لە سایەی سۆز و میهری خواییدا.

# سورەتی یونس

لە ئایەتی ٧، ٨ دا هەڕەشە لەوانە دەکات کە بەتەمای ئامادەبون نین لە بەردەم دادگای پڕ لە دادی خواییدا، وە هەموو گرنگیدانیان بە ژیانی دنیایە و هەر بۆ ئەوە دەژین و وا دەزانن هەر بۆ ئەم دنیایە دروستکراون، ئەوانەی کە لەبەرانبەر ئەو هەموو بەڵگە و نیشانە بێ شومارانەی دەستەڵاتی بێ سنوری خواییدا غافڵن و خۆیانی لێ گێل دەکەن .. ئائەوانە شوێنی حەسانەوەیان لەو جیهان ئاگری دۆزەخە بەهۆی ئەو کارو کردەوە نالەبارانەوە کە کاتی خۆی لە دنیادا ئەنجامیان دەدا ..

بەشوێن باسی دۆزەخیاندا لە ئایەتی ٩، ١٠ دا باسی دەستەی بەختەوەران دەکات و دەفەرموێت: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، خوای پەروەردگاریان بەهۆی ئەو ئیمانە پاک و بێگەردەیانەوە ڕێنمونیان دەکات بۆ ئەو بەهەشتەی کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە و بە شادمانیەوە دەڕوانن بۆ ئەو دیمەنە دڵفرێنانە و لەنێو ئەو بەهەشتە پڕ لە ناز و نیعمەتانەدا لەوپەڕی خۆشی و شادی و کامەرانیدان. لەوێ بۆ داخوازی هەرشتێک، بەدی هاتنی هەر ئاواتێ: هەر ئەوەندەی دەوێت بڵێن (سبحانك اللهم) پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، خوایەگیان .. پاشان دوای بەکارهێنانی هەر ناز و نیعمەتێک و هەستکردن





بە هەرخۆشی و شادیەک، دیتنی هەر دیمەنێکی دڵڕفێن لەناخەوە دەڵێن - الحمد لله رب العالمين.

دواتر خوای گەورە لە ئایەتی ٢٤ دا نمونەی دنیا باس دەفەرموێت کە: وەک ئەو بارانە وایە کە لە ئاسمانەوە دایدەبارێنین، پاشان ئاوەکەی تێکەڵی تۆوەکان و ڕووەکەکان دەبێت لەوەی کە خەڵکی سودی لێ وەردەگرن بۆ خۆراک و لەوەش کە ئاژەڵەکان دەیخۆن .. تاوای لێ دێت زەوی خۆی دەڕازێنێتەوە و خۆی دەنەخشێنێت و خەڵکی وادەزانن کە دەستەڵاتی تەواویان بەسەریدا هەیە، ئالەوکاتەدا کوتوپڕ فەرمانی ئێمە دەردەچێت بە کۆتایی هاتن بە ژیانی دنیا لە شەودا یان لە ڕۆژدا - دیارە کە بەشێکی زەوی شەوە و بەشێکی ڕۆژە - هەمووی دروێنە دەکەین و کاولی دەکەین هەروەکو دوێنێ نەبوبێت، ئابەو شێوەیە نیشانەکانی دەسەڵاتمان ڕون دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە قوڵی بیر دەکەنەوە - بێگومان زەوی وەکو بۆمبایەکی مەزن و زەبەلاح وایە و ناوەوەی هەمووی مادە و کانزای تواوەیە، وە بە توێکڵێکی تەنک دەورە دراوە گرنگانەکانیش بەڵگەن لەسەر ئەو حاڵەتە، جا هەرکاتێ بەدیهێنەری ویستی ئەوا تەقینەوە مەزنەکە ڕودەدات و دنیاپەرستان ڕەنج بە خەسار دەبن ..

شایانی باسە زاناکانیش ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن و یەکێک لەو هۆکارانەی کە پەلەقاژەیانە بەڵکو هەسارەیەکی تری وەک زەوی پەیدا بکەن و ساڵانە ملیارەها دۆلاری بۆ سەرف دەکەن ئەوەیە کە دڵنیان ڕۆژێک دێت کۆتایی بە زەوی و دانیشتوانی سەری دەهێنرێت.

جا دوا بە دوای ئەو ئایەتە پیرۆزە هانی خەڵکی دەدات تا فرسەت هەیە بۆ دینداری و خواناسی لە خەوی غەفڵەت بێداربنەوە، بۆیە دەفەرموێت:

خوای گەورە بانگەواز دەکات و بانگتان دەکات بۆ بەهەشتی (دارالسلام) کە هەمووی ئاشتی و هێمنی و ئاسودەیی یە، وە هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە خۆیان دەیانەوێت و خوای گەورەش دەست بە ڕویانەوە نانێت بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست، ئەو ڕێگە و ڕێبازەی کە هەمیشە لەکاتی نوێژدا و لەکاتی خوێندنی سورەتی (الفاتحە) دا داوای دەکەن ..

پاشان دەفەرموێت: بۆ ئەوانەی چاکەیان کردووە چاکە و بەهەشت و زیاتریش هەیە، زۆری موفەسیرەکانی قورئان ئەو زیادەیە بە تەماشاکردنی ڕوخساری زاتی خاوەن (جلال و جمال کمال) دادەنێن .. کاتێك خوای گەورە ئیمانداران بەهرەمەند دەکات لە ناز و نیعمەتی بێ شوماری بەهەشت و زۆر زیاتر یان پێ دەبەخشێت لەوەی کە بەتەمای هەن و حەزی لێ دەکەن .. ئینجا پەروەردگاری میهرەبان پێیان دەفەرموێت چی ترتان دەوێت پێتان ببەخشم!! ئەوانیش دەڵێن: جا ئەی پەروەردگاری مەزن هیچی تر ماوە پێمان ببەخشیت؟! تۆی ڕێزدار نامەی کردەوەکانمانت دایە دەستی ڕاستمان، ڕوخسارت سپی کردین، لێپرسینەوەی ئاسانت لەگەڵ کردین، ئینجا بەهەشتت پێ بەخشیوین بەو هەموو ناز و نیعمەتانەوە .. بەخوا خوایەگیان لە هیچمان کەم نیە، ئینجا ئەو زاتە دەفەرموێت: ئەوە بزانن کە من ڕەزامەندیی خۆمم بۆ بڕیارداون، ئیتر هەرگیز لێتان نارەنجێم و لێتان زویر نابم، ئینجا پەردەی نور لادەدرێت و بەختەوەران بە چاوی سەریان تەماشای زاتی پەروەردگار دەکەن، هەموو مەست و حەیران دەبن، هەر تێرنابن لە تەماشاکردنی ئەو زاتەی لە دنیادا لەبەر هەزاران حیکمەت خۆی لێ پەنهان کردبوون، ئەوانیش لە ڕێگەی پێغەمبەران و پەیامەکانی خوای





گەورەوە کە پێیان ڕاگەیەنرابوو باوەڕێکی زۆر پتەویان پێی هەبوو، ئێستە ئەوەتە لەبەرچاویان ﴿وجوه یومئذ ناضره اللا ربها ناظره﴾

ئیتر ئەگەر ئەو زاتە خۆیان لێ پەنهان نەکات، بەهەشتیان ناوێت. جا ئیتر جارجار یاخود هەفتانە لە ئاهەنگی شکۆمەندا ئەو زاتە پێغەمبەران و چاکان کۆدەکاتەوە بۆئەوەی ساتێك بەو ڕوخسارە نورانی و شکۆمەندە شادبن و پاشان بە دڵی خۆش و شەوق و زەوقەوە بگەڕێنەوە بۆلای هاوسەران لە ئافرەتانی دنیا ئەگەر بەهەشتی بن یاخود لە حۆری یە چاوگەشەکان، جگە لە غیلمان و بلدان ... .

جا ئیتر بەختەوەران بێ تاقەتی و بێزاری هەرگیز ڕویان تێ ناکات تا لە ڕوخسارياندا ڕەنگ بداتەوە ..

ئائەوانەی خاوەن و نیشتەجێکانی بەهەشتن بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی، ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی بەردەوام دەبەنەسەر.

لەولاشەوە ئەوانەی تاوانکردنیان کردبووە پیشەیان .. بێگومان تۆڵەی هەر تاوانێك بە گوێرەی تاوانەکەیە جا ئەوانە ڕەشی و دێزی و سەغڵەتی ماندوی کردوون ئەوانە کەس نیە فریایان بکەوێت و لە تۆڵەی خوایی دەربازیان بکات، ڕوخساریان دەڵێی شەوەزەنگی تاریکە، ئائەوانەش نیشتەجێی نێو ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تیایدا دەبێ بمێننەوە.

لە ئایەتی ٦٢ تا ٦٤ لە (اولیاء) ەکانی خۆی دەدوێت و ئیعلانی دەکات و بە سەرجەم خەڵکی بەتایبەت ئیمانداران ڕادەگەیەنێت کە: خەڵکینە ئاگادارین، ئیمانداران با دڵنیابن کە (اولیاء) ەکانی خوای گەورە،

خۆشەویستانی پەروەردگار لایەنگرانی ئەو زاتە لە قیامەتدا هیچ جۆرە ترس و بیمێك ڕویان تێ ناكات، وە هیچ غەم و پەژارەیەكیش یەخەیان ناگرێت. باشە كێن ئەمانە ئەی پەروەردگاری مەزن؟! ئەوەتە دەفەرموێت: ئەوانە ئەو كەسانەن كە ئیمان و باوەڕی دامەزراویان هێناوە و دیندار و پارێزكار و دنیا نەویست بوون و خۆیان لە حەرام و گوناه بەدورگرتوە جا ئەوانە هەر لە دنیادا مژدەی ڕەزامەندی و عاقیبەت خێریان پێ دەدەین، لەڕێگەی ئایەتەكانی قورئانەوە، هەروەها ئەو خەونە خۆش و دروستانەی كە دەیبینن مژدەی ڕەزامەندی خوای گەورە و بەهەشت و سەرفەرازی لێ وەردەگیرێت، هەروەها لە سەرەمەرگ و لە گۆڕەپانی مەحشەردا ..

بێگومان وادەو بەڵێنەكانی خوای گەورە گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، بەڕاستی ئەوە سەركەوتن و سەرفەرازیەكی زۆر گەورە و مەزن و بەنرخە.





# سورة (هود)

لە ئایەتی (٩) باسی ئادەمیزادە لارە دین كاڵ و بێ دینەكان دەفەرموێت: گەر هەركەسێك لەوانە بەهرەمەند بكەین لە ناز و نیعمەتەكان دوای ئەوەی پێشتر لە تەنگانە و ناڕەحەتیدا بووە، خۆی هەڵدەكێشێ و دەڵێت: ئیتر سەردەمی ناخۆشی و تەنگانە تەواو، ئەوسا لەجیاتی سوپاسگوزاریی فیز و فەخر فروشی دەكات و ڕەفتاری نابەجێ دەنوێنێت. بەڵام لە ئایەتی (١٠) دا بەختەوەران جیادەكاتەوە: جگە لەو كەسانەی كە ژیر و خۆگرن و كارو كردەوە چاكەكان ئەنجام دەدەن ئائەوانە لێخۆشبونیان بۆخۆیان دەستەبەر كردووە و هاوڕێ لەگەڵ پاداشتی گەورە و فراوان و بێ وێنەدا لە بەهەشتی بەریندا.

لە ئایەتی ١٧- ٢٢ لە سەرسەخت و ستەمكار و بەدبەختەكان دەدوێت كە سەرئەنجام خەسارەتمەند و زەرەرمەند هەر ئەوانن .. بەڵام لە ئایەتی ٢٣ دا دەفەرموێت: لە ڕاستیدا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و كار و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە، هەمیشە دڵیان لای پەروەردگاریان بووە و زۆر مەبەستیان بووە ئەو زاتەیان لێ نەڕەنجێت، ئائەوانە خاوەن و نیشتەجێی بەهەشتن و بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە ..

پاشان لە ئایەتی ٢٤ دا دەفەرموێت -

نمونەی ئەو دوو دەستەیە وەکو کەسانێکی کوێر و نابینا وان لە بەرانبەر کەسانێکی چاوساغ و بینادارەوە .. کوێر دنیا لەبەرچاوی تاریکە، ئەگەر باوەڕدار نەبێت دڵ و دەرونیشی تاریکە، بەڵام ئیماندار بەرچاو ڕونە شتەکان بە جوانی دەبینێ، دڵ و دەرونیشی ڕوناکە هەتا ئەگەر چاوەکانی لەدەست دابێت و نابینابێت .. هەروەها کەسانی بێ ئیمان وەکو کەڕەواڵە وان لەبەرانبەر کەسانی ئیماندارەوە، چونکە ئیماندار گوێ بیستە و شتەکان لێك دەداتەوە و لە مەرام و ناوەڕۆکی گوفتار تێ دەگات و پەیڕەوی لە ڕێنمونیە چاکەکان دەکات و خۆی لە قەدەغەکراوەکان دەپارێزێت .. لە کۆتایی ئایەتەکەدا خوای گەورە دەپرسێت: باشە، ئایا ئەو دوو نمونەیە وەك یەکن؟! ئایا بیرناکەنەوە و یاداوەری وەرناگرن؟!





# سورەتی یوسف

ئەم سورەتە ئەوە دەگەیەنێت کە خوای گەورە جاری وا هەیە بەهۆی سادەترین هۆکارەوە، ئەو کەسەی کە بیەوێت، یان ئەو لایەنە یان ئەو گەل و میللەتەی کە دینداری دەکاتە کاڵای باڵای خۆی پایەداری دەکات و هەر لە دنیادا پێش قیامەت دەستەڵاتی پێ دەبەخشێت، ئەویش دەستەڵاتەکەی لە خزمەتی خەڵکی خوادا و بۆ هیدایەت دانیان بەکاردەهێنێت، چونکە دڵنیایە کە پاداشتی خوایی لە قیامەتدا بێ وێنە و نەبڕاوەیە.

لەبەرئەوە بە (صبر و تقوی و احسان) خۆی دەڕازێنێتەوە، بۆیە کاتێ حەزرەتی یوسف خۆی دەناسێنێتەوە بە براکانی، ئەوان بە سەرسامیەوە دەڵێن: جا بۆچی تۆ یوسفیت؟! ئەویش دەڵێت بەڵێ من یوسف م ئەمەش بنیامینی برامە جا هەرکەس تەقوا و دینداری و ئارامگری و خۆگری بکاتە پیشەی خۆی، ئەوە خوای گەورە پاداشتی چاکەخوازان بەزایە نادات.

# سورەتی (الرعد)

له ئایەتی ٢٠- ٢٢ دا کۆمەڵێك سیفاتی ئیمانداران باس دەفەرموێت لەوانە:

١. بەوەفا بە ئەمەکن بەرانبەر ئەو پەیمانەی کە داویانە بە خوای گەورە کە هەر ئەو زاتە بپەرستن و ملکەچی بەرنامەکەی بن، بەردەوامیش پابەندییان پێوە دیاربێت و نەیەڵن هەڵبوەشێتەوە.

٢. ئەو پەیوەندیانەی کە خوای گەورە فەرمانی داوە بە گرێدان و پەیوەست کردنیان هەولبدات بیانگەیەنێت و ئەم هۆکاری پچڕانی نەبێت.

٣. هەمیشە ترسی خوای گەورە و سزای پەروەردگار لەبەرچاوی بێت و بیمی هەبێت لە لێپرسینەوەی توندی خوایی.

٤. خۆگر و ئارامگربێت تەنها مەبەستیشی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بێت.

٥. نوێژەکانی بە جوانی و لەکاتی خۆیدا و تا دەکرێت بە کۆمەڵ و لە مزگەوتدا ئەنجام بدات و ئاسەواری خواناسی و خواپەرستی لە هەڵسوکەوت و گوفتار و کرداریدا ڕەنگ بداتەوە.

٦. بەخشینی هەبێت لە هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیووە، لە ماڵ و سامان، لە زانست و زانیاری، لە توانا و دەسەڵات، بە





نهێنی بۆئەوەی ڕیا و ڕوپامایی تێکەڵ نەبێت و تایبەت بە خوای گەورە بێت، وە بە ئاشکرا بۆ هاندانی خەڵکی بۆ خێر و چاکە.

٧. پاڵنان و دەست پێوەنانی خراپە و نادروستی و هەڵوێستە نالەبارەکان بە چاکەکردن و باشە وتن ..

جا لە کۆتایی ئایەتی ٢٢ دا دەفەرموێت: دەرئەنجام و خانوبەرە و موڵك و سامانی بەهەشت بۆ ئەوانەیە ..

ئینجا وەسفی بەهەشت دەکات و دەفەرموێت:

ئەو بەختەوەرانە دەچنە بەهەشتی عەدنەوە کە بریتی یە لە باخ و باخاتی جوان و ڕازاوە، کە ناوبەناو لەسەر لێواری ڕوبارەکان و لەپاڵ تاڤگە و دیمەنە جوانەکاندا کۆشك و تەلار و ڤیلای جوان و ڕازاوە ئامادەیە کە پڕە لە کەل و پەلی نایاب و جوان و قەشەنگ و کەس نەدیو .. جا لەو بەهەشتانەدا خوای گەورە خێزانە ئیماندارەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە - بەهەشتەکانیان نزیك بە یەکترە، هەرکات حەزبکەن سەردانی یەکتر بکەن سەیران ساز بکەن، خوای گەورە دەینێتە دڵیان و بە ئاسانی پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن و، بە هۆکاری بوراق ئاسا دەگەنە لای یەکتر بەمەرجێ هەرکەسیان کە چاك و پاك و دیندار و خواناس بوبێت لە باوانیان، لە هاوسەرانیان، لە نەوەکانیان -

جارجاریش لەکاتی لەباردا فریشتە دەچن بۆ سەردانیان و لە دەروازەکانەوە مۆڵەت وەردەگرن و دەفەرمون: سلام علیکم سڵاوی خواتان لێبێت، ئێوە کاتی خۆی لە دنیادا خۆگری و ئارامگریتان کردە کاڵای باڵاتان، بەڕاستی چاکتان کرد و باشتان کرد، ئەوەتە ئێستە بەرهەمی ڕەنج و

ماندوبونتان وەرگرتووە و بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی حەساوەن و بەختەوەر ..

جا جێگەی سەرنج و تێڕامانە کە خوای گەورە لە هەموو ئەو سیفاتانە خۆگری و ئارامگری زەق دەکاتەوە، چونکە هەموو ئەو سیفاتانە پێویستییان بە خۆگری و ئارامگری هەیە، هەر لە بەرپاکردنی پەیوەندی یەکانەوە هەتا ئەنجامدانی نوێژەکان و هەموو جۆرە بەخشینەکان و بەرەنگاربونەوەی خراپە و ... بێگومان بێ دین و خوانەناسان و پەیمان شکێنان و ئەوانەی کە پەیوەندیەکان دەپچڕێنن و فەساد و گوناه لەسەر زەویدا ئەنجام دەدەن، ئەوانە نەفرەتیان لەسەرە و دۆزەخ و شوێنی نالەبار بۆ ئەشکەنجەدانیان ئامادەیە.





# سورەتی (ابراهیم)

لە ئایەتی ٢٢ دا دوای ئەوەی کە شوێنکەوتوانی شەیتان لە دۆزەخ توند دەکرێن، خوای گەورە مۆڵەت بە شەیتان دەدات کە دوا وتاری خۆی بڵێ و حاڵەتەکە لە قورئاندا باس دەفەرموێت پێش ڕودانی ..

دوای هەموو شتێك شەیتان دەڵێت: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە دان بە هەموو شتێکدا بنێم، لە ڕاستیدا ئەوە ئێستە ئیتر ناچارم کە بڵێم: کاتی خۆی خوای گەورە وادەی حەق و ڕێباز و بەرنامەی دروستی پێ ڕاگەیاندبون، بەڵام من بە وادەی درۆ سەرگەردانم کردن و توانیم سەرتان لێ بشێوێنم، هەرچەندە من دەستەڵاتیشم نەبوو بەسەرتاندا، بەڵکو هەر هانم دەدان بۆ گوناهو تاوان و نادروستی، ئێوەش بەدەم داواکانمەوە دەهاتن جا ئێستا لۆمەی من مەکەن، بەڵکو هەر لۆمەی خۆتان بکەن من هانا و هاوار بۆ ئێوە نابەم، ئێوەش هانا و هاوار بۆ من مەهێنن، من ئیتر باوەڕم نیە بەوەی کە من شەریکی گوناهتان بم، یاخود هەندێکتان یە خواتان زانیم - من لەو شتانە لەهەموی بەریم جا ئیتر ئەمڕۆ ستەمکاران دوچاری سزایەکی بە ئێش دەبن.

پاشان لە ئایەتی ٢٣ دا خوای گەورە دەفەرموێت:

لەولاشەوە ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە دەخرێنە نێو باخ و باخاتی بەهەشتەکانەوە بۆ

هەمیشە و هەتاهەتایی، وە بە مۆڵەت و ویستی پەروەردگاریان، جا لەوێدا کاتێ یەکتر دەبینن و سەردانی یەکتر دەکەن چاك و چۆنیان بە سڵاوکردن لە یەکتر دەست پێ دەکات. لە کۆتایی سورەتەکەشدا لە ئایەتی ٤٢- ٥٢ خوای گەورە هەڕەشەی سەخت دەکات لە زاڵم ستەمکاران و دیمەنی سامناك لە ئەشکەنجەدانیان دەخاتە بەرچاو تا بەڵکو لە دنیادا بەخۆیاندا بێنەوە و حسابێك بۆ ئەو ئایندە سامناکە بکەن کە ئەگەر دانەچڵەکێن و بەخۆیاندا نەچنەوە یەخەیان دەگرێت و داوێنگیری دەبن.





# سورة (الحجر)

لەم سورەتەشدا وێنەی دۆزەخ دەخاتە بەر دیدی خەڵکی کە حەوت دەرگای گەورەی هەیە و هەر دەرگایەکیش چەند بەشێکە، تاوانباران بە پاڵەپەستۆ و سوکایەتی پێکردنەوە ڕاپێچی دەکرێن بە گوێرەی پلەی تاوان و یاخی بوون و لادانیان. لەولاشەوە لە ئایەتی ٤٥- ٤٩ دا باسی بەختەوەران و بەهەشتیان دەکات و دەفەرموێت: لە ڕاستیدا تەقواداران و دینداران لەنێو باخەکانی بەهەشتدا و لەپاڵ کانیاو و تاڤگە جوانەکاندا ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەبەنەسەر. خوای گەورە هەر لە سەرەتاوە پێیان دەفەرموێت: فەرمون بچنە بەهەشتەوە لەگەڵ ئەوپەڕی هێمنی و هێوری ئاسودەییدا، جا هەرچی بوغز و کینە و ڕق و گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەرون و سینەیاندا مابوو، هەمویمان ڕیشەکەن کرد، ئیتر هەموان بەتەواوەتی بونە برای یەکتر و جارجار بە دیداری یەکتر شاد دەبن لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان .. ئینجا توشی هیچ نەخۆشی و ناخۆشیەك نابن و هەرگیز لە بەهەشت دەرناکرێن.

لە ڕوایەتێکدا هاتووە کە پێش چوونە بەهەشت .. خوای گەورە بەهەشتیان ڕادەگرێت، هەرکەس بەرانبەر هەر ئیماندارێك شتێك لە دڵ و دەرون و سینەیدا هەبێت، ڕیشەکەنی دەکات .. وە لە شوێنێکی تایبەتدا فرێ دەدرێت وەکو سەرسەنوێلکی حوشتر دەنوێنێت، تا بە سینەی ساف و دڵ و دەرونی پوختەوە بچنە بەهەشتەوە.

# سورەتی (النحل)

لە ئایەتەکانی ٢٦- ٢٩ دا باسی ئەوانە دەفەرمویّت کە لە سەدەکانی ڕابوردودا سەرگەرمی پیلانگێڕان و نەخشەکێشان بوون دژی ئاینی خوا، بەڵام خوای گەورە هەڵیتەکاندن و هەڵیوەشاندن و لە بناغەوە ماڵوێرانی کردن و سەقفی خانوبەرەی نەخشەکانیانی بەسەردا ڕوخاندن، وە لە شوێنێکە وە سزا و تۆڵەی خوایی ڕوی تێکردن کە حسابیان بۆ نەکردبوو هەستیان پێ نەدەکرد. [بێگومان ئەوە هەڕەشەیەکی ئاشکرایە لە ستەمکاران لە هەموو زەمان و زەمینێکدا]

پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەندەی تر خەجاڵەت و ڕیسواییان بەسەردا دەهێنێت و پێیان دەڵێت: کوان ئەو شتانەی کردبوتانە شەریك و هاوەڵ بۆ من، کوان ئەو شتانەی کردبوتانە هۆکار بۆ دژایەتی ئاین و بەرنامەی من؟! ئەوسا زانا دیندارەکان دەڵێن: ئەمڕۆ سەرشۆڕی و خەجاڵەتی و ڕیسوایی یەخەی کافر و بێ باوەڕانی گرتووە .. ئەوانەی کە فریشتەکان دەچن بۆ گیانکێشانیان لەکاتێکدا کە ستەمکار بوون لە خودی خۆیان .. ئەوسا ئیتر بە ناچاری تەسلیمی فەرمانی خوا دەبن و هەموو تاوانەکانیان بیردەچێتەوە و دەڵێن: کوا، کەی، ئێمە هیچ خراپە و گوناهێکمان نیە!! خوای گەورەش پێیان ڕادەگەیەنێت: نەخێر وانیە، چونکە خوای گەورە بە تەواوەتی زانا بووە و زانایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە جاران دەتانکرد. دەی





کەواتە ئێستە لە دەرگاکانی دۆزەخەوە بچنە ژوورەوەبۆ هەمیشە و هەتاهەتایی، بەڕاستی شوێنی حەوانەوەی خۆبەزلزان و خۆ بە گەورەزانەکان زۆر سەخت و دژوارە.

ئینجا دێتە سەر باسی تەقواداران و دینداران کاتێ کە لە دنیادا پێیان دەوترێت: باشە پەروەردگاری ئێوە چی نازڵ کردووە، ئەوانیش بەیەك وشە وەڵام دەدەنەوە کە ئەویش وشەی خێرە ﴿قالو اخيرا﴾ پاشان خوای گەورە مژدە دەدات کە: بۆ ئەوانەی چاکەیان کردووە لەم ژیانی دنیایەدا، لەم دنیا و لە جیهانی داهاتوشدا هەر خێر و چاکە دێتە ڕێیان، بێگومان ماڵی ئەو جیهان چاکتر و خۆشتر و ڕازاوەترە، بەڕاستی ماڵ و حاڵی بەختەوەران و دینداران تەقواداران لەوپەڕی جوانی قەشەنگی و ڕازاوەییدایە .. چونکە ئەوانە دەچنە نێو باخەکانی بەهەشتی عەدنەوە کە ڕوباری تایبەت بەبەردەم کۆشکەکانیدا و بەژێر درەختەکانیدا ڕەوان و جاری یە، جا هەرچیش بیانەوێت و حەز لەهەرچی بکەن بۆیان ئامادەیە، ئابەو شێوەیە خوای گەورە پاداشتی تەقواداران و دینداران دەداتەوە .. ئەوانەی کە لە سەرەمەرگدا فریشتە تا چاو بڕکات ڕیز دەبن بۆ پێشوازی لە گیانی پاکیان، چونکە لە دنیادا هەوڵیان داوە چاك و پاك و خواناس و دینداربن بەردەوام لەو کاتەدا و پاشان لە بەهەشتدا سڵاویان لێ دەکەن و پێیان دەڵێن: فەرموون بچنە بەهەشتەوە لە پاداشتی ئەو کار و کردەوانەی کە جاران لە دنیادا ئەنجامتان دەدا.

لە ئایەتی ٩٥ ی (النحل) دا دەفەرمویّت:

ئەوەی لای ئێوەیە لە ماڵ و سامان تەواو دەبێت و بەجێی دێڵن، بەڵام ئەو خێر و چاکانەی ڕەوانەتان کردووە، ئەوە لای خوای گەورەیە و پاداشتی

بێ سنوری بۆ ئامادەکردوون، بۆیە دەفەرموێت: ئێمە بە بێگومان پاداشتی ئەوانە دەدەینەوە کە لە دنیادا لە هەموو بارودۆخێکدا خۆگر و ئارامگرن، لەسەر بناغە و بنچینەی چاکترین و جوانترین کردەوەکانیان .. واتە بۆ نمونە: جوانترین و ڕێکوپێکترین نوێژ کە ئەنجامیانداوە و بە دڵی پڕ و پڕ لە ئیمان و لێکدانەوەوە کردویەتی زۆر لەسەرخۆ و بەجوانی ڕکوع و سوژدەی تولانی بردووە، ئێمە هەموو نوێژەکانی بەو شێوەیە بۆ حساب دەکەین.

ڕۆژوەکانی: کامەی زیاتر پوختە و توشی تەماشای حەرام و گوێ بیستی حەرام و وتنی حەرام و خەتەرە و خەیاڵی حەرام نەبووە هەموو ڕۆژوەکانی بەو شێوەیە بۆ هەژمار دەکەین.
خێرەکانی تری هەرهەموی بەو شێوەیە ..
لە ئایەتی ٩٦ دا ئەم مژدەیە ڕادەگەیەنێت:

هەرکەس کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدات لە پیاوان و ئافرەتان لە کوڕان و لە کچان لەکاتێکدا ئەوان باوەڕی دامەزراویان هەیە بە خوای گەورە و چەمکەکانی تری ئیمان، ئەوە هەر لە دنیادا ژیانێکی چاك و ئاسودەی بۆ فەراهەم دەهێنن لەڕوی مادی و مەعنەوی یەوە، بەردەوام دڵخۆش و شادمانی دەکەین هەروەها بەگوێرەی چاکترین کردەوەکانیان پاداشتیان دەدەینەوە کە جاران لە دنیادا ئەنجامیان دەدا.

کەواتە دینداری حاڵەتێکی پڕ لە بەرەکەتە هەر بۆ ژیانی دنیا پێش قیامەت، چونکە ئادەمیزاد ئەگەر لە باروۆخێکی خۆش و لەباردا بێت ئەوە سوپاسگوزارە و ئاسودەیە، ئەگەر لە بارودۆخێکی نالەبار و ناساز و ناخۆشیدا بێت، ئەوە خۆگر و ئارامگرە و دڵنیایە کە پاداشتی خۆگر و ئارامگران بێ





سنورە و ئەم ناخۆشیە هەر دەگوزەرێ و خوای گەورە دەروی خێر هەر دەکاتەوە، چونکە دەزانێت کە: ﴿إن مع العسر يسرا﴾ واتە هاوڕێ لەگەڵ تەنگانە و ناخۆشیدا خۆشی و ئاسودەیی بەڕێوەیە و هاوڕێیەتی.

# سورة الاسراء

لە ئایەتی ٩ دا دەفەرموێت: بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنمونی بەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێباز، بۆ جوانترین بەرنامە و پرۆگرام هەروەها مژدە بەو ئیماندارانە دەدات کە کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن بەوەی کە پاداشتی گەورە و مەزن و بێ سنور چاوەڕێیانە و پێشکەشیان دەکرێت:

هەروەها لە ئایەتی ١٠ دا دەفەرموێت: بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان بە قیامەت و زیندوبونەوە نیە، ئەوانە سزایەکی بەئێش و ئازارمان بۆ ئامادەکردوون .. دیارە کە باوەڕنەبوون بە قیامەت و لێپرسینەوەی خوایی ئادەمیزاد دەکاتە ئاژەڵێکی دڕندە و تەماعکار و ستەمکار، وە بۆ بەدەست هێنانی سامان و دەسەڵات سڵ لە هیچ تاوانێك ناکاتەوە.

# سورەتی الكهف

لە ئایەتی ٢٩ دا فەرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ كە بفەرمووێت: حەق و ڕاستەقینە هەر ئەوەیە كە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتووە لە توێی ئەم قورئانەدا، جا ئەوەی دەیەوێت با ئیمان و باوەڕ بهێنێت، كێش دەیەوێت با ڕێبازی كوفر و بێ دینی بگرێتەبەر - هەموتان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەو بیروباوەڕەی كە دەتانەوێت، بەڵام چاك بزانن كە ئێمە بۆ ستەمكاران ئاگر و دۆزەخێكمان ئامادەكردووە كە تونێلە پڕ لە ئازار و ئەشكەنجەكانی دەورەی داوە، هەركاتێ كە زۆریان بۆ دێت و بڵێسەی ئاگر هەڵیان دەپڕوزێنێ، هاوار دەكەن و داوای یارمەتی دەكەن، بە ئاوێكی كوڵی وەك كانزای تواوە، وەك ڕۆنی قرچاو دەكرێت بە ڕوخساریاندا كە ئەوەندەی تر ڕوخسار و دەم و چاویان دەبرژێنێت، بەڕاستی خواردنەوەیەكی زۆر نالەبار و خراپە و لە شوێن و بارودۆخێكی زۆر خراپ و نالەباردا كافر و بێ دین و ستەمكاران گیریان خواردووە ..

لە ئایەتی ٣٠، ٣١ دا دەفەرموێتت: لەڕاستیدا ئەوانەی كە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و كارو كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە با دڵنیابن كە ئێمە كارو كردەوەی ئەو كەسانە بەزایە نادەین كە هەڵسوكەوتی چاك ئەنجام دەدەن ... ئائەو بەختەوەرانە بەهەشتی عەدنیان بۆ ئامادەكراوە، كە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەكانیدا و بە بەردەم خۆیان و كۆشكەكانیاندا ڕەوان و





جاری یە هەروەها بازن و دەستبەندی زێڕ لەدەست خۆیان و هاوسەرەكانیاندایە -لەشێوەی سەعات و خشڵی جوان - هەروەها پۆشاكی سەوزباوی جوانی ئەستور دەپۆشن كە داپۆشراوە بە پۆشاكی تەنكی جوان و نەخشین، جا بە كەماڵی ئیسراحەت لەسەر كورسی و قەنەفە ڕازاوەكان شانیان داداوە، بەڕاستی پاداشتێكی نایابیان دەستەبەركرد، جێگە و ڕێگەیەكی خۆش و سازگاریان بەدەست هێنا ..

لە ئایەتی ١٠٧، ١٠٨ ی الكهف دا دەفەرموێت:

لەڕاستیدا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێنا و كارو كردەوە چاكەكانیان ئەنجامدا هەر لەمێژە بەهەشتی فیردەوسیان بۆخۆیان دەستەبەركردووە ئەوان بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی بە نەمری تیایدا دەمێننەوە، هەرگیز بێزارنابن و ئاواتی ئەوە ناخوازن لێیان تێك بچێت.

- جاری وا هەیە ئادەمیزاد لە ژیانی دنیادا ئەگەرچی لەوپەڕی خۆشیشدا بێت بێزار دەبێت و چێژی لەلای كەم دەبێتەوە، بەڵام بەهەشت وانیە، هەمیشە كەیف و خۆش و شادمانیت، بەتایبەت ئەگەر خوای گەورە بە فەزڵ و لوتفی خۆی شایستەی فیردەوست بكات ئەوە ئیتر بەرزترین و خۆشترین و ڕازاوەترینی بەهەشتەكانە - هەرچەندە دواهەمین كەس كە دەچێتە بەهەشتەوە ئەوەندە نازو نیعمەتی جوان و ڕازاوە و قەشەنگ و كەس نەدیو دەبینێ پێی وایە كەس بەقەدەر ئەوی پێ نەبەخشراوە!!

# سورەتی (مریم)

لە ئایەتی ٥٨ دا باسی بەختەوەران دەفەرموێت لە پێغەمبەران و چاكان لە نەوەی ئادەم لەوانەی كە خوای گەورە هیدایەتی دان بۆ ڕێبازی ڕاست و دروستی دینداری، ئەوانەی ئەوەندە دیندار و خواناس و قورئان دۆستن هەر كە ئایەتەكانی خوای میهرەبانیان بەسەردا دەخوێنرێتەوەخێرا سوژدە دەبەن بە دڵپرپەوە و ئەسرینی خۆشەویستی خوای گەورە لە دیدەیان دەبارێت ..

بەڵام لە ئایەتی ٥٩ دا دەفەرموێت:

مەخابن كەسانێك بەشوێن ئەو ڕێزدارانەدا هاتن كە وازیان لە نوێژ هێنا، یاخود بە زایەیاندا چونكە كاركردی نەما لەسەریان و هەر جوڵە و هەڵسوكەوتێكی بێ ڕۆحیان ئەنجام دەدا و شوێنی ئارەزوی نادروست و ناپەسەندی خۆیان كەوتن، ئائەوانە لە ئایندەدا توشی ناخۆشی و نەهامەتی و ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر دەبن لە دۆزەخدا.

لە ئایەتی ٦٠ تا ٦٣ دەفەرموێت: جگە لەوانەی كە فریای خۆیان دەكەون و تەوبە دەكەن و ئیمان و باوەڕی دامەزراو دەهێنن و كارو كردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، ئائەوانە دەچنە بەهەشتەوە و هیچ جۆرە زوڵم و ستەمێكیان لێ ناكرێت. ئەو بەهەشتی عەدنەی كە خوای میهرەبان بەڵێنی داوە كە بیبەخشێت بە بەندە چاكەكانی كاتێ لە دنیادا بوون شاراوە بوو





لێیان، بەڕاستی ئەو بەڵێنەی خوا هەر دێتەدی و بەڕێوەیە. جا ئیتر لەو بەهەشتەدا هیچ جۆرە قسە و گوفتارێكی نابەجێ نابیستن جگە لە سڵاوكردن، هەمودەم بەتایبەت بەیانیان و ئێواران ڕزق و ڕۆزی و سفرە و خوانی جوان و ڕازاوەیان بۆ ئامادەیە .. جا ئیتر ئەو بەهەشتە دەبەخشین بەو بەندانەمان كە كەسانی تەقوادار و دیندارن.

لە ئایەتی ٩٦ دا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا﴾.

واتە: لەڕاستیدا ئەوانەی كە ئیمان و باوەڕیان هێناوە بە سەرجەم چەمكەكانی ئیمان و هەرچی كردار و كردەوەیەكی چاك بۆیان كرابێت ئەنجامیان دابێت، ئەوە پەروەردگاری میهرەبان سۆز و ڕێز و خۆشەویستی و محبەتی تایبەتی هەیە بۆیان.

بێگومان ئەو ڕێز و سۆز و خۆشەویستیەی خوای گەورە ئاشكرای دەكات بۆ هەندێك لە بەندە تایبەتیەكانی لە هەموو نازو نیعمەتە مادیەكان بەنرختر و بە فەڕترە ..

كاتێك ئیماندار هەست دەكات كە هەوڵ و كۆششەكانی لەگەڵ كەم و كوڕی و كەمتەرخەمی و ناتەواویاندا جێگەی ئەو هەموو پێزانینەیە لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەكانەوە، ئیتر ئەوەندە هەست بە خۆشی و ئاسودەیی دەكات لە دڵ و دەرونیدا .. وادەزانێت كەس بەقەدەر ئەو دڵخۆش و شادمان نیە، كەس بەقەدەر ئەو ناخی نورانی نیە ..

سا خوایەكان لەو سۆزو خۆشەویستی یەی خۆت نائومێد و بێ بەشمان نەكەیت .. یا ودود.

# سورەتی طه

**هەندێ لە دیمەنەکانی قیامەت لە ئایەتەکانی ١٠٢- ١١٢**

ڕۆژێك دێت فوو دەکرێت بە دەزگای (صور) دا کە دەزگایەکە فریشتە (اسرافیل) هەڵیگرتووە و هەموو ئان و ساتێك چاوەڕێی فەرمانە، جاری یەکەم کە فوی پێدا دەکات هەرچی گیانلەبەر هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا گیان لەدەست دەدات و دەمرێت جگە لەوانەی کە خوای گەورە ویستی لەسەر مردنیان نیە، بۆ جاری دووهەم کە فووی پێدا دەکات هەمووان زیندوو دەبنەوە و بە سەرسامی و حەپەساوی یەوە دەڕوانن .. بۆ جاری سێهەم هەموو ئادەمیزادەکانی پێ ڕاپێچ دەکات بۆ گۆڕەپان لێپرسینەوە .. جا وادیارە ئەمەی لە ئایەتی ١٠٢ دا هاتووە ئەم سێهەمەیانە کە دەفەرموێت: ڕۆژێك دێت فوو دەکرێت بە دەزگای (صور) دا ئیتر هەرچی تاوانبار و تاوانکاران هەیە، هەرهەموویان کۆدەکەینەوە، هەموویان ڕەش و دێز هەڵگەڕاون چاویان شینە (دیمەنێکی ناشرین و تاڵیان هەیە) ..

جا بە چپە و هێواشی لەنێوان خۆیاندا قسە دەکەن و دەڵێن: لەو کاتەوە کە مردووین و ئێستا وا زیندو کراوینەتەوە ڕەنگە دە شەوێکمان پێ چوبێت .. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: لە ڕاستیدا هەر ئێمە چاك زاناین و لە هەمووان زاناترین بە ماوەی مانەوەیان هەرچەند هەرە ژیر چاکەکەیان دەڵێت: ئێمە تەنها ڕۆژێکمان پێچووە.





دواتر دەفەرموێت: ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی کەژ و کێوەکان کە: چین و بریتین لە چی .. تۆ لە وەڵامیاندا بڵێ: ئەوە بزانن کە پەروەردگاری من هەرهەمووی هەڵدەوەشێنێت و هەرهەمووی هەڵدەتەکێنێت، پاشان دەیانکاتە گۆڕەپانێکی ساف و تەخت و ڕێك کە هیچ خوارو خێچی و بڵندی و نەوی بونێکی تێدا بەدی ناکەیت ..

ئەو ڕۆژە ئیتر خەڵکی هەموی ملکەچ و فەرمانبەرداری زاتی حەقە و دەنگەکان لە سام و هەیبەتی ئەو ڕۆژە و لەترسی ئەو زاتەی ئەو ڕۆژەی بەرپا کردووە، هەرهەمووی مات و بێدەنگە و ئەگەر دەنگێکیش ببیسترێت، ئەوە زۆر هێواش و لەسەرخۆیە. جا ئیتر ئەو ڕۆژە شەفاعەت و تکای کەس وەرناگیرێت جگە لە شەفاعەت و تکای ئەوانەی کە خوای میهرەبان مۆڵەتیان دەدات و ڕازی یە لە گفتوگۆ و قسە و داواکاریان .. جا ئەو خوایە بە ڕابوردو و داهاتوی هەموان ئاگادارە و بە هەموو شت دەزانێت بەڵام زانستی خەڵکی دەربارەی ئەو زاتە زۆر سنوردارە.

ئەو ڕۆژە هەرچی ڕوخسارەکانە هەموی زەلیل و ملکەچە بۆ ئەو زاتەی کە هەمیشە زیندووە و دەسەڵاتی بەردەوامە و زاڵە بەسەر هەموو بەدیهێنراوەکانیدا، بێگومان هەرکەس ستەمکار و ستەم پیشە بێت، ئەو ڕۆژە زۆر پەست و غەمبار و نائومێدە.

بەڵام ئەوەی کارو کردەوە چاکەکانی ئەنجام دابێت و باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بوبێت، ئەوە ئیتر ناترسێت لەوەی کە ستەمێکی لێ بکرێت یان مافی پێشێل بکرێت.

# سورەتی (الانبیاء)

خوای گەورە لە ئایەتی ٩٧ تا ١٠٧ دا دەفەرموێت: سەرئەنجام وادەی ڕاست و دروستی ئێمە نزیك دەبێتەوە و پێش دێت ئەو کاتە دەبینی کافرو خوانەناسان لەترسا خەریکە چاویان دەرپەڕێت، بەدەم ئاهو حەسرەتەوە دەڵێن: هاوار لە ئێمە، قوڕ بەسەر ئێمە، ئێمە بەڕاستی غافڵ و بێ ئاگا بوین لە ڕۆژێکی ئاوا، ئێمە بڕوامان بە پێشهاتنی نەبوو، بەڵکو ئێمە هەر کەسانێکی ستەمکار بوین ..

ئەوسا پێیان دەوترێت: جا ئیتر ئێستە ئێوە و ئەو شتانەی جگە لە خوای گەورە دەتانپەرست دەبنە سوتەمەنی و چڵ و چێوی نێو دۆزەخ و دەبێ بە ناچاری بچنە ناوی ..

ئەو شتانەش کە ئێوە دەتانپەرست ئەگەر خوا بونایە ئەوانیش ڕاپێچ نەدەکران لەگەڵ ئێوەدا .. هەرهەموتان دەبێ بۆ هەمیشە تیایدا بمێننەوە .. جا ئیتر بە هەناسە ساردی و هەناسەدانی سەختەوە ژیان دەبەنەسەر، ئەو فریشتانەش کە کارگوزاری دۆزەخن هاوار و ئاهو ناڵەتان نابیستن و بەزەییان بە ئێوەدا نایەتەوە ..

ئابەو شێوەیە خوای گەورە دیمەنەکانی دۆزەخ و دۆزەخیان لە قورئانەکەیدا، هەر جارەش لە گۆشەنگایەکەوە ڕون دەکاتەوە، تا بەڵکو خەڵکانێك فریای خۆیان بکەون پێش ئەوەی ئاوا گیرۆدەبن. لەولاشەوە





ئەوانەی بڕیاردادەی خوای گەورە شمولی کردوون بەوەی کە لێیان ڕازی یە و بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون، چونکە لە دنیادا لە خەمی قیامەت و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەدا بوون، ئەوانە لە دۆزەخ دورخراونەتەوە و لەو ناڕەحەتیانەوە زۆر دورن، هەر گوێ بیستی هەڕەشە و ڕق و کینەی دۆزەخ نین، بەڵکو ئەوان لە عەیش و نۆشدان و لە ژیانێکدان کە هەرچی نەفسیان حەزی لێ بکات بۆیان ئامادەیە. لەگەڵ ژیانی نەبڕاوە و بەردەوامدا.

ئەوان ترس و بیمە گەورەکە لەکاتی بەرپابونی قیامەت و زیندوبونەوەی خەڵکی و کۆکردنەوەیاندا هیچ پەژارەیەکیان بۆ پێش ناهێنێت، چونکە دەستپێشکەری چاکیان کردووە و خوای گەورەیان لە خۆیان ڕازی کردووە، بۆیە فریشتەکان هەر لە سەرەمەرگەوە تا بەهەشت هاوڕێ و هاوەڵیانن و بەردەوام مژدەیان دەدەنێ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێ درابوو، بەڕاستی ئێوە بردتانەوە .. سەرفەرازی هەمیشەیتان بەدەست هێنا، ڕەزامەندی پەروەردگار، زۆر ماتڵ نابن، بەرەو بەهەشت دەچن بەم زوانە.

جا ڕۆژێك دێت وەکو چۆن کتێبی کراوە دادەخرێت، هەرئاوا هەرچیمان دروستکردووە لە ئاسمان و لە بۆشاییدا، هەرهەموی دەپێچینەوە، هەروەکو لە سەرەتاوە چۆنمان دروستکرد، وەك خۆی لێ دەکەینەوە، بێگومان ئەوە بەڵێن و وادەیەکە لەلایەن ئێمەوە بڕیارمانداوە کە ئەنجامی بدەین و هەر ئەنجامیشی دەدەین. [شایانی باسە زانایانی ئەستێرەناسی دڵنیان لەوەی کە هەر بەو شێوەیە، وەك کتێبێکی کراوە دایبخەیت و بیپێچیتەوە هەرئاوا خوای گەورە بونەوەرەکەی دەپێچێتەوە لەکات و ساتی خۆیدا]

# سورەتی (الحج)

لە ئایەتی ١٩- ٢٥ خوای گەورە دەربارەی سەرئەنجامی بێ دینەکان و دیندارەکان دەدوێت و دەفەرموێت: ئەو خەڵکە دەربارەی زات و سیفاتی پەروەردگاریان بون بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان ڕێبازی کوفر و بێ دینی و ستەمیان گرتەبەر ئەوە لەنێو دۆزەخدا پۆشاکی ئاگرین دەبڕێت بە بالآیان، گڕکانی ئاگریش دەبارێنرێت بەسەریاندا. هەرچیەکیان خواردووە و هەرچی لەناو سکیاندا هەیە دەیتوێنێتەوە و پێستیشیان دادەماڵێت، هەروەها بە گورزی ئاسن لێیان دەدرێت، هەرکاتێك هەوڵێك دەدەن بۆ دەربازبون لەو غەم و پەژارە و نارەحەتیە لەولاوە ڕاپێچ دەکرێنەوە بۆ ناو دۆزەخ و بە سوکایەتی پێکردنەوە پێیان دەوترێت: جا ئیتر بچێژن سزا و ئازاری سوتاندن!!

لەولاشەوە بەنیسبەت بەختەوەران دەفەرموێت: لەڕاستیدا خوای گەورە پاداشتی ئەوانە بەزایە نادات کە لە ژیانی دنیادا ئیمان و باوەڕیان بەو زاتە و بە چەمکەکانی تری ئیمان هێناوە هەروەها کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەوەی کە دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کە ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە ..

هەروەها ئەو بەختەوەرانە خۆیان و هاوسەرانیان بە خشڵی هەمەجۆر ڕازاندۆتەوە وەکو بازنی ئاڵتون و ملوانکەی مرواری کەس نەدیو،





پۆشاکیشیان ئاوریشمی تایبەتە .. هەروەها هەرهەمویان هیدایەتدارو ڕێنمونی کراون بۆ جوانترین گوفتار و شیرینترین ئاخاوتن، چونکە لە دنیادا هیدایەت درابون بۆ ڕێگە و ڕێبازێك کە دەیانگەیەنێتە مەنزلگایەك کە خوای گەورە و فریشتەکانی سوپاسیان بکەن و قەدر و ڕێزیان بگرن.

# سورەتی (المؤمنون)

لە سەرەتای ئەم سورەتەدا خوای گەورە دەفەرموێت:

لەڕاستیدا دڵنیابن کە ئیمانداران سەرفەراز و سەرکەوتون .. پاشان کۆمەڵێك سیفاتیان باس دەفەرموێت تا ئیمانداران لەخۆیاندا بیهێننەدی کە یەکەمیان ئەوەیە کە لە نوێژەکانیاندا دڵیان لای خوای گەورەیە و سام و هەیبەت و گەورەیی و شکۆمەندی لە ناخیاندا هەست پێ دەکەن .. هەروەها لە هەموو کارو کردەوە و هەڵسوکەوتێکی نادروست و نابەجێ دورەپەرێزن و حەزی لێناکەن، هەروەها زەکاتی ماڵ و سامان و زانستی خۆیان دەبەخشن، وە هەوڵدەدەن ناخیان پاك و بێگەرد بێت بەتایبەت بەرانبەر ئیمانداران. هەروەها داوێنی خۆیان بەپاکی ڕادەگرن، بەدورن لە شەرواڵ پیسی مەگەر لەگەڵ هاوسەرەکانیان، یاخود کەنیزەکانیان [کە لەو سەردەمانەدا باو بوە بەشێوازێکی ڕەها و بێ سنور، ئیسلام سنوری بۆ داناوە و ئەگەر کەنیزەکە کە منداڵی ببوایە ئیتر لە کەنیزەکی دەردەچوو، دەچووە ڕیزی ئافرەتە ئازادەکانەوە] بێگومان لەو حاڵەتانەدا لۆمەکراو نابن .. بەڵام ئەوەی لەو سنورانە بترازێت ئەوانە دیارە کە سنورشکێن و دەستدرێژکارن، ئەگەر تەوبە نەکەن خوای گەورە تۆڵەیان لێ دەسێنێت.

هەروەها ئەوانەی کە ئەمانەت پارێزن و هەر پەیمانێك بدەن دەیبەنەسەر و پەیمان شکێن نین.





هەروەها ئەوانەی کە پارێزگاری لە نیوژەکانیان دەکەن، لەکاتی خۆیدا و تا بۆیان بکرێت بە کۆمەڵ و لە مزگەوتدا ئەنجامی دەدەن جا لە کۆتاییدا دەفەرموێت: ئائەوانە لە میراتگرانن، ئەوانە خاوەنن .. ئەوانە میراتگر و خاوەنی بەهەشتی فیردەوسن کە بڵندترین و خۆشترین و ڕازاوەترینی بەهەشتەکانە - وە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە ..

ئەگەر سەرنج بدەین سەرەتا و کۆتایی هەموو ئەو سیفاتانە بە نوێژ دەورە دراوە .. سەرەتا بە نوێژێك کە بە ملکەچی و هەست و سۆزەوە ئەنجام دەدرێت، کۆتاییش بە پاراستنی نوێژ واتە ئەنجامدانی لەکاتی خۆیدا و بەکۆمەڵ و لە مزگەوتدا ... بێگومان ئەوە گرنگی نوێژ دەردەخات کە گەمارۆی هەموو کارو کردەوە چاکەکانیداوە و وا لە نوێژخوێن دەکات کە سنورەکان نەبەزێنێت. لە کۆتایی سورەتەکەشدا بەتایبەت لە ئایەتی ٩٨ بەدواوە باسی خوانەناسان دەکات هەر لە سەرەمەرگەوە هەتا لە دۆزەخ توند دەکرێن و دەفەرموێت: هەرکات مردن یەخەی هەرکام لە خوانەناسان دەگرێت لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە و دەڵێت: پەروەردگارا داواکارم کە بمگێڕیتەوە بۆ ژیانی دنیا بۆئەوەی هەر چاکە بکەم و هەرچیت پێ بخشیوم و ئێستا وا بەجێی دێڵم مەرج بێت هەرهەموی لە چاکە و چاکەکاریدا بەکاربهێنم .. خوای گەورە لەڕێگەی فریشتەکانەوە وەڵامی دەداتەوە و دەفەرموێت: نەخێر، هەرگیز شتی وانابێت، ئەوە قسەیەکە و بۆخۆی دەیکات و باهەر بڵێ!! جا ئیتر لە جیهانی بەرزەخدا دەمێنێتەوە تا ڕۆژی زیندوبونەوە. - کاتێکیش زیندو دەکرێتەوە وادەزانێت دوێنێ دنیا بوو ئەمڕۆ قیامەتە .. یان چەند ساتێکی پێ چووە ..

جا هەر کە فوو کرا بە دەزگای - صور - دا ئەوە ئیتر هیچ حەسەب و نەسەب و ڕەچەڵەك و بنەماڵەیەك ناخوێنرێتەوە و حساب بۆ ئەو پەیوەندیانە ناکرێت و پرسیار دەربارەی ناکرێت. بەڵکو ئەوەی کە تەرازو و پێوەری چاکەکانی سەنگینە ئەوە هەر ئەوانە سەرفەراز و براوەن -

بەڵام ئەوەی تەرازو و پێوەری چاکەکانی سوکە و گوناهو تاوانەکانی زۆرن و تای تەرازوی تاوانی سەنگینە، ئەوانە ئیتر خۆیشیان دۆڕاندوە و خۆیشیان لەدەست داوە، چونکە دەبێ بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی لە دۆزەخ دا بمێننەوە .. جا بڵێسەی ئاگر پەلاماری ڕوخساریان دەدات و پێڵوی چاویان و لێویان هەڵدەقرچێنێت و دانیاڕیچ دەبێتەوە - دیمەنێکی ناشرین و سامناکیان هەیە - ئەوسا خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: باشە ئایا ئێوە ئایەتەکانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرایەوە کەچی باوەڕتان پێی نەبوو ..

لە خەجاڵەتی و شەرمەزاریدا هیچیان بۆ ناوترێت .. دوای ماوەیەك دەڵێن: پەروەردگارا ناپوختی و بێ دینی و بەرەڵایی و سەرگەردانی باڵی کێشایە سەرماندا، بەڕاستی ئێمە کەسانێکی گومڕا و سەرلێشێواو بوین. پەروەردگارا داواکارین کە لەم دۆزەخە دەربازمان بکەیت، ئەگەر گەڕاینەوە بۆ دۆخی جاران، ئەوە ئیتر دیارە کە ئێمە کەسانێکی ستەمکارین، شایستەی هەموو جۆرە سزایەکین!! دوای ئەوەی کە زۆر دەلاڵێنەوە و دەپاڕێنەوە خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت: بەسە، لاڵ بن لەنێ، دۆزەخدا، هیچ پاکانە و پاڕانەوەیەك ڕوبەمن مەڵێن .. چونکە بیرتانە کاتی خۆی دەستەیەك لە بەندە دیندارەکانم دەیانوت: پەروەردگارا ئێمە باوەڕمان بە زاتی تۆ و هەموو چەمکەکانی تری ئیمان هێناوە، داواکارین کە لێمان خۆش ببێت و لە سۆز و ڕەحمی خۆت بەهرەمەندمان بکەیت، چونکە زاتی





تۆ چاکترینی میهرەبانانە .. کەچی ئێوە گاڵتەتان پێ دەکردن - بە کۆنەپەرست و دواکەوتو و ناوزەدتان دەکردن، - لەباتی ئەوەی وەك ئەوان بکەن - بونە هۆی ئەوەی کە یادی من، بەرنامەی من، دینی من فەرامۆش بکەن - جارجارەش قاقا پێیان پێدەکەنین. ئەمڕۆ ئیتر ئێوە - با شەق بەرن - من پاداشتم داونەتەوە بەهۆی خۆگری و ئارامگریانەە لەبەرانبەر ستەم و ئەتواری ناشرینی ئێوەوە، من بڕیارمداوە کە هەر ئەوان سەرکەوتو و سەرفەرازن بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی .

# سورەتی (الفرقان)

لە ئایەتی ٢٣ دا باسی کارو کردەوە و ڕەنج و ماندوبونی بێ دینەکان دەفەرموێت: کاتێك سەرنجی کارو کردەوەکانیانمان کرد، هەمووی بۆ ڕیا و پامایی بوو، هەمووی گوناهو تاوان بوو، هەموی فێڵ و دزی و گزی بوو .. ئیتر هەمویمان بەرباد کرد و کردمانە تەپوتۆزێکی بێ نرخی پەرش و بڵاو.

لە ئایەتی ٢٤ دا دەفەرموێت: لەو ڕۆژەدا خاوەنانی بەهەشت، جێگە و ڕێگەیان زۆر خۆش و ڕازاوەیە، شوێنی حەوانەوەیان زۆر چاك و لەبارو ڕێكوپێكە ..

لە ئایەتی ٢٥- ٢٩ دا دەفەرموێت: ڕۆژێك دێت ئەستێرە و هەسارەکانی ئاسمان هەموی لەت و پەت دەبن و وەکو پەڵە هەورێکی تاریك دەنوێنن بەشوێن ئەو کارەساتەدا فریشتەکان دەستە دەستە و پۆل پۆل دادەبەزن ئەو ڕۆژە ئیتر موڵك و دەسەڵات لەسەر زەویشدا بەدەست کەسەوە نامێنێت بەڵکو هەرهەموی بەدەست خوای میهرەبانە، جا بەنیسبەت کافر و بێ دینەکانەوە ئەو ڕۆژە زۆر سەخت و دژوارە.

جا ئیتر ئەو ڕۆژە زاڵم و ستەمکار لە پەشیمانیدا هەردوو دەستی دەخاتە سەریەك و بە هەموو هێزی قەپی لێ دەگرێت و دەیکرۆژێت و بە هەناسەی سارد و بەدەم ئاهو ناڵەوە دەڵێت: خۆزگە شوێن پێغەمبەر بکەوتمایە خۆزگە ڕێبازی دینداریم لەگەڵ ئەودا بگرتایەبەر.





خۆزگە فلان و فیسارم نەکردایەتە هاوڕێ و هاوەڵ و دۆستی خۆم، چونکە ئەو لە پەیامی خوا وێڵی کردم دوای ئەوەی بەڕوونی و ئاشکرا پێم ڕاگەیەنرا بوو. شەیتانیش لەولاوە گاڵتە بە ئادەمیزادە بێ دینەکان دەکات و پشتیان بەردەدات و تاوانباریان دەکات!!

لە کۆتایی سورەتی (الفرقان) دا دوای ئەوەی کۆمەڵێك لە سیفاتی بەندەکانی خوای میهرەبان باس دەفەرموێت: کە یەکێکیان ئەم نزایەیە: پەروەردگارا لە سزای ئاگری دۆزەخ بەدوورمان بگرە و پەنامان بدە و لێمانی لادە، چونکە بەڕاستی سزا و ئازاری دۆزەخ داوێنگیری هەرکەسێك بوو ئیتر لەکۆڵی نابێتەوە. (مەگەر کەسێك کە ئیمانداریێکی گوناهبار بێت، کە هەتا پاك دەبێتەوە دەبێ ببرژێت تیایدا)

هەروەها لە نزایەکی تردا بەندەکانی خوای میهرەبان دەڵێن: پەروەردگارا کەسانێکمان پێ ببەخشە لە هاوسەران و نەوەکانمان کە ببنە مایەی ڕوناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان، وە بمانکە بە پێشەوای تەقواداران و دینداران و خواناسان.

جا ئەو بەندانەی خوای میهرەبان، خوای گەورە پاداشتیان دەداتەوە بە ژووره ڕازاوەکانی بەهەشت کە هەموو کەل و پەلێکی جوان و ڕازاوەی تێدایە بەهۆی خۆگری و ئارامگریانەوە لەبەرانبەر کێشە و ناخۆشیەکانی ژیان وە بە سڵاو و وشەی زۆر جوان پێشوازیان لێ دەکرێت و بەخێرهێنانیان دەکرێت، وە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی لە بەهەشت و ئەو ژووره ڕازاوانەدا لەگەڵ هاوسەرانیاندا ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەبەنەسەر، بەڕاستی جێگەو ڕێگە و نیشتەجێیەکی خۆش و ڕاوازەیە.

لە ئایەتی ٦٤ ی (العنكبوت) دا دەفەرموێت: خەڵكینە بیربكەنەوە ژیانی ئەم دنیایە تەنها بریتی یە لە گەمە و گاڵتە و یاری (واتە ئەوە ناژی كە زۆربەی خەڵكی پەلاماری دەدەن، ستەم لەیەكدی دەكەن، تەمەنی كۆتایە، خۆشیەكانی زۆر كەمن) بەڕاستی هەر ماڵی قیامەت و ژیانی نێو بەهەشت ژیان و زیندەگیە، ئەگەر ئەو خەڵكە بزانن و تێبگەن.

لە ئایەتی ٦- ٩ ی سورەتی (لقمان) دا سەرەتا باسی هەندێ لە ڕەفتاری دۆزەخیان دەكات و دەفەرموێت: هەندێ كەس هەیە قسە و گوفتاری بێ سود و بێ كەڵك دەكڕێت بۆئەوەی خەڵكی وێڵ بكات لە بەرنامەی خوا، سەرگەرمیان بكات بە شتی لاوەكی و خراپ و بێ سودەوە، گاڵتە بە ئاین و دینداریش دەكات (وەكو گۆرانی و كلیپە بەرەڵاكان، وەكو دراما و شانۆگەریە بێ سەروبەرەكان كە تیایدا هەوڵ دەدرێت عەرەق خۆر و بێ دینەكان بە پیاوباش بدرێنە قەڵەم و حاجی و دیندارەكانیش بە كەسانی دكتاتۆر و ڕەزیل و ناباش ...)

ئائەو جۆرە كەسانەی بەو كارە هەڵدەستن و مەسرەفی تێدا دەكەن و بڵاوی دەكەنەوە، سزایەكی ڕیسواكەر لە ئایندەدا داوێزگیریان دەبێت هەركاتێك ئەو جۆرە كەسانە ئایەتەكانی خوای گەورەیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە لوت هەڵدەبڕن و خۆفش دەكەنەوە و گوێ بیستی نابن، هەروەكو گوێیان لێی نەبێت وایە، دەڵێی قورقوشم كراوەتە گوێیان و دەزگای بیستنی سەنگین كردوون. جا مژدە بدە بەو جۆرە كەسانە كە سزایەكی سەخت و بەئێش چاوەڕێیانە!!

لەولاشەوە ئەوانەی كە بە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و كار و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە بەهەشتی ڕازاوەی پڕ لە نازو نیعمەت چاوەڕێیانە





كە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە، بێگومان ئەوە بەڵێن و وادەیەكی ڕاست و دروستە لەلایەن خوای گەورەوە، هەر ئەوەندەی دەوێت كە قۆناغی مردن تێپەڕێنن، ئیتر یەكسەر بە سەرەتاكانی بەهەشت شاد دەبن و نێو گۆڕ بۆیان دەبێتە باخچەیەك لە باخچەكانی بەهەشت و ژیان دەبەنەسەر تا قیامەت بەرپا دەبێت، كە ئەگەر هەزاران ساڵیش بە حسابی زەوی تێیدا بمێننەوە وادەزانن ڕۆژێك یان كەمترە!! بێگومان ئەو خوا گەورەیە تەواو باڵادەستە بەسەر دروستكراوەكانیدا، تەواویش دانایە لە نەخشە و پلان و مۆڵەتدان و پێشهاتەكاندا.

لە ئایەتی ١٨- ٢٠ ی سورەتی (السجدە) دا دەفەرموێت: باشە ئەوەی كە ئیماندارە وەك ئەو كەسە وایە كە فاسق و تاوانبار و تاوانكارە؟! بێگومان ئەو دوو جۆر كەسە هەرگیز لەیەكتر ناچن و كارو كردەوە و دەرئەنجامیشیان لەیەكەوە زۆر دوورە .. چونكە ئەوانەی كە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و كارو كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە، ئەوانە جێگە و ڕێگەیان ئەو بەهەشتانەیە كە بۆ هەمیشە جێگەی حەوانەوە و حەسانەوەیانە، لەوێ پێشوازیان لێ دەكرێت و مەنزڵیان ئەوێ یە لە پاداشتی ئەو كارو كردەوانەی كە جاران دەیانكرد. بەڵام ئەوانەی ڕێبازی كوفر و بێ دینیان گرتۆتەبەر شوێنی نیشتەجێ بونیان نێو ئاگری دۆزەخە، هەركات هەوڵێك دەدەن بۆ دەربازبون لێی، لەولاوە ڕاپێچ دەكرێنەوە بۆ ناوی و پێیان دەوترێت: دەبچێژن سزای ئەو ئاگرەی كە باوەڕتان پێی نەبوو.
لە ئایەتەكانی ٤١- ٤٤ ی سورەتی الاحزاب دا دەفەرموێت:

ئەی ئەو كەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، زۆر یادی خوای گەورە بكەن، زۆر باسی سیفاتی پیرۆزی بكەن، زۆر باسی ئاین و بەرنامەكەی بكەن،

زۆر هەوڵبدەن خۆشەویستی بکەن لای خەڵکی، زۆر باسی ناز و نیعمەتەکانی بکەن زۆر دەوری قورئانەکەی بکەنەوە .. زۆر .. زۆر ...

وە لەکاتی بەرەبەیان و دەمەو ئێواراندا تەسبیحات و ستایشی بکەن. خوای گەورە ئەو زاتەیە کە (صلوات) و ڕەحمەتی خۆی دادەبارێنێت بەسەرتاندا هەروەها فریشتەکانیشی بۆئەوەی لەسەرجەم تاریکستانەکان دەرتان بهێنن و ڕزگارتان بکەن، وە بتانخەنە نێو دەریای نورەوە، بێگومان ئەو زاتە بە نیسبەت ئیماندارانەوە تەواو بەسۆزە و خاوەن میهرە. دیارە (صلوات) ی خوای گەورە ڕەحمەتی ئەو زاتەیە (صلوات) ی فریشتەکانیشی داوای لێخۆشبونە بۆ ئیمانداران .. (صلوات)ی پێغەمبەریش ﷺ دۆعاو نزایە بۆ ئیمانداران. جا ئەو ڕۆژەی بە دیداری ئەو زاتە شاد دەبن ئەوان سڵاو لە زاتی حەق و بەدیهێنەریان دەکەن، ئەو زاتە ڕێزدار و خاوەن میهرەش وەڵامی سڵاویان دەداتەوە، جگە لەوەی کە پاداشتی زۆر بەنرخ و پیرۆز و چاکی بۆ ئامادەکردوون -

شایانی باسە کاتێ کە بەندە لە غەریبیدا بووم لەنێوان ساڵەکانی ٧٩- ٨٤ نامەیەکم لەلایەن مامۆستا حاجی بکرەوە بۆهات، داوای گەڕانەوەمی دەکرد، منیش ٢ ڕکات نوێژی (استخارە) م خوێند و لە مزگەوتی (بلال) لە پاوەلێی ڕاکشام .. لە خەونمدا بەدەنگێکی زوڵاڵ ئەو چوار ئایەتەم دەخوێندو تەفسیرم دەکرد بۆ هەندێ لە براکان .. یەکێکیان پرسی یەعنی چی خوای گەورە صلوات لەسەر ئێمە دەدات .. وتم: صلواتی خوای گەورە ڕەحمەتی ئەو زاتەیە ئەوەنیە دەفەرموێت: وَكَانَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَحِيمٗا.. ئیتر کە خەبەرم بۆوە بڕیاری گەڕانەوەم داو خوای گەورە لەو بارودۆخەدا گەڕانەوەی بۆی





ئاسان کردم و الحمد لله کۆچ و گەڕانەوەمی بەخێر گێڕا و کردیە خولێکی پیرۆز و بە هاوکاری برایانم ڕۆڵێکی باشمان بینی، خوای گەورە بیکاتە توێشوی قیامەتمان و لێمان وەرگرێت، چونکە ئەو هەمیشە زاتێکی بەلوتف و میهرەبانە بە نیسبەت ئیماندارانەوە.

# سورەتی (فاطر)

**تەفسیری ئایەتەکانی ٢٩- ٣٥**

خوای گەورە دەفەرمویێت لەڕاستیدا ئەوانەی کە دەوری قورئان و پەیامی پەروەردگار دەکەنەوە، نوێژەکانیشیان زۆر بەجوانی و لەسەر خۆ و تێر و تەواوی ئەنجام دەدەن و ئاسەواری لەسەر هەموو هەڵسوکەوتیان هەیە و کۆنترۆڵی هەموو کردار و گوفتارێکیان دەکات، ئینجا لەوەی پێمان بەخشیون بەنهێنی و بە ئاشکرا دەبەخشن، بەنهێنی بۆئەوەی ڕیا و ڕوپامایی تێکەڵ نەبێت، بە ئاشکرا بۆ هاندانی خەڵکی تر، ماڵ و سامان دەبەخشن بۆ پرۆژەی خێر تا خەڵکی تر چاویان لێ بکات، هەروەها بەنهێنی دەیبەخشن بە هەژار و نەداران تا ئیحراج و شەرمەزاریان نەکەن - بەنهێنی ئامۆژگاری ئەم و ئەو دەکەن و زانست و زانیاری بەسود دەبەخشن بە ئاشکراش لە شوێنە گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی جەماوەر دەکەن بۆ هەموو خێرو چاکەیەك.

بە تەندروستی و هێزی بازویان بەنهێنی یارمەتی کەسانێك دەدەن کە پێویستیان بە یارمەتیە، بە ئاشکراش ئەوکارە دەکەن —

ئائەوانە بەو هەڵسوکەوتەیان بە ئومێدی دەستکەوتی گەورەن لە بازرگانیەکدا لەگەڵ پەروەردگاری خۆیاندا کە هەرگیز نەهامەتی و زەرەرو زیان و مایەپوچی ڕوی تێ ناکات ..





چونکە خوای پەروەردگاریان وەفا دەکات و پێزانە بە هەوڵ و کۆشش و دڵسۆزیان بۆ قورئانەکەی، لەبەرئەوە پاداشتی زۆر چاکیان دەداتەوە و لە زیادە فەزڵ و بەخشندەیی خۆیشی بەهرەمەندیان دەکات، چونکە ئەو زاتە بەڕاستی تەواو لێخۆشبوە و تەواویش سوپاسگوزارە - چاوپۆشی دەکات لە هەڵە و کەموکوڕی و کەمتەرخەمیان، وە سوپاسیان دەکات لەسەر هەوڵ و خەبات و خەمخۆریان، هەرچەندە هەموویشی هەر تەوفیقات و فەزڵی خۆیەتی -

ئینجا دەفەرموێت: ئەوەی کە بە وەحی و نیگا بۆمان ڕەوانەکردویت لەم قورئانە ئەی محمد ﷺ هەر ئەوە حەق و حەقیقەت و ڕاستەقینەیە و پێشتر لەلایەن کتێبە پێشوەکانەوە باس کراوە و - مژدەی هاتن و نازڵبونی ئەم قورئانە باس کراوە و بەڵێنی پاراستنی دراوە، بەڵام بەڵێنی پاراستنی کتێبەکانی پێشتر نەدراوە - بەڕاستی خوای گەورە تەواو ئاگاو بینایە بە بەندەکانی، ئاگادار و بینایە بە هەموو هەڵسوکەوت و خەمخۆریان.

پاشان ئێمە کەسانێکمان لە ئوممەتی محمد ﷺ هەڵبژارد و کردمانن بە وارث و خەمخۆری ئەم قورئانە لە بەندە ئیماندارەکانمان: جا هەیانە ستەم لە خۆی دەکات و وارثێکی چاك نیە و دینی خۆی دەفرۆشێت بە دنیایەکی کەم، یاخود دینی خۆی دەفرۆشێ بە دنیای خەڵك، هەیشیانە مامناوەندی یە و خەمخۆرە تارادەیەك، بەڵام هەیانە پێشبڕکێ دەکات بۆ بەدەست هێنانی خێرو چاکە، بۆ گەیاندنی پەیامی خوا، بۆ ڕۆشنکردنەوەی بیرو هۆشی خەڵك دەربارەی پەیامەکانی خوا لە قورئانەکەیدا - جا ئەو هەڵبژاردن و خەمخۆریە فەزڵ و ڕێزێکی زۆر گەورەیە -

ئەوانە بەهەشتەکانی عەدنیان بۆ ئامادەکراوە، بە باخی ڕازاوە و کۆشك و تەلار و ڤیلای جوان و قەشەنگەوە بازن و دەستبەندی ئاڵتونی تایبەت و ملوانکەی مرواری پێشکەش بە خۆیان و هاوسەرانیان دەکرێت، پۆشاکیشیان ئاوریشمی تایبەتە مەگەر خوا بزانێ چەندە ناسك و نایاب و جوان و ڕازاوەیە بە نەخشی هەمەجۆر ..

جا لەنێو ئەو ناز و نیعمەتە بێ شومار و بەنرخانەدا پڕ بەدڵ دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو زاتەی هەرچی غەم و پەژارە و بێزاری یە لە دڵی دەرکردین، بەڕاستی ئێستە بەتەواوەتی و بەڕونی بۆمان دەرکەوتووە کە پەروەردگارمان تەواو لێخۆشبوە و زۆر زۆریش سوپاسگوزارە ..

پێشتر لە دنیادا زاتی خۆی پێناساندبوون کە تەواو لێخۆشبووە و تەواویش سوپاسگوزارە، ئەوەتە بەختەوەران لە بەهەشتدا بەتەواوەتی هەست بەو فەزڵ و سیفاتە جوانانە دەکەن ئەو زاتەی کە شوێنی مانەوەی یەکجاری پێ بەخشیون بە فەزڵ و بەخشندەیی خۆی زۆر لێیان ڕازی و خۆشنودە، بۆیە دەڵێن: ئیتر هیچ نەخۆشی و ئازارێکی مادی و مەعنەوی ڕومان تێ ناکات، هیچ هەڵوێست و کارو کردەوەیەکی ناشرین نابینین و توشمان نابێت.





# سورەتی (یس)

لە ئایەتی ٢٠ دا باسی ئەو ئیماندارە خەمخۆرە بەهەستە باس دەفەرمویێت کە لەوپەڕی شارەوە بەپەلە و بەهەڵە داوان دێت بۆلای پێغەمبەران و باوەڕی بە پەیامەکەیان هێناوە و شان بەشانی ئەوان بانگی قەومەکەی دەکات بۆ شوێنکەوتن و باوەڕپێکردنیان و دەڵێت: خزمینە شوێنی ئەم کەسانە بکەون کە لەبەرانبەر پەیامەکەیاندا هیچ کرێ و شاباشێکیان لەئێوە ناوێت، ئەم بەڕێزانە هۆکارن بۆ هیدایەتی ئێوە ئەگەر بەقسەیان بکەن .. دیارە خەڵکەکە کردویانە بە گاڵە بۆیە ڕوبەخۆی دەڵێت و دەیەوێت ئەوانیش بێدار بکاتەوە: جا ئەوە بۆچی من تەنها ئەو زاتە نەپەرستم کە منی دروستکردووە، خەڵکینە ئێوەش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە، کەی ڕاستە من شتی تر بکەمە خوای خۆم، خۆ ئەگەر ئەو خوای میهرەبانە بیەوێت توشی بەڵایەکم بکات، شەفاعەت و تکای ئەوانە - ئەگەر بیانبێت هیچ فریام ناکەون.

ئەگەر ئاوا بیروباوەڕم چەوت بێت ئەوە دیارە کە من لە گومڕاییەکی ئاشکرادا گیرم خواردووە .. جا ئیتر ئێوە خەڵکینە، خزمینە بەشایەت بن کە من باوەڕم بە پەروەردگارتان هێناوە ..

- نالێت پەروەردگارم - بۆئەوەی بەرەو ئیمان بیانهێنێت - چونکە خوای گەورە پەروەردگار و بەدیهێنەری هەموانە - جا ئیتر چاك گوێ بیستی دوا بڕیارم بن، با چاك گوێتان لێبێت ...

ئەوسا ئیتر مۆڵەتی نادەن و شەهیدی دەکەن .. ئەویش لەوێوە پەیامی خۆی دەدا بە گوێی هەموو ئادەمیزادەکاندا هەتا قیامەت و خوای گەورەش پەیامەکەی بۆ هەتاهەتایی لە قورئانەکەیدا تۆمار دەکات دوای ئەوەی پێی دەوترێت: دەفەرمو بچۆ بۆ نێو بەهەشت، کاتێ خۆشی و کامەرانی بەهەشت دەبینێت دەڵێت: خۆزگە ئەو خەڵگە ئەو خزمانە بیانزانیایە چۆن خوای گەورە لە هەموو کەم و کوڕی و ناتەواویەکم خۆش بوو، وە خستمیە ڕیزی ڕێزلێگراوانەوە.

لە ئایەتی ٥٤- ٥٨ دا دەفەرموێت: ئەمڕۆ هیچ کەس هیچ جۆرە ستەمێکی لێ ناکرێت، وە پاداشت بەگوێرەی ئەو کارو کردەوانەیە کە جاران لە دنیادا ئەنجامتان دەدا. بێگومان نیشتەجێکانی بەهەشت ئەمڕۆ لەوپەڕی خۆشی و شادی و کامەرانی و ڕابواردندان .. خۆیان و هاوسەرانیان لەژێر سێبەری درەختە جوانەکاندا لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان بە کەماڵی ئیسراحەت شانیان داداوە، لە هەموو جۆرە میوەیەکی جوان و تام خۆش و بۆنخۆش بەهرەمەندن و داوای هەرچیەك بکەن و ئارەزووی هەرچیەك بکەن بۆیان ئامادەیە هاوڕێ لەگەڵ سڵاوی پەروەردگارێکدا کە بەسۆز و میهرەبانە.





# سورەتی (الصافات)

خەڵکێکی زۆری سەرگەردان بەدرێژایی زەمین و زەمان باوەڕیان بە زیندوبونەوە و لێپرسینەوە لەق بووە - خوای گەورە لە گەلێك لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانەکەیدا بەوپەڕی ئەمانەتەوە گوفتاریانی تۆمارکردووە و وەڵامیشی داونەتەوە و پەیوەستی کردووە بە حاڵ و گوزەرانیانەوە لە قیاەتدا بۆ نمونە ئایەتەکانی ١٦- ٣٩ کە وتویانە: باشە ئێمە چۆن زیندو دەکرێینەوە کاتێ کە مردین و بوینە خاك و ئێسکی ڕزیو؟!

داخۆ باوانی دێرینیشمان زیندو دەکرێتەوە؟!

خوای گەورە فەرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ کە بڵێت: بەڵێ وە بە زەلیلی و ڕیسوایی و خەجاڵەتیشەوە!!

هەر کە داچڵەکاندنێك (بەهۆی فوکردن بە کەڕەنا و صور) دا پێشهات هەمویان زیندوبونەتەوە و بە سەرسامیەوە تەماشا دەکەن .. ئەوکاتە بێباوەڕان دەڵێن: هاوار لە ئێمە ئەمڕۆ ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەیە. هەروەها پێیان دەوترێت: ئەمڕۆ ڕۆژی جیاکردنەوەیە، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو .. ئەوسا فەرمان دەدرێت: ئادەی ستەمکاران و هاوکاران و هاوشێوەکانیان کۆبکەنەوە لەگەڵ پەرستراوەکانیاندا کە لەجیاتی خوا دەیانپەرست ڕێگەی دۆزەخیان نیشان بدەن، ڕاپێچیان بکەن بۆ ئەوێ.

نەخێر!! جارێ بیانوەستێن، ئەوانە دەبێ پرسیاریان لێ بکرێت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

ئینجا پێیان دەوترێت: ئەی بێ دین و خوانەناسان ئەوە بۆچی ئێستە پشتیوانی لەیەکتر ناکەن؟ بۆچی بەرگری لەیەکتر ناکەن؟!

سەیرە!! هەمووی حەپەساوە و دەمی بووە بە تەڵەی تەقیو، هەموی ملکەچە و تەسلم بووە و خۆی داوە بەدەستەوە .. جا دوای ماوەیەك هۆشێکیان پێدا دێتەوە و دەچن بۆلای یەکتر و یەخەی یەکتر دەگرن، داماوەکان بە زۆرزانەکان دەڵێن: بیرتان دێ چۆن بە درۆ و دەلەسە و قسەی لوس و دەمپاراوی لای ڕاستان لێ گرتبوین؟! ئەوانیش دەڵێن: نەخێر وانیە، ئێوە هەرخۆتان ئیمان و باوەڕتان نەبوو گێلانە هاتن بەدەم ئێمە و شوێنمان کەوتن، خۆ ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو بەسەرتاندا، بەڵکو هەرخۆتان کەسانێك بوون حەزتان لە یاخی بوون و بەرەڵایی و لە سنور دەرچوون دەکرد، پاشان هەموویان دەڵێن: تازە ئەم گلەیی و تاوانبارکردنی یەکتری یە هیچ سودی نیە و بڕیاردادەی خوای پەروەردگارمان بەسەردا بڕیاردراوە و دەبێ سزای سەخت بچێژین، هەرچەندە ئێمە سەرمان لە ئێوە شێواند، چونکە بەڕاستی خۆمان کەسانێکی سەرلێشێواو بوین .. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: جا ئیتر ئەو ڕۆژە هەموویان هاوبەشن لە چەشتنی سزا و ئازار و ئەشکەنجە لە دۆزەخدا، بەڕاستی ئێمە ئەئاوا تۆڵە لە تاوانکار و تاوانباران دەسێنین. چونکە ئەوانە کاتێ کە دەوترا پێیان شایەتمان بێنن بڕوابکەن هیچ خوا و فەرمانڕەوایەکی بە حەق نیە جگە لە (الله) بڵێن (لا اله الا الله) فویان دەکردە خۆیان و خۆیان بە گەورەتر لەوە دەزانی کە ئیمان بهێنن و بڕوا بە تاك و تەنهایی خوای گەورە بکەن.





ئەوانە و هاوشێوەیان بەردەوام دەڵێن: چۆن دەبێت ئێمە واز لە خواکانمان بێنین، واز لە پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەکانمان بێنین، بۆ شاعیرێکی شێت - بۆ ئاینێکی کۆن، بۆ قورئانێك کە پێش زیاتر لە ١٤٤٠ ساڵ لەمەوبەر هاتووە، دین دەبێ لە سیاسەت جیابێت دین تەنها بیروباوەڕی تاکە، هەرکەسە ئازادە چی دەپەرستێت؟! کەس بۆی نیە ڕێنمونی بکات!!

لە حاڵێکدا ئەم پێغەمبەرە ﷺ حەق و حەقیقەتی هێناوە و پەیامی سەرجەم پێغەمبەران بە ڕاست و دروست دەزانێت .. جا ئیتر ئێستە ئەی خوانەناسان دەبێ سزای زۆر بەئێش بچێژن، دڵنیاش بن کە پاداشتان، واتە سزادانتان بەڕادەی ئەو کارو کردەوانەیە کە جاران لە دنیادا ئەنجامتان دەدا..

لەڕاستیدا ئیماندار سەری سوڕدەمێنێ لە داڕشتنی ئایەتەکانی قورئان کە چۆن وەك فیلم ڕاستیەکان دەخاتەڕوو، دنیا و قیامەت پێکەوە گرێ دەدات - تاوانباران دەخاتە دۆزەخەوە و پاشان دەیانهێنێتەوە بۆ دنیا و قسە و گوفتاریان بەوپەڕی ئەمانەتەوە تۆماردەکات ئینجا دەیانباتەوە بۆ نێو دۆزەخ، تا ئەگەر تۆزێك ژیریان هەبێت فریای خۆیان بکەون، پێش ئەوەی ڕوداوەکان ببنە واقع و تیایدا گیربخۆن، هەرچەندە بەنیسبەت ڕابوردوانەوە بۆتە واقع و حەقیقەت. ئینجا دێتە سەر باسی بەختەوەران لە ئایەتەکانی ٤٠- ٧٠ کە بە (اخلاص) و دڵسۆزی یەوە خوایان پەرستوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، ئەوانە لەو حاڵەی کە ناحەزان گیریان تێدا خواردووە زۆر بەدوورن، چونکە ئەوانە ڕزق و ڕۆزی هەمەجۆریان بۆ ئامادەکراوە، لەهەموو میوەیەکی جوان و تام خۆش و بۆن خۆشیان پێشکەش دەکرێت لەسەر دەفروسینی کریستاڵ و زێڕی کەس نەدیو لەگەڵ

ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینیندا لەلایەن خوای پەروەردگاری ئازیز و فریشتە بەڕێزەکان و حۆری و ولدان غیلمانە بەسۆزەکانەوە، لەنێو باخەکانی بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەتی بێ شوماردا، جارجار بەختەوەران لەسەر جێگە و ڕێگە خۆشەکانەوە بەرانبەر یەکتر دادەنیشن، یادی ڕۆژگاری دنیا دەکەن، جا لەلایەن ولدان و غلیمان و کەنیزەکەکانەوە شەرابی تایبەتیان پێشکەش دەکرێت لە سەرچاوەی جاری و کانی پاك و بێگەردەوە کە نیشانەی زۆری و فراوانی و بێ پایانیە، ئەو شەرابە سپی و بێگەرد و تام خۆشە لە زاری ئەو کەسانەدا کە دەیخۆنەوە، نە توشی بێ هۆشی و گێلی و وڕێنە دەبن، نە ئێلنج دەدەن و ناچاری چونە سەر پێشاو دەبن .. هەروەها لەپاڵیاندا حۆری چاوگەش و نازدار و دیمەن جوان هەیە، جەستەیان دەڵێی هێلکەی پاکراوی پاك و بێگەردە، یاخود وەکو هێلکەی نەعامەی کەس نەدیو و دەست لێ نەکەوتوو وان ..

جا لەو بارودۆخە خۆشەدا بەختەوەران هەڵدەستن و دەچن بۆلای یەکتر و پرسیار لە ژیانی دنیای یەکتر دەکەن ..

یەکێکیان دێتە گفت و دەڵێت: لەڕاستیدا من هاوڕێیەکم هەبوو زۆرجار قسەم بۆ دەکرد، باسی دینم بۆ دەکرد، باسی قەبر و قیامەت و مردن و زیندوبونەوەم بۆ دەکرد، کەچی پێی دەوتم: باشە تۆ چۆن بڕوا دەکەیت بەوەی کاتێ ئێمە مردین و بوینە خاك و ئێسکی ڕزیو جارێکی تر زیندو دەبینەوە و دەربارەی ئەم ژیانی دنیایە لێمان دەپرسێتەوە و تاوانبار دەکرێین لەسەر گوناهەکانمان .. ئەوسا کوتوپڕ سەرهەڵدەبڕێت دەبینێت لەسەر شاشەیەك وەکو ئەو شاشە گەورانەی لە شوێنە گشتیەکاندا دانراوە دەیبینێ و بە هاوەڵانی دەڵێت: ئەوە تەماشای ئەو زەلامە ناکەن کە بۆم





باسکردن، من دەیبینم لە تەختی دۆزەخدا گیری خواردووە، ئەوسا پەیوەندی پێوە دەکات و لەبەرچاوی هاوەڵانی پێی دەڵێت: سوێند بەخوا خەریك بوو منیش وەکو خۆت سەرگەردان بکەیت و لەخشتەم بەریت، من هەوڵم دەدا ئیمانت تێ بگەیەنم، کەچی هەوڵت دەدا دودڵی و گومان بۆ منیش دروست بکەیت؟!

بەخوا ئەگەر سۆز و ڕەحمەت و میهری پەروەردگارم نەبوایە منیش وەکو تۆ ئێستە گیرم خواردبوو .. بیرت دێ دەتوت: ئێمە ئەگەر مردین هەر ئەم مردنەیە و زیندوبونەوەی چی و کێ لەوێوە هاتۆتەوە؟! کەس سزا نادرێت و دۆزەخێك لە ئارادا نیە؟! ..

جا ئەو حاڵەی کە بەختەوەرانی تێدایە و ئەو گفتوگۆیانەی کە جارجار لەگەڵ دۆزەخیاندا دەیکەن، ئەوەندە مایەی شادمانیە نازانن چۆن سوپاسی خوای گەورە بکەن لەسەر نیعمەتی ئیمان و ئیسلام و بەهەشت مەگەر پەروەردگار خۆی ئیلهامیان بکات، جا ئابۆ ئەو خۆشی و شادی و کامەرانیە با تێکۆشەران زیاتر تێکۆشن، با خەمخۆران زیاتر هەوڵبدەن با زانایان جوانتر پەیامی خوا بگەیەنن، با ڕۆشنبیران زیاتر بیرو هۆشی خۆیان و خەڵکی ڕۆشن بکەنەوە.

ئینجا جارێکی تر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا دیمەنی دۆزەخیان باس دەکات و دەفەرموێت: باشە □ ئەو بارودۆخە چاکە □ کە بەختەوەرانی تێدایە، یان درەختی ژەقنەبوت، کە ئێمە کردمانە هۆکارێکی تاقی کردنەوە بۆ ستەمکاران لە دنیادا وە سزادانیان پێی لە قیامەتدا - چونکە کاتێ کە قورئان باسی درەختی کرد لەنێو ئاگردا، ستەمکاران بە عەقڵی کولیان باوەڕیان نەدەکرد کە خوای

گەورە بتوانێت درەخت لەنێو ئاگردا بەرهەم بهێنێت، جا دەفەرموێت ڕەگی ئەو درەختە لەناخی دۆزەخدایە و لق و پۆپەکەی بە هەموو لایەکیدا بڵاوبۆتەوە، بەروبومەکەشی دەڵێی سەلکە شەیتانە لە ناشرینی و پیسی و بۆگەنیدا، جا بەدبەختان دەبێ شۆربا و ئاوی لە کوڵی بەسەردا بکەن، جا لەتاو ئازار ڕادەکەن بەم لاولادا بەڵام لەو سەرەوە بە تێهەڵدان و سوکایەتی پێکردنەوە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ نێو دۆزەخ و ئازار و ئێشی بەردەوام، چونکە ئەوانە کاتی خۆی باوانی خۆیانیان بینی و سەرگەردان و سەرلێشێواون، کەچی بیرێکیان نەکردەوە، کوێرانە شوێنیان کەوتن و باوەڕیان بە خورافات و نادروستیان دەکرد!! - یاخود لە ئاینی یەکخواناسی ترازان و شوێن ئارەزووە ناپوختەکانی خۆیان کەوتن و کردیانە خوای خۆیان!!





# سورەتی (ص)

**ئایەتی ٤٩ -٦٤ دەفەرموێت:**

ئەم قورئانە، ئەم پەیامە یادخستنەوەیە، جا دڵنیابن کە بۆ تەقوادار و دینداران چاکترین جێگە و ڕێگەمان ئامادەکردووە - باخەکانی بەهەشتی عەدن - بە هەموو کۆشك و تەلار و سەیرانگای هەمەجۆری خۆشەوە - دەروازەی کۆشك و تەلار و ڤیلا و باخەکانی لەسەرپشت و والآیە بۆ بەختەوەران، لەسەر کورسی و قەنەفە و شوێنە خۆشەکان بە کەماڵی ئیسراحەت شانیان داداوە، لە هەموو جۆرە میوەیەکی بۆنخۆش و تامخۆش و دیمەن جوان، لە هەموو شەراب و خواردنەوەیەکی خۆش بەزۆری و بەردەوام داوادەکەن .. حۆری بە حەیا و حورمەت کە تەنها عەشقی هاوسەرەکانیانن و چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن هەموشیان هاوتەمەنن و هەمیشە لە تەمەنی لاوێتی و جوانیدان لەپاڵیاندا دادەنیشن و لەگەڵیان جوت دەبن و خۆشەویستی و سۆزیان بۆ یەکتر بێ وێنەیە، جا ئائەمە ئەو بەڵێنانەیە کە خوای گەورە بە چەندەها شێوە لە قورئانەکەیدا تۆماری کردووە کە پێشی دێنێ بۆ بەختەوەران لە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەدا. وە ئەوە دوپات دەکاتەوە، کە ئەم خۆشی و شادی و کامەرانی و نازو نیعمەتانە هەمیشە و بەردەوامە و هەرگیز تەواونابێت و کۆتایی نایەت.

ئەمە و بۆ ستەمکاران و زۆردارانیش جێگە و ڕێگەی زۆر ناخۆش و نالەبار و خراپ ئامادەیە .. دۆزەخەکە دەبێ بچنە ناوی و تیایدا ببرژێن، بەڕاستی بارودۆخێکی زۆر ناساز و نالەبارە. جا ئیتر با بیچێژن سزای ئاوی لەکوڵ لەگەڵ کێم و زوخاوی داچۆڕاوی لاشەی دۆزەخیان، بێگومان ئەو سزایانە بە چەندەها شێوە دەدرێن، سەیر لەوەدایە وا تاقمێك ڕاپێچکرا بۆ دۆزەخ، تاقمێکی تر یەکسەر بەشوێنیاندا ڕاپێچ دەکرێن و پێیان دەوترێت: ئەمانەش لەگەڵ ئێوە دەبێ بچنە ناوی، کەچی لەباتی سڵاو و چاکو چۆنی، پێیان دەڵێن: دەك بەخێرنەیەن، ئەوانیش هەردەبێ بگەیەنرێتە دۆزەخ!! ئەمانی دواوە کە گوێیان لەو ماریفەتە دەبێت دەڵێن: دەك خۆتان بەخێرنەیەن، ئێوە هۆکار بوون بۆ ڕەخساندنی ئەم بارودۆخە بۆ خۆتان و بۆ ئێمەش!!

ئەوسا ئەوانەی پێشەوە نزا دەکەن و دەڵێن: خوایە هەرکەس بوو بەهۆی ئەوەی ئێمە وا گیرۆدە ببین بەشی سزای زیاتر و چەند بەرانبەر بێت لەنێو ئاگری دۆزەخدا ..

ئینجا هەندێکیان دەڵێن: باشە ئەوە بۆچی ئێمە کەسانێك نابینین کە کاتی خۆی بە پیاو خراپ و کۆنەپەرست و دواکەوتومان دەزانین؟!! گاڵتەمان پێ دەکردن، یان لەبەرچاومان نین و نایانبینین!

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ئەم بەسەرهاتا نە حەق و حەقیقەت و ڕاستەقینەیە و گفتوگۆی دۆزەخیان دێتەدی و کێشە و دەمەدەمێ و قسە وتنیان و ماریفەتیان لەگەڵ یەکتر لە ڕۆژی خۆیدا پێش دێت، ئەگەر بەختەوەران حەز بکەن لە شاشە تایبەتیەکانەوە سەیریان بکەن زۆر ئاسانە.!!





# سورەتی (الزمر)

**لە ئایەتی ٦٨- ٧٥**

لەسەرتادا دەفەرموێت: کاتێ فوو کرا بە کەڕەنا و (صور) دا هەرکەس و هەرچی گیانلەبەر و زیندەوەر هەیە لە ئاسمانەکان و زەیدا هەرهەمووی تۆشی شۆك و گیان لەدەستدان دەبێت، مەگەر کەسێك ویستی خوای گەورە وابێت کە بمێنێت، پاشان فویەکی تری پێدا دەکرێت هەموو خەڵکی دەبینی بەپێوە وەستاون تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن - بەوپەڕی سەرسامیەوە

ئەوسا ئەو ڕۆژە زەوی ڕوناك دەبێتەوە بە نوری پەروەردگاری، ئینجا نامە و دۆسیە و ئەو کەرەستانەی کە کارو کردەوە و گوفتاری ئادەمیزادەکانی تێدا تۆمار کراوە دادەنرێت .. سەرەتا پێغەمبەران و شەهیدان دەهێنرێنە پێشەوە، ئەڵبەتە شەهیدان تەنها ئەوانە نین کە لەپێناوی خوادا شەهید کراون بەڵکو ئەوان و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە وەك شاگردانی پێغەمبەران خەمخۆری ئاینی یەکخواناسی بون و بە دڵسۆزی و شێوازی جوان گەیاندویانە هەروەها ئەوانەی ئاواتی شەهیدیان خواستوە و بە نسیبیان نەبووە. جا لەنێوان ئەو ڕێزدارانەدا داوەری لەسەر بنچینەی حەق دەکرێت و هیچ کام لەوان کەمترین ستەمیان لێ ناکرێت .. هەموو کەس و هەموو یەکێك وەفا دەکرێت بە وادەکانی خوای گەورە بۆی و بەگوێرەی کردەوەکانی پاداشتی دەدرێتەوە، بێگومان ئەو زاتە چاك زانایە

بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەو هەموو خەڵکە جاران لە دنیادا دەیانکرد. پاشان دەستەی کافر و بێ دینەکان ڕاپێچی دۆزەخ دەکرێن دەستە دەستە و پۆل پۆل، بەگوێرەی سەردەم و بیرو باوەڕو ڕابەریان، هەرکات گەیشتنە بەردەم دۆزەخ ئینجا دەرگاکانی دەکرێتەوە و ماوەیەك مۆڵ دەدرێن، ئەوسا بەرپرسی دۆزەخ کە فریشتە (مالك)ە ئەم پرسیار و سەرزەنشتەیان دەکات: باشە خوای گەورە هەر لە خۆتان پێغەمبەری بۆ ڕەوانە نەکردن کە ئایەت و بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتی ئەو زاتەتان بۆ باس بکات و ئاگادارتان بکات لەم ڕۆژەی کە ئێستە تێی کەوتون و لەم حاڵەتەی کە ئێستا داوێنگیرتان بووە؟!! هەموو بەیەك دەنگ دان بە حەقیقەتدا دەنێن و دەڵێن: بەڵێ ڕاستە، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە و دانئان بە تاواندا سودی نەماوە بڕیاردادەی خوا بە سزادانی کافران کۆتایی هاتووە ..

بۆیە پێیان دەوترێت: دەی کەواتە ئێستە لە دەرگاکانی دۆزەخەوە بچنە ناوی بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی، بەڕاستی جێگەی خۆبەزلزان و خۆبەگەورەزانەکان زۆر سەخت و دژوارە.

لەولاشەوە بە ڕێزێکی شایستەوە تەقواداران و دینداران بەرێ دەکرێن بەرەو بەهەشتەکانیان - بە هۆکاری بوراق ئاسا، بە هۆکاری زۆر پێشکەوتوو، ئەوانیش پۆل پۆل و دەستە دەستە، هەر کە دەگەنە بەهەشتەکانیان فریشتە بەرپرسەکان پێشوازی شاهانەیان لێ دەکەن و دەروازەی کۆشك و تەلار و ژوورەکانی هەموی لەسەرپشتە و پێیان دەڵێن: سلام علیکم سڵاوتان لێ بێت، بەڕاستی ئێوە کەسانی چاك و پاك بوون، کەسانی ژیر و خواناس بوون، کەسانی بەسۆز و میهرەبان بوون، فەرموون بچنە ناوی بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی ..





ئەوسا ئەوانیش بە دڵێکی پڕ و دڵخۆشیەکی بێ سنورەوە دەڵێن: حەمد و شوکر و سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەڵێنی خۆی بۆمان بردەسەر، وە سەرزەمینی بەهەشتی بۆ والاکردوین و کردوینی بە خاوەنی بەهەشت بۆ هەرکوێ بچین ئیتر ئازادین، بۆهەرلا بچین بازگە و زالگە نایەتە ڕێمان .. بەڕاستی پاداشتی ئەوانەی ڕەنجیان کێشا لەپێناوی ئاینی خوادا و خۆیان ماندوکرد و لە خەمیدا بوون زۆر چاك و بێ وێنە و بەنرخە ..

جا ئیتر بەسەرهاتی ئادەمیزاد لەسەر زەویدا کۆتایی هات، تاقیکردنەوەیان بە پایان گەیشت، بوون بە دوو دەستەی سەرەکیەوە .. فریشتەکان یادی سەرەتاکانی دروستکردنی ئادەم و ڕەخنەکانیان دەکەنەوە، سەریان سوڕماوە لە نەخشە و کاری خواوەندی باڵادەست بۆیە دەیانبینێ هەموان بەدەوری عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی خوادا کۆبونەتەوە و تەوافی دەکەن و تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگاریان دەکەن، ئیتر ئەوەبوو لەنێوان هەمواندا قەزاوەتی حەق و داوەری ڕەوا ئەنجامدارا .. ئەوسا هەموو بونەوەر هەموو وجود، هەمو فریشتەکان، هەمو ئادەمیزادەکان، هەموو دروستکراوان بەیەك دەنگ دەڵێن: الحمد لله رب العالمین.

# سورەتی (غافر)

**دەستەبەرکردنی بەهەشت لە بندەستی فیرعەوندا!! ئایەتی ٣٨- ٤١**

لەسەردەمی ئەو فیرعەونەی کە نەخشەی کێشا بۆ بنەبڕکردنی نەوەی ئیسرائیل خوای گەورە موسا پێغەمبەری هێنایە وجود و بە فیرعەون خۆیشی بەخێوی کرد، پاشان دوای دە ساڵ کۆچ و ئاوارەیی، کاتێ موسا گەڕایەوە بە پێغەمبەریی، فیرعەون و دارو دەستەی کەوتنە دژایەتی کردنی خۆی و پەیامەکەی و نەوەی ئیسرائیل، بەڵام کەسایەتیەکی ژیر لە خزمانی فیرعەون کە بە وردی دەیڕوانی بۆ فیرعەون و ڕەفتاری، لەهەمان کاتدا بەراوردی دەکرد لەگەڵ پەیامی یەکخواناسی موسادا و موعجیزەکانی، دڵنیابوو لەوەی کە موسا بەڕاستی پێغەمبەری خودایە و فیرعەون زەلامێکی ساختەچی چەواشەکاری دەستبڕە .. بۆیە ڕۆژێکی لە کۆڕێکی ئاشکرادا بیروباوەڕەکەی ئاشکرا کرد و هانی فیرعەون دارو دەستەشی دا بۆ ئیمان هێنان خوای گەورەش ئەوەی کە گرنگە لە ڕوداوەکە لەم سورەتەدا تۆماری فەرمووە ئیماندارەکە دەڵێت: خزمینە وەرن شوێنی من و ئەو بەرنامەیە بکەون کە من قەناعەتم پێی کردووە، ڕێنمونیتان دەکەم بۆ ڕێبازی ژیری و سەرکەوتن و سەرفەرازی .. خزمینە دڵنیابن کە ژیانی ئەم دنیایە هەرهەموی ڕابواردنێکی کەمە، تەمەن کۆتایە، زوو بەسەردەچێت، بەڵام حەسانەوەمان، خۆشیمان شادیمان ئەگەر خواناس بین لەودیو مردنەوەیە، لە





قیامەتدایە لەوێ ژیان و لاوێتی و تەندروستی و دەوڵەمەندی ڕەها و خۆشی و شادی بێ وێنە بەردەوام و بەرکەماڵە ..

جا هەرکەس گوناهێك ئەنجام بدات، ئەوە خوای گەورە ستەمی لێ ناکات، بەڵکو بەقەدەر خۆی تۆڵەی لێ دەستێنێت - یان لێی خۆش دەبێت ئەگەر تەوبەی ڕاستەقینە بکات -

بەڵام ئەوەی کارو کردەوەی چاك ئەنجام بدات نێربێت یان مێ پیاو بێت، یان ئافرەت، بەمەرجێ ئیمان و باوەڕی دامەزراوی هەبێت بە چەمکەکانی ئیمان، ئائەوانە دەچنە بەهەشتەوە لەهەموو جۆرە ڕزق و ڕۆزی یەك بەهرەمەند دەبن بەبێ سنور و بێ لێپرسینەوە، خەڵکینە، من پێم سەیرە، ئاخر من ئێوە بانگ دەکەم بۆ ڕزگاری و سەرفەرازی کەچی ئێوە من بانگ دەکەن، بۆ دۆزەخ و نەگبەتی!!

# سورەتی (فصلت)

**دامەزراوی و پابەندی لەتوێی ئایەتەکانی ٢٦- ٣٥**

سەرەتا کافران بە درێژایی مێژوو کاتێ نەیانتوانیوە قورئان دەستکاری بکەن، یاخود نورەکەی خامۆش بکەن، شەیتانەکانیان کەوتونەتە سەر ئەو فێڵەی کە خەڵکی بە شتی لاوەکی و گۆرانی وروژێنەر و کلیپی سەقەت و جۆرەها شتی پڕوپوچەوە سەرگەرم بکەن بە ئومێدی ئەوەی خەڵکی لە قورئان دووربخەنەوە و سەرکەوتن بەدەست بێنن!!

خوای گەورەش هەڕەشەیان لێ دەکات و دەفەرموێت:

شەرت بێ ئێمە سزایەکی توند و بە ئازار بچێژین بەو جۆرە کافر و بێ دینانە، وە تۆڵەیان لێ بسێنین بەگوێرەی خراپترین ئەو کردەوانەی کە جاران دەیانکرد، بێگومان ئابەو شێوەیە خوای گەورە تۆڵە دەسێنێ بە ئاگر لە دوژمنان و ناحەزانی، وە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی گیرۆدەیان دەکات لە پاداشتی ئەوەی کە ئەوانە لە دنیادا بەردەوام دژایەتی ئاینی خوایان دەکرد و ئینکاری و ڕێگریان لە هەموو خێر و چاکەیەك دەکرد .. جا ئەوانە کاتێ کە لە دۆزەخدا گیردەخۆن هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگە لەم داخوازی یە، دەڵێن: پەروەردگارا داواکارین کە ئەو کەسانەمان نیشان بدەیت لە جنۆکە و ئادەمیزادەکان، کە بونە هۆی گومڕابونمان، تا بیانخەینە ژێر پێمانەوە و هەر لەژێرەوەبن!! ..





سەیرە ئەوانە لە دنیادا ماستاویان بۆ ئەو سەرۆك و سەران و کاربەدەستانە دەکرد .. کەچی ئێستا وا لێیان توڕەن و لێیان بەداخن!!

لەولاشەوە ئەوانەی کە لە دنیادا بە کردار و گوفتاریان وتویانە پەروەردگاری ئێمە [الله] یە پاشان پابەندی بەرنامە و فەرمانەکانی بوون، ئائەوانە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە و پۆل پۆل فریشتە بەشوێن یەکدا دادەبەزن بۆلایان لەکاتێکدا هێشتا بە تەواوەتی ڕۆح لە لاشەیان جیانەبۆتەوە، بە سێ مژدەوە:

١- هیچ مەترسن، لە مردن، لە تاریکایی و تەنگەبەری قەبر، لە ڕۆژی زیندوبونەوە و لێپرسینەوە، لە دۆزەخ.

٢- هیچ خەفەت مەخۆن لەو کەس و ئیش و کارانەی کە بەجێی دێڵن، خوای گەورە خۆی تەگبیریان دەکات.

٣- مژدەتان لێ بێت کە شاد دەبن بەو بەهەشتەی کە چەندەها جار و بە چەندەها شێوە لە قورئاندا بەڵێنتان پێ دراوە. ئینجا خوای گەورە خۆی دەفەرموێت، یان فریشتەکانی، یان خوای گەورە و فریشتەکان کە: ئێمە یارو یاوەر و پشت و پەنای ئیوەین لە ژیانی دنیادا، هەر ئەوەتان بۆ پێش دێت کە بڕیاردادەی خوای گەورەی لەسەرە، هەروەها لە دواڕۆژ و بەهەشتدا، جا لەوێ هەرچی حەزی لێ دەکەن و ئارەزووی دەکەن ئامادەیە، هەرچی داوای دەکەن پێشکەشتان دەکرێت، هەموو ئەوانەش لەلایەن زاتێکەوەیە کە بەنیسبەت ئیماندارانەوە تەواو لێخۆشبو و بەسۆز و میهرەبانە.

پاشان گرنگترین هۆکارمان بۆ باس دەفەرموێت تا ئەو بەهەشتەی پێ دەستەبەر بکەین، ئەویش بانگەواز کردنە بۆلای خوای گەورە بۆلای دینەکەی، بۆلای قورئانەکەی، بۆلای پێغەمبەرەکەی وە دەفەرموێت: کێ

کارو گوفتاری لەو کەسە چاکتر و دروستترە کە بانگەواز دەکات بۆلای ئەو زاتە و کارو کردەوەی چاکیش دەنوێنێت ئینجا بە ئاشکرا دەڵێت: من لە ڕیزی موسوڵمانانندام، من ئیماندارم، من ئیمان و بیروباوەڕەکەم هانم دەدات بۆ چاکە و چاکەکاری. ئینجا دەفەرموێت: خەڵکینە دڵنیابن کە چاك و خراپ وەك یەك نین کارو کردەوەی باش و ناباش چونیەك نین، جا تۆی بانگخواز کاتێ کە کێشە و کۆسپ و لەمپەریان بۆ خۆت و بەرنامەکەت پێش هێنا، ئەوە بە جوانترین شێوە ڕوبەڕوی ببەرەوە ئەوکاتە دوژمنان و ناحەزانت کە ئەو هەڵوێستە جوانانەت دەبینن ڕێزیان بۆ تۆ دەبێت و قەناعەتیان بۆ دروست دەبێت و دەبنە دۆستی گیانی بەگیانی.

جا ئەم حاڵەتە تەنها ئەو کەسانە دەتوانن پیادەی بکەن کە خۆگری و ئارامگری بەسەر خۆیاندا دێنن، هەروەها ئەو کەسانەی کە خەمخۆری ئەم دینەن و بەو هۆیەوە خاوەنی بەختێکی زۆر گەورە و مەزنن!!





# سورەتی (الزخرف)

دۆستان و برایان!!

لە ڕۆژی قیامەتدا دۆستان و برایان و خۆشەویستان هەمووی دوژمن و ناحەزی یەکترن جگە لەوانەی کە لەسەر سفرەی تەقوا و دینداری کۆبونەتەوە و بەیەك گەیشتوون، ئەوانە دۆستایەتی و خۆشەویستی و سۆزیان بۆ یەکتر بەردەوامە چونکە لەسایەی بەرنامەی خوادا کۆبونەتەوە و لە ئاوی زوڵاڵی دینداری و خواناسی تینویەتی خۆیان شکاندووە - ئەوانە خوای گەورە بە گوفتارێکی شیرین پێیان دەفەرموێت ئەی عەبدە ڕێزدارەکانم! ئەی بەندە نازدارەکانم، لەمڕۆ بەدواوە ئیتر هیچ ترس و بیمێك، هیچ غەم و پەژارەیەك ڕوتان تێناکات ...

بێگومان ئەمانە ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بەسەرجەم ئایەتەکانی خوای گەورە هەبوو لە دنیادا، هەر لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە بگرە، هەتا ئایەت و نیشانەکانی گەورەیی و دەسەڵاتداری و دروستکاری و جوانکاری لە بونەوەردا، ئەوانە لەلایەن پەروەردگار و فریشتە بەڕێزەکانەوە پێیان دەوترێت: فەرموون ئیتر بچنە بەهەشتەوە، خۆتان و هاوسەرانتان لە حۆری یەکان و ئەو هاوسەرانەتان وەك ئێوە دیندار و خواناس بوون، یاخود خۆتان و هەموو ئەوانەی وەك ئێوە دیندار و خواناس بوون تا ئیتر بۆ

هەمیشە ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی و دوور لە خەم و خەفەت و گرفت بە خۆشی و شادی بێ سنور ببەنەسەر ..

جا لەو بەهەشتەدا لەسەر سینی ئاڵتون و زێڕ و لەنێو دەفر و کوپ و سوراحی زێڕدا جۆرەها خوادرن و خواردنەوەی جوان و ڕازاوە و تام خۆش و بۆنخۆشیان پێشکەش دەکرێت، جگە لەوەی کە هەرچی حەزی لێ دەکەن و هەرچی داوای دەکەن دەستبەجێ ئامادەیە، بۆیە پێیان دەوترێت، ئەمە سەیرانێکی کاتی نیە، ئەمە هەمیشە و بەردەوامە و ئێوەش بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی لەم ژیانە خۆشەدا کات دەبەنەسەر.

جا خوای گەورە لەگەڵ ئەو هەموو ناز و نیعمەتەدا، ئەو بەهەشتە ڕازاوەیە بێ منەت دەکات و دەفەرموێت: ئەو بەهەشتەی کە ئێستە ئێوە بونەتە خاوەنی لە پاداشتی ئەو کارو کردەوە چاکانەتاندایە کە جاران ئەنجامتان دەدا ..

جا ئیتر خەمتان نەبێت ئەم بەهەشتە جگە لە نازو نیعمەتی هەمەجۆری نەبڕاوە، پڕە لە میوەهاتی هەمەجۆری زۆر و بێ شومار کە هەرگیز تەواونابێت و نارزێت و تێك ناچێت، ئێوە دەتوانن بەردەوام لێی بخۆن .. ئەوەندە زۆرە پێوەی دیارنابێت و خێرا لە جێگەی خۆیدا دروست دەبێتەوە ...

لەولاشەوە تاوانبار و تاوانکاران لە سزای نێو ئاگری دۆزەخدا گیریان خواردووە و ئەوانیش بۆ هەمیشە دەبێ لەنێو ئەو سزایەدا بمێننەوە، ئەو سزا و ئەشکەنجەدانەش هەرگیز سوك ناکرێت لەسەریان و خەریکە لە داخا شێت و هار دەبن، جا خوای گەورە دەفەرموێت وەنەبێ ئێمە زوڵم و ستەممان لێ کردبن بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لە خۆیان دەکرد ..





جا ئیتر خوانەناسان لە دۆزەخدا بەشێوەیەك گیردەخۆن، بەشێوازێك سەغڵەت دەبن ئاواتی گەورەیان دەبێتە مەرگ و مردن و تیاچوون بۆیە هاوار لە فریشتەی سەرپەرشتیاری دۆزەخ دەکەن و بە کوڵ لێی دەپاڕێنەوە: ئەی (مالك) توخوا داوا لە پەروەردگارت بکە با بمانکوژێت، با لەناومان بەرێت، ئەم بارودۆخە، ئەم ئازار و ئەشکەنجەیە، ئەم هەمو سوکایەتیە، ئەم هەمو ترسە لە تواناماندا نەماوە - ئەویش هیچ وەڵامیان ناداتەوە .. تا سەرئەنجام دوای ماوەیەك، کە هەندێ لە موفەسرین دەڵێن: دوای هەزار ساڵ بە پێوەری ساڵەکانی دنیا، لە وەڵامیاندا دەڵێت: لەڕاستیدا خۆتان ماندو مەکەن و لەسەری مەڕۆن، ئێوە لەم شوێن و بارودۆخەدا دەبێ بۆ هەمیشە بمێننەوە!!

ئەوسا دوای ئەوەی خوای گەورە ئەو دیمەن و واقعە دەخاتە بەرچاو، وەك فیلمێك .. ڕوبەخەڵکی بەگشتی و ئەوانەی لە قیامەتدا ئاوا گیر دەخۆن بەتایبەتی دەفەرموێت: بیرتان نەچێت کاتی خۆی حەق و حەقیقەت و بەرنامەی ڕاست و دروستمان پێ ڕاگەیاندبون، بەڵام ئەوەتە زوربەتان حەز لە بیستن و پەیڕەوی کردنی حەق و حەقیقەت و دین و دینداری ناکەن.!!

# سورەتی (الدخان)

**ئایەتەکانی ٤٠- ٥٧**

خوای گەورە دەفەرموێت: لە ڕاستیدا ڕۆژی جیاکردنەوە، کاتی تایبەتی یە بۆ جیاکردنەوەی سەرجەم ئەو خەڵکە لەیەکتری، دەبنە دوو دەستەی سەرەکیەوە و هەرکەسەش پلەو پایەی خۆی لە بەهەشتدا گەر بەهەشتی بوو، یاخود پلەی نزم و پڕ ئازاری تایبەتی لە دۆزەخدا هەیە، گەر دۆزەخی بوو .. جا ئەو ڕۆژە کەس فریای کەس ناکەوێت، بەرپرسان فریای بەردەستەکانیان ناکەون، دەسەڵاتداران فریای دارو دەستەکانیان ناکەون، کەسیش لەوان سەرکەوتو و سەرفەراز نیە، جگە لەوانەی ڕەحم و سۆز و میهری خوای گەورە دەیگرێتەوە، ئەویش بەهۆی دینداری و کردەوە چاکەکانیەوە لە دنیادا، بەڕاستی ئەو زاتە باڵادەستە بەسەر ناحەزاندا، وە خاوەن سۆز و میهرە بەنیسبەت ئیمانداڕانەوە ..

لەڕاستیدا بەروبومی درەختی ژەقنەبوت خۆراکی تاوانباران و گوناهکارانە. وەك کانزای تواوە دەکوڵێت لەنێو گەدە و سکی خوانەناساندا، وەك ئاوی زۆر لە کوڵ قوڵپ دەدات ..

پاشان فەرماندەرێت: ئادەی بیگرن و دەست و پێی ببەستن و هەڵیگرن و فڕێیدەنە نێو بنی دۆزەخەوە، ئینجا گڕبارانی بکەن و ئاوی لە کوڵی پێدا بکە - ئینجا بە خاوەن فیز و خۆبەزلزان و ئەوانەی کە لە دنیادا فویان





دەکردە خۆیان و بەچاوی سوك تەماشای خەڵکیان دەکرد، دەوترێت: دەی بچێژە ئازار و ئەشکەنجەی بەردەوام، چونکە تۆ کاتی خۆی خۆتت بە گەورە و خاوەن پلەو پایە دەزانی و خۆت بە پیاوچاك و بەخشندە دەدایە قەڵەم .. ئەمە ئیتر ئەو ڕۆژەیە کە کاتی خۆی گومانتان لە پێشهاتنی هەبوو. لەولاشەوە تەقوادار و دیندار و خواناسان لە شوێن و جێگە و ڕێگەی هێمن و پڕ لە ئاسودەیی دا ژیانی هەمیشەیی دەبەنەسەر، ئەوان لە بەهەشت و کانیاوەکاندا، لەپاڵ سەرچاوەی خوڕەم و تاڤگەکاندا لەنێو باخ و کۆشکەکاندا لەوپەڕی دڵخۆشی و شادمانیدان - پۆشاکی ئاوریشمی ئەستوریان پۆشیوە و ئاوریشمی تەنکی جوانیان بەسەردا لەبەرکردووە، هەروەها هاوسەرانمان لە حۆری چاوگەش و گوڵئەندام بۆ فەراهەم هێناون کە عاشقی هاوسەرەکانیانن. هەرمیوەیەکیان حەزلێ بێت داوای دەکەن و دەست بەجێ پێشکەشیان دەکرێت لە کەش و هەوایەکی پڕ لە هێمنی و ئاسودەییدا .. ئەوان ئیتر جارێکی تر شەرابی مەرگ نانۆشن، تەنها ئەو مردنەیان چەشت کە بەدوایدا کەوتنە ئەم خۆشگوزەرانیەوە .. ئەوەتە پەروەردگاری مەزن لە سزای ئەو ئاگری دۆزەخەی کە خەڵکێکی زۆر بێشومار گیرۆدەی بووە پاراستونی، کە ئەوەش بێگومان فەزڵ و ڕێز و ناز و نیعمەتێکی بێ وێنەیە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە پێشکەش بە دینداران و ئیمانداران کراوە.

کە حەق وایە شەو و ڕۆژ لەبیری بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەدا بین تا لە قیامەتدا بەهرەمەندمان بکات، لەو نازو نیعمەتە تایبەتیانە.

# سورەتی (الاحقاف)

**له ئایەتی ١٣- ١٨**

خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوانەی کە بەڕاستی و دڵنیاییەوە دەڵێن پەروەردگارمان (الله) یە و پاشان بەردەوام پابەندی ئەو ئیمان و بیروباوەڕە دەبن و پەیڕەوی لە بەرنامەی ئەو زاتە دەکەن، ئەوانە لە سەرەمەرگ و جیهانی بەرزەخ و قیامەتدا هیچ جۆرە ترس و بیمێك ڕویان تێناکات و هیچ غەم و پەژارەیەك توشیان نابێت .. بەڵکو ئەوانە دەکرێنە خاوەنی بەهەشتی تایبەتی خۆیان، ئەوانە ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە لە بەهەشتدا دەبەنەسەر لە پاداشتی ئەو کارو کردەوانەی کە لە ژیانی دنیادا ئەنجامیان دەدا.

پاشان هەندێك ڕێنمونی و ئامۆژگاریمان دەکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەو بەهەشتە و دەفەرموێت: ئێمە ئامۆژگاری ئینسانمان کردووە بە چاك ڕەفتاری و ڕێزداریی لە دایك و باوکی، بەتایبەت نابێ بیری بچێت کە دایکی بە پێستی سکی چەندەها مانگ هەڵیگرتووە، پاشان بە ناڕەحەتی و ئازارەوە بویەتی، ماوەی مانەوەی لە سکی دایکیدا لەگەڵ شیر پێدانیدا سی دانە مانگی خایاندووە .. جا کەسانی دیندار و ڕێزدار کە دەگەنە هەڕەتی گەورەیی و هێزو توانایی، دەگەنە تەمەنی چل ساڵی ئەمە دۆعا و نزایانە و دەڵێن: پەروەردگارا یارمەتیم بدە و کۆمەکیم بکە تا شوکرانە بژێر و





سوپاسگوزاری ئەو نازو نیعمەتانە بم کە ڕشتوتە بەسەر خۆم و دایك و باوکمدا، بەتایبەت نیعمەتی ئیمان و دینداری، نیعمەتە مادی و مەعنەوی یە بێ شومارەکان، وە یارمەتیم بدە و کۆمەکیم بکە تا هەرچی کارو کردەوەیەك تۆی مەزن و پایەدار پێی ڕازی و خۆشنودی هەر ئەوە ئەنجام بدەم، هەروەها داواکارم کە هیدایەتی نەوەکانیشم بدەیت تا کەسانی دیندار و چاك و پاك بن، بەڕاستی من بە دڵ و بەگیان گەڕاومەتەوە بۆلای زاتی شکۆمەندی تۆ، وە من چومەتە ڕیزی ملکەچ و موسوڵمان و ئەو کەسانەی کە تەسلیمی زاتی تۆ بوون.

ئا بەوشێوەیە ئەو پەروەردگارە نازدار و شکۆمەندە ڕێنمونیمان دەکات تا وەفاداربین بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانی خۆیان تەرخان کرد بۆ خزمەتی ئێمە، هەروەها لە خەمی نەوەی داهاتوشدا بین و بەردەوام نزای خێریان بۆ بکەین تا کاروانی خێر و دینداری بەردەوام بێت. پاشان مژدەمان دەداتێ و دەفەرموێت: ئێمە بڕیارمانداوە کە لەسەر بنەمای چاکترین کردەوەکانیان پاداشتی ئەو ئادەمیزادە ژیرانە بدەینەوە، چاکترینی کردەوەکانیان وەردەگرین و لەسەر ئەو بنەمایە و بەگوێرەی ئەو، ئەوانی تر حساب دەکەین، نوێژەکان ڕۆژوەکان، خێرو چاکەکان، هەروەها چاوپۆشی دەکەین لەهەموو گوناهو کەم و کوڕیەکانیان، ئەوانە ئیتر خاوەنی بەهەشت و نیشتەجێی بەهەشتن و لەڕیزی بەختەوەراندان، ئەمە ئیتر هاتنەدی ئەو بەڵێنەیە کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا و لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیدا ﷺ پێیدابوون.

لەولاشەوە ئەو ئادەمیزادە نالەبارەی کە وەفای نیە بۆ دایك و باوکی و ئاخ و ئۆفێتی لەدەستیان و گاڵتەی دێ بە بیروباوەڕیان و دەڵێت: چۆن

بڕواتان پێ دەکەم کە لە توێی خاك دەربێم و زیندو بکرێمەوە ئەوەتە چەندەها سەدەیە خەڵك پەیدا دەبن و دەمرن و کەسمان نەدی بێتەوە!! ئەوانیش خەمیانە و داوای یارمەتی لە خوای گەورە دەکەن کە هیدایەتی بدات و پێی دەڵێن: هاوار لە تۆ، باوەڕ بێنە، بەڵێنی خوای گەورە ڕاست و دروستە، ئاخر خۆ ئێمە هیچمان نەبوین، بە یاسای تایبەت خوای گەورە ئێمەی هێنایە مەیدانی بوون، باشە زاتێك لە نەبونەوە ئێمەی هێنابێتە گۆڕەپانی وجود، کە مردین مەگەر ناتوانێت زیندومان بکاتەوە؟!

کەچی لەگەڵ ڕون کردنەوە و خەمخۆری دایك و باوکیدا دەڵێت: ئەمە داستان و سەرگوزشتەی خەڵکانی پێشینە!!

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ئا ئەو جۆرە کەسانە بڕیاردادەی خوای گەورە لەسەریان چەسپاوە بە تۆڵە سەندنەوە و سزا لێیان لەمانەی سەردەم و لەهەموو ئەوانەی کە لەنێو گەل و میللەتانی پێشیندا پەیدابون و بیروباوەڕیان بەو شێوەیە بوو لە دەستەی جنۆکە و ئادەمیزادەکان، بەڕاستی ئەوانە هەمویان خەسارەتمەند و زەرەرمەند و ڕیسوان.





# سورەتی (محمد ﷺ)

ئایەتی ١٢- ١٥

دەفەرموێت: بێگومان خوای گەورە ئەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن دەخاتە باخ و باخاتی بەهەشتەکانەوە کە ڕوبار بە بەردەم کۆشکەکان و بەژێر درەختەکانیدا ڕەوان و جاری یە - دیمەنیان لەوپەڕی جوانی و قەشەنگی و ڕازاوەییدایە، بەڵام ئەوانەی کە ڕێبازی کوفر و بێ دینیان گرتۆتەبەر لە دنیادا هەروەکو ئاژەڵ ژیان دەبەنەسەر هەروەکو ئەوان سەرگەرمی خۆراك خواردنن، بیرێك ناکەنەوە، تێنافکرن، کێ ئەوانی هێنایە گۆڕەپانی بون کێ باوانی دێرینی هێنا و بردنیەوە، بۆچی دروست بوون، ئەم هەموو دروستکراوانە لە خزمەتی ئەواندان و لەگەڵ ژیانیاندا گونجاوە، کێ گونجاندی، کێ بەدی هێنا ....

لەبەرئەوە شوێنی حەوانەوەیان لە قیامەتدا ژیانە لەنێو ئاگری دۆزەخ دا.

ئەی محمد ﷺ ئەوە بزانە کە ئێمە چەندەها شارو شارۆچکەمان لەناو بردووە کە خەڵکەکەی دەسەڵاتدارتر بوون لە شارەکەی تۆ، کە خەڵکەکەی دەربەدەریان کردی، ئێمە ئەوانمان لەناوبرد و کەسیش نەبوو پشتیوانیان لێ بکات، (ئەگەر ئەمانیش لەناوبەرین کێ هەیە فریایان بکەوێت). باشە داخۆ ئەو کەسەی کە دڵنیایە لە بەرنامەی پەروەردگاری قەناعەتی پێیەتی، دڵی

پێی خۆشە، بە ڕاست و دروستی دەزانێت، وەکو ئەو کەسە وایە کە کارو کردەوەی ناپەسەند و ناشرین و ساختەکاری بۆ ڕازێنرابێتەوە و دەوروبەری بە چەپڵە ڕێزان و فیکە پشتگیری بکەن، ئەوانیش بەردەوام ئارەزووەکانیان ئاراستەیان بکات و چی بە باش بزانن، ئەوە بکەن؟!

ئینجا خوای گەورە مژدە دەدات بە تەقواداران و دینداران و دەفەرموێت: نمونە و وێنەی ئەو بەهەشتەی کە بەڵێن دراوە کە ببەخشرێت بە تەقواداران و خواناسان، جگە لە نازو نیعمەتی بێ شومار چوار جۆر ڕوباری سەرەکی لە بەهەشتی هەریەکەیاندایە، یەکەم جۆریان: چەندەها ڕوباری ئاوی سازگارە - کە جۆرەها ماسی و زیندەوەری جوان و ڕازاوە و دڵڕفێنی تێدایە - دوهەمیان چەندەها ڕوبارو جۆگەلە شیرێك کە تێك ناچێت و تامی ناگۆڕێت، سێهەمیان: چەندەها جۆگە و ڕوبار لە شەرابی تام خۆش و بۆنخۆش و ڕەنگ جوان، ئەو کەسانەی دەیخۆنەوە زۆر چێژی لێ دەبەن، زۆر دڵخۆش و شادمان دەبن، هەروەها جۆگە و ڕوبار لە هەنگوینی پاڵفتەی شیرین و ڕەنگ جوان و پاك و بێگەرد، هەروەها ئەو نازو نیعمەتانە هاورێن لەگەڵ هەموو جۆرە میوە و بەروبوم و نازو نیعمەتانی بێ شوماردا و لەگەڵ ڕێز و پێزانین و مژدەی لێخۆشبوندا لەلایەن پەروەردگاری ئەو بەختەوەرانەی کە لە بەهەشتدا ژیانی هەمیشەیی دەبەنەسەر، باشە ئەو ژیان و خۆشی و شادی و کامەرانیە وەکو ژیانی ئەو کەسانە وایە کە لەنێو ئاگری دۆزەخدا گیریان خواردووە و ئاوی زۆر لە کوڵ دەرخواردیان دەدرێت و ورگ و ڕیخۆڵەیان هەلا هەلا دەکات، ناشمرن و ڕزگاریان ببێت، بەڵکو بەردەوا وەك خۆیان لێ دەکرێتەوە و سزای هەمەجۆر دەدرێن .. خوای گەورە پەنامان بدات لەگەڵ سەرجەم ئیمانداراندا.





# سورەتی ق

**ئایەتی ١٦- ٣٤**

سەرەتا خوای گەورە دەفەرموێت: لەڕاستیدا ئێمە ئادەمیزادان دروستکردووە و چاك ئاگادارین بە خەتەرە و خەیاڵی دڵ و دەرونی لە هەموو کات و ساتێکدا، لە هەموو شوێن و جێگەیەکدا، وە ئێمە لە دەمارەکانی نزیکترین لێی، هیچ کات لە ئێمە ون نابێت.

ئێمە جگە لەوەش دوو فریشتەمان کردووە بە چاودێر بەسەریەوە لای ڕاست و لای چەپیان گرتووە و دانیشتون لە نزیکیەوە و بە دەزگا و هۆکاری زۆر پێشکەوتوو تۆماری کردەوەکانی دەکەن، هەر قسە و گوفتارێکی لەدەم دەردەچێت خێرا، یەکێ لەو دوو فریشتەیە بەگوێرەی چاك و خراپ و شێوازی گوفتارەکە تۆماری دەکات، ئەگەر خراپ بوو فریشتەی لای چەپ، هەرچەندە دەگێڕنەوە کە فریشتەی لای ڕاست داوا لە فریشتەی لای چەپ دەکات کە کارو کردەوە و گوفتارە خراپەکان تۆمارنەکات، سا بەڵکو تەوبەیەك پەشیمانیەك دەرببڕێت!! جا ئەی ئینسان ڕۆژێك دێت، ساتێك بەڕێوەیە و ئازارو نارەحەتی و تەنگانەی مردن یەخەت دەگرێت، هاوڕێ لەگەڵ هەندێ حەق و حەقیقەت و ڕاستیەکاندا هەرچەندە تۆ خۆتت لێ لادەدا و حەزت پێ نەدەکرد .. جا ئێستە پۆلە فریشتەی تر، سەرەتاکانی ئەو شوێنەی کە لە دنیادا کارت بۆ کردووە، نیشانت دەدەن، مژدەت دەدەنێ،

ئەگەر لە بەختەوەران بیت، تۆ لە فریشتەی گیان کێشان ناترسیت، چونکە لە شێوازێکی جوان و ڕێکوپێکدا دێت بۆ سەردانت، سڵاوت لێ دەکات مژدەی ڕەزامەندی خوای گەورەت دەداتێ .. فریشتەکانی چاودێریش سوپاست دەکەن و باسی خێرو چاکەکان و نوێژە جوانەکانت دەکەن و مژدەت دەدەنێ کە خێرەکانت زۆرترە لە چاکەکانت، وە تۆ بۆلای پەروەردگارێکی میهرەبان دەگەڕێیتەوە.

فریشتەکانی تریش پۆل پۆل دێن بۆ پێشوازی گیانی پڕ لە ئیمانت، سڵاوت لێ دەکەن مژدەی بەهەشتت دەدەنێ و دەڵێن: ئێمە بەردەوام بۆنی خۆشی کردەوە چاکەکانت دەهات بەسەرماندا، بۆنی خۆشی هەڵمی ئەسرینەکانت کە لەترسی ئەوەی نەوەکو پەروەردگارت لێت بڕەنجێت، یان لە خۆشەویستی ئەو زاتە سارێژت دەکرد، ئێستا پێت دەڵێین ئەوانە هەمووی بونە قەڵغانی پۆلایین بۆت و سۆز و میهری خوایان جوڵاندەوە و تۆ بەرێز و ڕێزداری لای ئەو زاتە، تۆ ساتێکی کەم لەنێو گۆڕدا ڕادەکشێیت، قیامەت زۆری نەماوە، هەرکات بەرپابوو وادەزانی دوێنێ، یا سەرلەبەیانیەك یان سەرلەئێوارەیەکی خایاندووە.

(بەڵگەش خەوتنی هاوەڵانی ئەشکەوتە ماوەی ٣٠٩ دانە ساڵ، کاتێ کە خەبەریان دەبێتەوە و لەیەکتر دەپرسن، هەست دەکەن کە ڕۆژێك یان کەمتر خەوتوون، هەروەها مردنی سەدساڵەی عوزەیر پێغەمبەرە کاتێ کە خوای گەورە زیندوی دەکاتەوە لەڕێگەی وەحییەوە لێی دەپرسێت: ئەوە چەندت پێچووە، ئەویش هەر دەڵێت: ڕۆژێك یان کەمتر.

ئەوە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە کات بەشێوازێکی تر هەستی پێ دەکرێت، کاتێ خوای گەورە زیندومان دەکاتەوە.)





جا ڕۆژێك دێت فو دەکرێت بە دەزگای (صور) و کەڕەنادا ئەوە ئیتر ڕۆژی پێشهاتنی هەڕەشەکانی خوای گەورەیە لە بێ دین و ستەمکاران.

جا هەرکەسە دووو فریشتە بەرودوای لێ دەگرن، یەکێکیان کێشی دەکات، ئەوی تریان پەروەندە و کارنامەکانی پێیە (ڕەنگە دوو فریشتەی چاودێری دنیابن و تەسلیم بە دادگای سەرتاپا دادی خوایی بکەن).

ئەوسا پێی دەوترێت: تۆ خۆت غافڵ و گێل کردبوو لەم ڕۆژە و لەم پیشهاتانە و حسابت بۆ نەدەکرد، ئەمڕۆ ئیتر پەردەمان لەسەرچاوت لاداوە و مەودای بینایی تۆ زۆر تیژە و زۆر دەبینیت.

جا ئەگەر ئەو کەسە ئادەمیزادێکی بێ دین و نالەبار بێت، ئەوە فریشتەکەی کە ڕاپێچی دەکات و دڵنیایە کە دیلەکەی تاوانبار و تاوانکارە، هاواردەکات و دەڵێت: ئا ئەم زەلامەی لای من زۆر ناڕەسەن و تاوانبارە و هەموو کارنامەکەشی شایەتن لەسەری .. ئینجا خوای گەورە فەرمان دەدات بە هەردوو فریشتەی هەمو تاوانبارێك: ئادەی هەرچی بێ دین و کافر و خوانەناس و سەرسەختە فڕێی بدەنە نێو دۆزەخەوە، ئەوانەی کە کاتی خۆی ڕێگریان لە هەموو خێر و چاکەیەك دەکرد، دەستدرێژیان دەکرد و گومان و دودڵیان بەرانبەر ئاینی ئیسلام بڵاودەکردەوە، ئەوانەی کە باوەڕیان وابوو کە لەگەڵ خوادا خوای تریش هەیە، ئادەی بیانخەنە نێو سزای زۆر سەختەوە. ئینجا ئەو شەیتان و جنۆکەیەش کە ڕێپیشاندەری بووە بەقسەی کردووە بەگێردەهێنرێت، ئەویش پاکانە دەکات بۆ خۆی و دەڵێت: پەروەردگارا، وەنەبێ من لەخشتەم بردبێت بەڵکو هەرخۆی کەسێکی زۆر گومڕا و سەرلێشێواو و یاخی بوو. پاشان خوای گەورە فەرمانیان پێدەدات .. کە بێ دەنگ بن و لەبەردەم دادگای ئەو زاتەدا نەیکەنە گاڵە و دەفەرموێت:

من کاتی خۆی باسی ئەم ڕوداو و پێشهاتانەم لە قورئاندابۆ کردبوون .. ئیتر بڕیاردادەی من گۆڕانی بەسەردانایەت و منیش هەرگیز ستەمم لە بەندەکانم نەکردووە.

ئینجا دەفەرموێت: ڕۆژێك دێت خەڵکێکی زۆر بێشومار بەهۆی گوناهو تاوان و بێ دینیانەوە ڕاپێچی دۆزەخ دەکەین و پاشان بە دۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕبویت؟! ئەویش وەکو زمانزان دێتە گۆ و دەڵێت: ئەی هێشتا هیتر ماوە؟! ئەگەر ماوە هێشتا جێی زۆرە!!

لەولاشەوە بەهەشت نزیك خراوەتەوە و زۆر نزیکە لە تەقوادار و دیندار و خواناسانەوە، هیچ دورنیە لێیان، وە پێیان دەوترێت: ئەم بەهەشتە ئەو وادەو بەڵێنەیە کە خوای گەورە دابوی بە هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان هەمیشە لای خوا بوو هەوڵیان دەدا سنورەکانی نەبەزێنن .. جا هەرکەس لەکاتی پەنهانیدا، کە کەس ئاگای لێی نیە جگە لە خوای گەورە، ئەو لەو زاتە میهرەبانە بترسێ و نافەرمانی نەکات، وە بە دڵێکی پڕ لە نوری ئیمانەوە بگەڕێتەوە بۆلای خوا - ئەوە بەو جۆرە کەسانە دەوترێت: فەرمون بە ساغ و سەلامەتی بچنە بەهەشتەوە، ئەوە ئیتر ڕۆژی نەمری و ژیانی نەبڕاوەیە -

جا هەرچی حەزی لێ بکەن، هەرچی داوای بکەن بۆتان ئامادەیە و خوای گەورە دەفەرموێت: ئێمە نازو نیعمەتی زۆر زیاتر لەوەی کە داوای دەکەن بۆمان ئامادەکردوون و وەکو شتێکی چاوەڕوان نەکراو پێشکەشتانی دەکەین .. بێگومان شادبوون بە دیداری پەروەردگار لەهەموو نازو نیعمەتەکان گرنگتر و بەنرخترە.





# سورەتی (الذاريات)

**ئایەتەکانی ١٠- ١٩**

درۆزنەکان و بوختانچیەکان بەکوشت چن، ئەوانەی کە ڕۆچوون لە گوناهو تاواندا و حساب بۆ قیامەت و زیندوبونەوە و لێپرسینەوە ناکەن، بێ شەرمانە دەپرسن: کەی و چۆن ڕۆژی قیامەت بەرپا دەبێت؟! ئەوانە غافڵ و بێ ئاگان، کاتێك بەخۆیان دەزانن لەنێو ئاگری دۆزەخدا گیریان خواردووە و دەبرژێن و دەسوتێن بێ ئەوەی بمرن و ڕزگاریان ببێت، لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەدانیاندا پێیان دەوترێت: دەبچێژن سەرئەنجامی بێ باوەڕی و بێ دینی خۆتان، ئەمە ئەو ڕۆژەیە و ئەو شوێنەیە و ئەو سزایەیە کە کاتی خۆی گاڵتەتان پێی دەهات و بڕواتان پێی نەبوو بە تەحەداوە پەلەتان دەکرد لە پێشهاتنی.

لەولاشەوە تەقوادار و دیندار و خواناسان لەنێو باخەکانی بەهەشتدا لەپاڵ کانیاو و تاڤگەکاندا سەرگەرمی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی بێ وێنەن. ئەوان لە خۆشیدان و بە سوپاسەوە بەخششەکانی پەروەردگاریان وەردەگرن، چونکە ئەوانە کاتی خۆی کەسانی چاکەکار و چاکەخواز و دینداربوون، ئەوانە لە شەوگاردا کەم ڕادەکشان - شەونوێژیان دەکرد، نزایان دەکرد، دەورەی قورئانیان دەکردەوە، شتی چاکیان دەنوسی ... وە لە بەرەبەیانەکانیشدا داوای لێخۆشبونیان دەکرد - شەونوێژ و چاکەکانیان

بەکەم دەزانی و داوای لێبوردنیان لە پەروەردگاریان دەکرد، تا چاوپۆشی بکات لە کەم و کورِی و کەمتەرخەمیان .. هەروەها لەو ماڵ و سامانەی کە هەیانبوو بەشی هەژار و نەداریان دەدا و لەپێناوی هەموو کارێکی خێردا خەرجیان دەکرد.





# سورەتی (الطور)

**ئایەتی ١١- ٢٨**

ئەو ڕۆژەی قیامەت بەرپا دەبێت هاوارو ئاهو ناڵە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێی نەبوو بەدرۆیان دەزانی، ئەوانەی کە لە دنیادا هەر سەرگەرمی گەمە و گاڵە و ڕابواردنی نادروست بوون، ئەوانە ڕۆژێك دێت بە توندوتیژی زەبرەوە ڕاپێچی نێو دۆزەخ دەکرێن و پێیان دەوترێت: ئا ئەمە ئەو ئاگر و گڕ و تینەیە کە کاتی خۆی بڕواتان پێی نەبوو .. ئینجا بە گاڵتەپێکردنەوە پێیان دەوترێت .. ئەمەی کە گیرۆدەی بوون جادووە لێتان کراوە یان ئێوە ڕاستیەکان نابینن .. جا ئیتر دەبێ بگەیەنرێنە ناوی ببرژێن تیایدا، جا خۆگر دەبن یان خۆگر نابن ئازادن بۆتان چونیەکە!! .. ئەمە ئێستە پاداشتی ئەو کارو کردەوە و بیروبۆچونە چەوتانەیە کە کاتی خۆی پابەندی بون و پەیڕەویتان دەکرد ..

لەولاشەوە تەقوادار و دیندار و خواناسان لەنێو باخەکانی بەهەشتەکاندان، لەنێو نازو نیعمەتی هەمەجۆردان .. ئەوانە زۆر دڵخۆش و شادمانن بە بەخششەکانی پەروەردگاریان وە دڵنیان کە هەر ئەو پەروەردگارەیان لە سزای ئاگری دۆزەخ پاراستونی ..

ئینجا پێیان دەوترێت: بخۆن و بخۆنەوە، نۆشی گیانتان بێت لە پاداشتی ئەو کارو کردەوانەی کە جاران دەتانکرد .. جا ئیتر لەژێر سێبەری درەختە ڕازاوەکاندا لەنێو کۆشك و تەلارەکاندا، لەپاڵ تاڤگە و کانیاوەکاندا بە کەماڵی

ئیسراحەت لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان بەختەوەران پاڵیان داوەتەوە کە زۆر بەجوانی و ڕیزی ڕێك و پێك دانراون. هەروەها هاوسەرانمان لە حۆری چاوگەش و گوڵئەندام لێ مارەکردون و کردومانن بە هاودەمیان ..

جا ئەوانەی کە ڕێبازی ئیمان و دینداریان گرتۆتەبەر، وە نەوەکانیشیان بە ئیمانەوە شوێنیان کەوتون، ئێمە لە بەهەشتدا بە نەوەکانیان شادیان دەکەینەوە، جا وەنەبێ لە پاداشتی کارو کردەوەی هیچ کەس کەم بکەینەوە، هەرکەسەش بارمتەی کارو کردەوەی خۆیەتی و بەگوێرەی ڕەنج و زەحمەتی لە دنیادا لەپێناوی ئاینی خوادا و پابەندبونی پێی پاداشت دەدرێتەوە.

جا بەردەوام میوەی هەمەجۆریان پێشکەش دەکەین لەسەر دەفری ڕازاوە و قاپ و سینی زێڕ و زیو و کریستاڵی نایاب هەروەها لەهەموو جۆرە گۆشتێك کە ئارەزوی دەکەن بۆیان ئامادەیە لە جوانترین شێواز و بەتامترین شێوەدا هاوڕێ لەگەڵ جۆرەها (مقبلات) و شتی جوان و ڕازاوە و تام خۆش و بۆنخۆشدا ..

جا هەندێ جار بۆ خۆشی و ڕەخساندنی کەشێکی پڕ لە کەیف و شادی کاسی شەراب لەیەکتر دەفرێنن بەدور لە هەموو جۆرە ڕەفتارێکی ناشیرین و ئازاردان و هەڵەیەك، بەردەوامیش منداڵانی جوان و مێردمنداڵان دێن بەدەوریاندا بۆ خزمەت کردنیان، ڕێزیان دەگرن، قسەی خۆش و بەتامیان بۆ دەکەن سرودی ناوازیان بەدەنگی پڕسۆز بۆ دەچڕن، ئەوەندە جوان و قەشەنگیشن دەڵێی مرواری شاراوە و کەس نەدیون .. جا دوای خواردن و خواردنەوە و حەوانەوە، یادی ڕۆژگاری دنیا دەکەنەوە و دەچن بۆلای یەکتر و پرسیار لە هەڵوێست و کارو جیهاد و خەباتی یەکتر دەکەن و لەسەر





دەزگای تایبەت هەڵوێستە چاکەکانی خۆیان نیشان یەکتر دەدەن .. پاشان دەڵێن: بەخوا باش بوو سوپاس بۆ خوای گەورە ئێمە کاتی خۆی لە دنیادا بوین لەلایەکەوە بە سۆز و میهرەبان بوین لەگەڵ ئەندامانی خێزانماندا، پاشانیش حسابمان بۆ قیامەت و لێپرسینەوەی خوایی دەکرد، ئەوەتە ئیتر خوای گەورە لای ڕەحمەتی لێ کردینەوە و لە سزای ئاگری دۆزەخ پاراستینی .. چونکە ئێمە کاتی خۆی بە دڵ و بە کوڵ لێی دەپاڕاینەوە کە بەرسۆز و میهری خۆیمان بخات و چاوپۆشی لە هەڵە و کەموکوڕییەکانمان بکات، بەڕاستی ئیستە بەتەواوی بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو پەروەردگارە چەندە چاك و چاکەکارە و چەندە میهرەبان و سۆزدارە.

# سورەتی (القمر)

**ئایەتی ٤٧- ٥٥**

خوای گەورە دەفەرموێت: لەڕاستیدا تاوانبار و تاوانکاران لەنێو سزا و ئازار و تەنگانە و سەرشێتی یەکی بێ سنوردا گیریان خواردووە، ئەوانە بەزۆر کێش دەکرێن لەنێو ئاگردا لەسەر ڕوخساریان و پێیان دەوترێت: دەبچێژن سزای ئەشکەنجە و ئازاری دۆزەخ. پاشان دەفەرموێت: بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازەی ورد و ڕێك و پێك دروستکردووە .. فەرمانی ئێمە تەنها یەك وشەیە و بە چاوتروکاندنێك هەرچیمان بوێت پێشی دەهێنن جا ئێمە هاوشێوەی ئەو خەڵکە بێ دینانەمان لە زۆر شوێنی ئەم زەوی یەدا لە سەدەکانی ڕابوردودا لەناوداوە، باشە داخۆ کەسێك هەیە پەند و ئامۆژگاری وەربگرێت و لە هۆی خشەم و قینی ئێمە لەو خەڵکە، بیربکاتەوە ..

جا هەرچیش ئەو خەڵکە ئەنجامی دەدەن لە دۆسیەی تایبەتدا تۆمارە، هەرچی کارو کردەوەی ورد و درشتە بە ڕێکوپێکی بە دەنگ و ڕەنگەوە کۆپی کراوە.

جا هەرچی تەقوادار و دیندار و چاکانە لە بەهەشتەکاندا لەپاڵ ڕوبار و جۆگە و تاڤگەکاندا ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەبەنەسەر لەشوێنی بەنرخ و پیرۆزدا لەلای شاهی شاهان و پاشای پاشاکاندا، لەلای خوای گەورە و





بالادەستدان، کە ئەوەش خۆی بۆخۆی نازو نیعمەتێکی زۆر گەورە و بەنرخە.

# سورەتی (الرحمن)

**ئایەتی ٤١- ٧٨**

دیارە لە ڕۆژی قیامەتدا تاوانبار و تاوانکاران بە ڕوخساریاندا دەناسرێنەوە کە ڕەش و دێز و ناشیرین و ئێسك تاڵن، هەربۆیە فریشتە تایبەتەکان چنگ گیردەکەن لە پۆپەی سەریان و لە قاچیان و بێ بەزەییانە فرێیان دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە و پێیان دەوترێت ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە تاوانبار و تاوانکاران بڕوایان پێێ نەبوو، جا ئیتر بەدەم تێهەڵدان و شەلاق و لێدانەوە ڕاپێچ دەکرێن لەم لا بۆ ئەولا و لەولا بۆ ئەم لا و جارجار گڕباران دەگرێن جارجار ئاوی زۆر لە کوڵ دەکرێت بەسەریاندا.

لەولاشەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ترس و بیمیان هەبووە لە ئامادەبونی بەردەم دادگای پەروەردگاریان و حسابی جدی و گرنگیان بۆ کردووە، دوو جۆر بەهەشتی ڕازاوە ئامادەیە کە دەوری کۆشکەکان و ڕێگەوبان و سەیرانگاکانی بە درەختی بالابەرز و پۆپ جوانی بەرهەمدار ڕازێنراوەتەوە. لە هەریەکەیاندا دوو سەرچاوەی ئاوی جوانی سازگار هەڵقوڵاوە کە بەردەم کۆشکەکان و بەژێر درەختەکاندا بەردوام ڕەوان و جاری یە، هەروەها لە

هەموو جۆرە میوەیەکی تێدایە و هەر میوەیەکیش دوو شێوازی جیاوازن لە تام و بۆن و ڕەنگدا ..

بەختەوەران لە بەهەشتدا لەسەر فەرش و دۆشەکی جوان و ڕازاوە شانیان داداوە کە ناواخنکراوە بە ئاوریشمی تایبەت و نەرم و ناسك، ئیتر دەبێ بەرگەکەی چۆن بێت!!

هەروەها لێکردنەوەی هەر میوەیەك ئاسانە و خۆی سەرفرو دێنێ بۆ لێکردنەوەی .. ئەو بەختەوەرانە ژیان دەبەنەسەر لەگەڵ هاوسەرانێکدا کە تەنها چاو بۆ هاوسەرەکانیان هەڵدەبڕن و تەنها سەرسامن بە کەسایەتی هاوسەرەکانیان، وە ئەوانە خوای گەورە بەتایبەت دروستی کردوون بۆ بەختەوەران پێش ئەمان هیچ کەس لە دەستەی ئادەمی و جنۆکە توخنیان نەکەوتووە. ئەوانە دەڵێی یاقوت و مەرجانن، کە نیشانەی ڕوخسار جوانی و گوڵئەندامیانە.

جا بیگومان ئەمە لە پاداشتی دینداری و چاکە و چاکەخوازی ئەو بەختەوەرانەدایە، مەگەرپاداشتی چاکە نابێ هەر چاکە بێت؟!

بێجگە لەو دوو جۆرە بەهەشتە، دوو جۆر بەهەشتی تریش هەیە کە ئەوانیش ڕازاوەن و ئەوەندە درەختەکانی چڕ و پڕە و سەریان کردووە بەیەکدا سەوزێکی تۆخ دەنوێنێت، دوو سەرچاوەی هەڵقوڵاوی دڵڕفێنی تێدایە کە ئاوەکەی دابەش دەبێت بەسەر هەموو باخەکانی هەردوو بەهەشتەکەدا .. هەروەها میوەی هەمەجۆر و خورمای جوانی هەمەجۆر و هەناری هەمەچەشنی تێدایە، لەو بەهەشتەدا ئافرەتانی گوڵئەندام و ڕەوشت بەرز و ڕەفتار جوانی تێدایە، جگە لەو حۆری یانەی کە لە دەواری تایبەتدا چاوەڕێی هاوسەرەکانیانن - ئەڵبەتە هەرناوی دەوارە ئەگینا بریتی یە لە





شوێنێکی ڕازاوە لەشێوەی دەوارێکی زۆر گەورەی جواندا، جا ئەو ئافرەت و حۆریانەی بەهەشت، پێش بەختەوەران کەس دەستی بەریان نەکەوتووە و کەس لەگەڵیان جوت نەبووە، نە ئادەمی نە جنۆکە، جا ئەو بەختەوەرانە لەسەر دەزگای زۆر ڕێکوپێك و پێشکەوتووی سەوزباوی جوان و ڕازاوە بە کەماڵی ئیسراحەت شانیان داداوە.

شایانی باسە لەنێوان ئەم ئایەتانەدا واتە ئایەتی ٤١- ٧٨ (١٨) جار خوای گەورە فەرمویەتی ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ واتە: ئەی گرۆی ئادەمیزاد و جنۆکە نکوڵی لە کام نازو نیعمەتی پەروەردگارتان دەکەن بە کامی بڕواناکەن؟!

دیارە خۆپارێزی لە دۆزەخ و شادبوون بە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت گەورەترین نازو نیعمەتە و حەق وایە بەردەوام سوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەر نیعمەتی ئیمان و ئیسلام و بەردەوام لە خەمی ئەنجامدانی چاکە و چاکەکاریدا بین تا بەو بەهەشتە شادببین.

جا لەڕاستیدا هەموودەم پەروەردگاری تۆ - ئەی ئینسان زاتێکی شکۆمەند و ڕێزدار و بەڕێزە.

# سورەتی (الواقعه)

لە سەرەتای ئەم سورەتەدا خوای گەورە ئیمانداران دەکات بە دوو دەستەوە، هەروەها لە کۆتاییەکەشیدا ..

لەسەرتاوە باسی ڕودانی  ڕوداوە گەورەکە دەفەرموێت کە تێکچونی هەموو ئاسمانەکان و زەوی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە حەقیقەتی هەیە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات - زانایانی گەردونناسی تێکچونی ئەستێرە و هەرەسارەکان و تەقینەوەیان بە شتێکی حاشا هەڵنەگر دەزانن .. ئەمکاتە بونەوەر هەموی نەوی دەکات و بڵندی دەکات .. زەوی تەکانێکی ترسناکی توش دێت و بە قایم دەشڵەقێت - کێوەکان بەتەواوەتی وردوخاش دەبن و دەبنە تەپوتۆز. جا دوای دروستکردنەوەی زەوی بە شێوازێکی نوێ وە زیندوکردنەوەی سەرجەم نەوەکانی ئادەم لەسەری، خوای گەورە دەفەرموێت، جا ئێوە دەبنە سێ دەستەوە .. دەستەی ڕاستەکان، ئەوانەی کە گەشاوەن و نامەی کرداریان بەدەستی ڕاستیان وەردەگرن جا تۆ چوزانی چەنددڵخۆش و شادمانن، هەروەها دەستەی چەپەکانیش کە ئەوانەن نامەی کرداریان بەدەستی چەپیان وەردەگرن، ئەوانە نەگبەت و شومەکانن ..

جا لە ئیمانداران دەستەیەك هەن کە لەهەموو سەردەمێکدا سەرگەرمی پێشبڕکێ و چاکەکارین و هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوەدان، ئەوانە دیارە لە نزیکانی خوای پەروەردگارن، بۆیە لەنێو بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتدا





ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەبەنەسەر. جا ئەوانە دەستەیەکی چاکیان لە ئیماندارانی کاروانی پێشینن، کەمێکیشیان لە ئیماندارانی نەوەکانی داهاتون. ئەوانە لەسەر کورسی و قەنەفە و چرپا و سیستەمی نەرمی نایاب شانیان داداوە و بەرانبەر یەکتر دانیشتوون. جا منداڵانی جوان و ڕوخۆش و نەمر جارجار دێن بەدەوریاندا قسەی خۆشیان بۆ دەکەن، سرودیان بە ئاوازی دڵڕفێن بۆ دەچڕن، لەسەر سینی ئاڵتون و کوپ و دۆلکە و سوراحی و کاسی تایبەتدا شەراب و شلەمەنی تام خۆش و بۆنخۆش و ڕەنگ جوانیان بۆ دێنن لە سەرچاوە تایبەتیەکانەوە کە هەرگیز تەواونابێت، شەرابی بەهەشت نابێتە هۆی سەرئێشە و ئێڵنج دان و عەقڵ لەدەست دان، هەروەها لەهەر میوەیەك کە ئەوان هەڵی بژێرن و بەدڵیان بێت ئەوانیشیان بۆ دەگێڕن لەسەر دەفر و بەلەم و سینی نایاب، هەروەها لە گۆشتی هەر باڵندەیەك کە حەزی لێ بکەن بۆیان دێنن و بەوپەڕی ڕێزەوە پێشکەشیان دەکەن، هەروەها لەپاڵ ئەو بەختەوەرانەدا هەمیشە حۆری چاوگەشی هاوسەریان ئامادەیە، دەڵێی مرواری شاراوە و کەس نەدیون و هەرگیز خۆر لێی نەداون، ئەم نازو نیعمەتانە هەرهەموی لە پاداشتی ئەو کارو کردەوە چاکانەدایە کە لە دنیادا بەختەوەران دەیانکرد، جا ئیتر لەو بەهەشتەدا هەرگیز گوێ بیستی قسەیەکی نابەجێ، تانەو تەشەرێکی نادروست و قسەو قسەلۆکێکی بێ خێر نابن، توشی هیچ هەڵە و گوناهو تاوانێك نابن، بەڵکو بە ئارەزووی خۆیان و هەرکاتێك بیانەوێت سەردانی دایك و باوك و برا و خوشك و خزم و کەس و کاری بەهەشتی دەکەن - یاخود سەردانی پێغەمبەرانی ئازیز و زەحمەتکێش و ماندونەناس دەکەن هەموو سەردانەکانیش بە سڵاوکردن و وەڵامدانەوەی سڵاو دەست پێ دەکات. دەستەی دوهەمیش لە بەهەشتیان ئەوانەن کە

نامەی کردەوەکانیان بەدەستی ڕاستیان وەرگرت، جا تۆ چوزانی ئەوانیش لە چ نازو نیعمەتێکدان، ئەوانیش هەمیشە لە سەیراندان لەژێر سێبەری درەختی سیدری بێ دڕکدا لەپاڵ درەختی مۆزی گەییوی سەفتەکراودا، سێبەری درەختە ڕازاوەکان تا چاو بڕکا درێژبۆتەوە، ناو بەناویش تاڤگە و حەوز و فوارەی جوان و ڕازاوە هاژە و خوڕەی دێت لە جوانترین دیمەندا، هەروەها درەختی میوەی هەمەجۆر و زۆر و زەبەندە، کە میوەکانی لێ نەکراوەتەوە و هیچیشی قەدەغە نیە لە بەختەوەران، هەرکات لێێ دەخۆن خێرا دروست دەبێتەوە تا دیمەنیان بە جوانی بمێنێتەوە. هەروەها لە بەهەشتدا جێگە و ڕێگەی بەرزو جوان و ڕازاوەیان بۆ ئامادەکراوە، ژیان لەگەڵ حۆری، یان ئافرەتە بەهەشتیەکانی دنیا پێکەوە دەبەنەسەر کە خوای گەورە دروستیان دەکاتەوە سەر لەنوێ لە تەمەنی لاویدا بە جوانترین شێواز تا ئەوانیش بەدڵی خۆیان لە ژیانی بەهەشت بەهرەمەند ببن، جا ئەو هاوسەرانە لە حۆری یان لە نەوەکانی ئادەم زۆر عاشقی هاوسەرەکانیانن، زۆر یەکتریان خۆش دەوێت، ئەو نازو نیعمەتانە هەموی بۆ ئەو بەختەوەرانەی کە نامەی کردەوەکانیان بە دەستی ڕاستیان وەرگرت، جا ئەم بەهرەیە خەڵکانێکی زۆر لە ئیمانداران و دێرین و خەڵکانێکی زۆریش لە ئیماندارانی سەرجەم نەوەکان لێی بەهرەمەند دەبن ..

ئینجاخوای گەورە دێتە سەر باسی بەدبەخت و چارە ڕەشەکان و دەفەرموێت: جا دەستەی چەپەکان، نەگبەتەکان، چوزانیت چ گیرێکیان خواردووە، ئەوان لەناو بڵێسەی ئاگر و ئاوی زۆر لەکوڵدا لە سایەی سێبەری دوکەڵی چڕ و گەرم و خنکێنەردا هەر ساتەی سەدجار ئاواتی مەرگ دەخوازن، چونکە ڕادەکەنە ژێر سێبەری هەر ئازار و ناڕەحەتیە نە فێنکیان





دەبێتەوە نە تاوێك دەحەوێنەوە، ئینجا خوای گەورە هەروەکو شێوازی هەمیشەیی ئەم دیمەنانە باس دەفەرموێت و پەیوەستی دەکات بە کارو کردەوەی ئەو ناپوختانە لە دنیادا، سا بەڵکو ئەوەی ژیرە فریای خۆی بکەوێت، بۆیە دەفەرموێت: ئا ئەمانەی کە ئێستە ئاوا گیریان خواردووە پێشتر لە دنیادا لەنێو نازو نیعەتانی خوادا دەتلانەوە بێ ئەوەی قەدری ئەو زاتە و نیعمەتەکانی بزانن، بەردەوامیش بەو زاتە دەگەڤین و دژایەتی ئاین و بەرنامە و شوێنکەوتوانیان دەکرد جا چونکە بڕوایان بە قیامەت لەق بوو جارجار دەیانوت: باشە کاتێ ئێمە بوینەوە بە خاك و ئێسك و پلوسکی ڕزیو و داتەپیو زیندو دەبینەوە، باوانی دێرینیشمان زیندو دەبێتەوە؟! بیریان دەچو کە پێشتر هیچ نەبوون لە توێێ خاك دا، بە سود وەرگرتن لە بەروبومی خاك دروست بوون و گەشەیان کرد، لەخۆیان نەدەپرسی: ئەو زاتەی لە سەرمێکوتە و هێلکۆکەیەك دروستی کردون، مەگەر دوای مردنیان ناتوانێت سەرلەنوێ دروستیان بکاتەوە؟!

ئینجا خوای گەورە فەرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ کە ئەم حەقیقەتە ڕابگەیەنێت: لەڕاستیدا پێشینان و پاشینانتان هەرهەموتان دەبێ ئامادەبن لە کات و ساتی دیاریکراودا. پاشان بە گومڕا و سەرلێشێواوەکان دەفەرموێت: ئەی سەرگەردانەکان ئەوانەتان بڕوای بەم پێشهاتانە نیە دەبێ لە بەروبومی درەختی ژەقنەبوت بخۆن و سکتانی لێی پڕ بکەن، ئەوسا ئاگر بەردەبێتە هەناوتان و ناچارن ئاو بخۆنەوە، ئاوەکەش ئاوێکی زۆر لە کوڵە وەکو وشتری تینو ناچارن لێی بخۆنەوە، ناوسکتان دادەماڵێ و تینویەتیتان ناشیکێت .. قوڕ بەسەرتان ئا ئەوە حاڵتانە لە ڕۆژی قیامەتدا - تا زووە فریای خۆتان بکەون و مەڵێن: کەس بۆی باس نەکردین، کەس تێینەکەیاندین!!

لە ئایەتی ٨٣- ٩٦ بەدواوە دەفەرموێت:

ساتێك دێت ڕۆح دەگاتە قورقوڕاگە و بینەقاقای هەر ئادەمیزادێك ، خەڵكانی دەوروبەر بە حەسرەتەوە تەماشا دەكەن، هیچیان پێ ناكرێت، جا ئێمە بە زانست و زانیاری و دەسەڵاتمان نزیكترین لەو كەسە لە ئێوە، بەڵام ئێوە زۆر شت نابینن، جا ئەگەر ئێوە توانا و دەسەلاتێكتان هەبوایە و بێ دەسەڵات نەبونایە هەوڵێكتان دەدا بۆ گێڕانەوەی ڕۆح بۆ لاشەی مردووەكە بۆ بەخشینەوەی ژیان پێی ئەگەر ڕاست دەكەن؟!

جا ئەو مردووە ئەگەر لە كەسانی چاك و دیندار و نزیكانی خوای گەورە بێت، ئەوە ئیتر دەكەوێتە نێو ژیانێكی پڕ لە شادی و كامەرانی و بەختەوەری لە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمتدا ..

ئەوەش كە لە دەستەی ڕاستانە، ئەویش پێشوازی لێ دەكرێت لەلایەن ڕاستان و پاكانەوە و بەرەو بەهەشت بەرێ دەكرێن. بەڵام ئەوانەی كە لە ڕێزی دوژمنانی پەیامی خوادان و بڕوایان پێی نیە و گومڕا و سەرلێشێواون، ئەوانە دەخرێنە نێو دۆزەخ و ئازار و ئەشكەنجە و ئاوی لە كوڵەوە، دەبرژێنرێن لە دۆزەخدا .. جا ئەمانەی كە باسكران هەمووی حەقیقەت و ڕاستەقینەیە .. بۆیە پێویستە تۆی ئیماندار هەمیشە تەسبیحات و ستایشی پەروەردگارت بكەیت و ساتێك غافڵ نەبیت. تا بەهەشت دەستەبەر بكەیت و لەو سەرئەنجامە بەدووربیت.





# دنیا بریتی یە لە چی
# فراوانی بەهەشت ٣٠، ٣١ / الحدید

خوای گەورە ئاگادارمان دەكات و وەبیرمان دێنێتەوە كە ژیانی دنیا بریتی یە لە یاری و گەمە و ڕازاندنەوە و خۆهەڵكێشان لە نێوانتاندا، هەروەها هەوڵدان بۆ زۆركردنی ماڵ و سامان و نەوە، ئەوانە هەموی وەكو ئەو بارانە وایە كە ئەوەندە بەپیتە كشتوكاڵ زۆر بە چاكی بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە هۆی سەرنج و تێڕامانی كشتیاران، پاشان دوای گەشەكردنی دەبینی زەرد هەڵدەگەڕێت و دواتر دەبێتە چیلكە و چەواڵ كەوتوو .. جا لە قیامەتدا سزایەكی بەئێش ئامادەكراوە بۆ ئەوانەی كە تەنها بۆ دنیا دەژین و باوەڕیان بە قیامەت و لێپرسینەوە نیە، هەروەها لێخۆشبون و ڕەزامەندیی لەلایەن خوای گەورەوە سەرجەم ئیمانداران دەگرێتەوە، جا ئیتر دڵنیابن كە ژیانی دنیا هەر ڕابواردن و نازو نیعمەتێكی تەمەن كۆتایە، ئەگەر ئادەمیزاد لە دنیادا بۆ قیامەت نەژی و سەرزەوی ئاوەدان نەكاتەوە بە ئومێدی پاداشتی خوایی، ئەوە غەرا و سەركەش دەبێت و ستەم دەكات و تاوانی هەمەجۆر ئەنجام دەدات. هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: پێویستە ئەی ژیرەكان پێشبڕكێ بكەن بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبونی پەروەردگارتان وە ئەو بەهەشتەی كە فراوانیەكەی بەقەدەر فراوانی زەوی و ئاسمانە و ئامادەكراوە بۆ ئەو كەسانەی كە باوەڕی دامەزراویان هەیە بە خوای گەورە و پێغەمبەرانی جا بەخشینی ئەو بەهەشتە بەهۆی ئیمان و دینداری یەوە بە هەركەسی شایستە خەڵات و

فەزڵ و زیادە ڕێزێکە خوای گەورە دەیبەخشێت بەو کەسانەی کە ئەو زاتە دەیەوێت و ئەو کەسایەتیە ژیرانەی هەوڵیان بۆ داوە و شایستەن، بێگومان خوای گەورە خاوەنی فەزڵ و ڕێزی زۆر گەورە و بێ سنورە.

## کۆتا ئایەتی سورەتی (المجادلة)

دیارە خوای گەورە دەیەوێت ئیمانداران خۆیان بۆ خوای پەروەردگاریان یەکلایی بکەنەوە بۆیە دەفەرموێت: تۆ نابینی کەسانێك بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێت لە دڵەوە ئەو کەسانەیان خۆش بوێت کە دژایەتی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی دەکەن، دژایەتی دین دەکەن، هەرچەندە ئەوانە باوانیان، یان نەوەیان، یان برایان، یان عەشرەتیان بن .. ئا ئەوانەی کە خۆیان یەکلایی کردۆتەوە بۆ ئاینی خوا، ئا ئەوانە خوای گەورە ئیمانی لە ناخیاندا چەسپاندوە وە بە ڕەحمەت و سۆز و میهری خۆی پشتگیریان دەکات، هەروەها دەیانخاتە نێو باخەکانی بەهەشتەوە کە ڕوبار بەژێر درەختەکان و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە، ئەوانە خوای گەورە لێیان ڕازی و خۆشنودە، ئەوانیش زۆر لە پەروەردگاریان ڕازین و نازانن بە چ زمان و بە چ جۆرە دەستەواژەیەك حمد و سوپاس و پێزانینی خۆیان دەربڕن .. ئا ئەوانە لایەن و حزب و پەیڕەوانی ئاینی خوای گەورەن .. خەڵکینە ئاگاداربن و دڵنیابن کە هەر لایەنگرە و پەیڕەوان و حزبی خوای گەورە سەرکەوتوو سەرفەرازن لە هەردوو جیهاندا.





## سورەتی (الصف)

**بازرگانیەکی پیرۆز:**

**ئایەتی ١٠- ١٣**

لە کۆتایی ئەم سورەتە پیرۆزەدا خوای گەورە هانمان دەداتبۆ بازرگانیەکی زۆر بەنرخ، بازرگانیەك کە قازانجەکەی تەواو مسۆگەرە، بازرگانیەك کە لە سزایەکی بەئێش ڕزگارمان دەکات ئەویش بریتی یە لە:

١- باوەڕهێنانی دامەزراو و پتەو بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بەو زاتەی کە خاوەنی هەرچی سیفاتی جلال و کمالە، هەروەها بەو پێغەمبەرە زەحمەتکێشە کۆڵنەدەرەی کە ڕەوانەی کرد و لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەیدا توشی زەحمەتی زۆر و دەردی سەری و ئازار بوو، فرمێسکی زۆری ڕژاند تا کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پەروەردە کرد بۆ هەڵگرتنی پەیامەکەی.

٢- وەکو قوتابیەکی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە حەق وایە جیهاد و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بکەین بە ماڵ و سامانمان، وە بە خۆشمان، نیسبەتێکی باش لەو سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیوین لەپێناوی گەیاندنی ئاینەکەیدا بەکاری بهێنین، هەروەها نمونەیەکی جوان بین لە پەیڕەوی کردن و پابەند بووندا، هەموو فرسەت و دەرفەتێك بقۆزینەوە بۆ

گەیاندنی، بۆ فەرمان بە چاكە و قەدەغەی خراپە بە جوانترین شێوە، جا دەفەرموێت: ئا ئەوە چاكە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن ..

باشە خوایەگیان لەبەرانبەردا چیمان پێ دەبەخشێت؟! ئەوەتە دەفەرموێت:

١- لە گوناهەكانتان خۆش دەبم چاوپۆشی لە هەڵەكانتان دەكەم.

٢- دەتانخەمە باخ و باخاتی بەهەشتەكانەوە كە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەكانیدا جاری و ڕەوانە ..

٣- هەروەها كۆشك و تەلار و ڤیلای ڕازاوەی پڕ لە كەل و پەلی جوانتان پێشكەش دەكەم لە بەهەشتی عەدندا، بەڕاستی هەر ئا ئەوە دەستكەوت و دەرئەنجامێكی زۆر بەنرخ و بێ وێنەیە.

٤- شتێكی تریش هەیە كە حەزی لێ دەكەن و ئاواتی بۆ دەخوازن ... ئەویش ئەوەیە، گەر شایستە بن هەر لە دنیادا سەركەوتن و پیرۆزییەكی تایبەتتان لەلایەن خۆیەوە پێشكەش دەكات، زەمینەسازی بۆ دەكات، بارودۆخی بۆ دەڕەخسێنێت، دڵەكان، وڵاتەكان دەرگایان واڵادەكەن بۆتان، وە بەم نزیكانەش، بەڵێ بەم نزیكانە - وە ئەم مژدەیەش ڕابگەیەنە بە سەرجەم ئیمانداران -

لە ڕاستیدا فەرمودەیەكی ڕاست و دروستی پێغەمبەر ﷺ هاتووە كە خوای گەورە ئەم دینە پایەدار دەكات، سەركەوتن بەم ئاینە دەبەخشێت لە كۆتایی زەماندا دوای غەریبی و غەریب بونەوەی ....





# سورەتی (التغابن)

**زیندوبونەوە ئاسانە:**

**ئایەتی ٧- ١٠**

خوای گەورە دەفەرموێت: كافر و بێ دینەكان وا گومان دەبەن كە هەرگیز زیندو ناكرێنەوە، تۆ ئەی محمد ﷺ پێیان ڕابگەیەنە: بەخوا سوێند بە پەروەردگارم بەدڵنیاییەوە زیندو دەكرێنەوە، پاشان ئاگادار دەكرێنەوە لە هەموو ئەو كارو كردەوانەتان كە ئەنجامتان داوە لە دنیادا بە دەنگ و ڕەنگەوە، بێگومان ئەمەش لای خوای گەورە و بۆ ئەو زاتە زۆر ئاسانە -

بێگومان هەموو شتێك لای خوای گەرە ئاسانە، ئێمە پێشتر هەر وجودمان نەبوو، نەبووبوین، ئەو زاتە بە یاسایەكی تایبەت ئێمەی هێنایە مەیدانی بوون، هەموو ئەندامانی لەشمان، دەزگاكانی ناوەوە و دەرەوەمان لە سەرەتادا لە خاڵێكی بچوكدا ئاخنرابوو، بە یاسایەكی ڕێكوپێك گەشەمان كرد، هەر ئەندامێك جێگەی خۆی بە قەوارەیەكی مناسب جێگەی خۆی كردەوە پاشان دوای چوار مانگ لە ڕۆحێكی تایبەت لەلایەن خوای گەورەوە ژیانێكی نوێمان پێ بەخشرا و جیاكراینەوە لە زیندەوەرانی تر .. دوایی لەدایكبوین، هیچمان نەدەزانی هەر ئەو زاتە توانای فێربوونی قسەكردن و پێگرتن و ژیانی پێ بەخشین ...

هەربۆیە پێمان دەفەرموێت: ئەی گرۆی ئادەمیزاد باوەڕبێنن بەو خوایەی کە ئاوا دروستی کردوون و دوای مردنتان زیندوتان دەکاتەوە، هەروەها باوەڕ بکەن بە پێغەمبەرەکەی کە هەر لە خۆتان هەڵیبژاردووە، وە بەو قورئانەی کە نور و ڕوناکی بەخشە بە دڵ و دەرونتان، بە مێشك و هزرتان کە هەر ئەو زاتە نازڵی کردووە بۆ هیدایەت و بەرچاوڕونی ئێوە، دڵنیاش بن کە خوای گەورە تەواو ئاگادارە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن. جا لەڕاستیدا ئەو زاتە دەستبەرداری ئێوە نابێت، بەڵكو ڕۆژێك دێت کە هەمووتان لە ڕۆژی کۆکردنەوەی گەورەدا کۆدەکاتەوە جا ئەو ڕۆژە ڕۆژی زیانباری و بەگیرهاتنە بەنیسبەت ئەو کەسانەوە کە یاخی و دەرون نەخۆشن و بێ دین و خوانەناس بوون، جا هەرکەس لە دنیادا باوەڕی دامەزراوی بە خوای گەورە هەبێت و کارو کردەوەی چاك ئەنجام بدات ئەوە ئەو زاتە لە گوناهو هەڵەکانی دەبورێت و لە قیامەتدا دەیخاتە نێو باخەکانی بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکان و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە، وە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەباتەسەر - بێگومان ئا ئەوە دەستکەوت و سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و بەنرخ و بە فەڕە.

بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان نەبوو بە چەمکەکانی ئیمان و بڕوایان بە ئایەت و بەڵگەکانی دەسەڵاتی ئەو زاتە نەبوو، ئا ئەوانە دەبنە نیشتەجێی نێو ئاگری دۆزەخ بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی، بەڕاستی ئەوە سەرئەنجام و دەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و ناسۆرە.





# سورەتی الطلاق

٨- ١١

خوای گەورە هەڕەشە دەکات لە شارو دانیشتوانی شارۆچکە یاخی و بێ دینەکان، کە بەسەریانەوە ناچێت، هەروەکو چەندەها شارو شارۆچکەی تر کە لە دێرین زەماندا یاخی بوون و فەرمانەکانی خوای گەورەیان ئەنجام نەدا لە بیروباوەڕی جوان و ڕێك و پێك بەهرەمەند نەبوون و کارو کردەوەی جوانیان ئەنجام نەدا و فەرمانبەرداری پێغەمبەرانی خوا نەبوون، ئا ئەوانە زۆر بەتوندی حسابمان لەگەڵدا کردن و سزایەکی سەخت و بە ئازارمان بۆ پێش هێنان، ئیتر کارو کردەوەی نالەباری خۆیان یەخەی گرتن و داوێنگیریان بوو، سەرئەنجام زەرەر و زیانێکی گەورەیان کرد لە هەموو ڕویەکەوە ..

جا ئەوانە لە قیامەتیشدا خوای گەورە سزای زۆر سەختی بۆ ئامادەکردوون .. دەی کەواتە ئەی هۆشمەندان لە خوا بترسن و پارێزکاربن، ئەی ئیمانداران ئێوە دڵنیابن کە خوای گەورە بەرنامەیەکی بۆ یادخستنەوەتان نازڵ کردووە، ئەوەتە پێغەمبەرێك ئایەتەکانی ڕوون و ئاشکرای خوای گەورەتان بەسەردا دەخوێنێتەوە بۆئەوەی ئەوانەی کە باوەڕدەهێنن و کارو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن لە تاریکستانەکانی بێ دینی و یاخی بوون دەربهێنێت و بیانخاتە نێو دەریای نورەوە، جا ئەوەی

بەو شێوەیە ئیمان بێنێ و کارو کردەوەی چاك ئەنجام بدات، ئەوە با دڵنیابێت کە خوای گەورە دەیخاتە نێو باخەکانی بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکانی و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە، بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی و بەختەوەری تێدا دەبەنەسەر، بێگومان خوای گەورە لە ڕزق و ڕۆزی هەمەجۆر بەهرەمەندی دەکات.





# سورەتی (التحریم)

**ئایەتەکانی ٦- ١٢**

سەرەتا خوای گەورە داوا لە ئیمانداران دەکات کە خۆیان و هاوسەر و نەوەکانیان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی ئادەمیزاد و بەردە، لەنێو تاشەبەردی ئاگریندا سزا دەدرێن، بەردی ئاگرین دەخرێت بەسەریاندا، وردە بەردی ئاگرینیان دەرخوارد دەدرێت هەروەها سەرپەرشتیارانی ئەو دۆزەخەش جۆرە فریشتەیەکن زۆر توندو تیژ و داخ لە دڵن بەرانبەر ئەو کەسانەی کە لە دنیادا یاخی بوون لە پەروەردگاریان و دژایەتی ئاین و بەرنامەکەیان کردووە. بێگومان سەرپێچی لە هیچ فەرمانێکی خوای گەورە ناکەن، هەرفەرمانێکیان بەسەردا بدرێت بەبێ چەن و چون ئەنجامی دەدەن..

دیارە کە کافران و خوانەناسان دەکەونە پاکانە و پاڕانەوە لەنێو دۆزەخدا، بۆیە خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: ئەی دەستەی کافرو بێ دینەکان ئەمڕۆ ڕازیم نیە هیچ جۆرە پاکانە و پاڕانەوەیەك بکەن، چونکە ئێوە ئێستە پاداشتی ئەو کارو کردەوانەتان وەردەگرن کە کاتی خۆی ئەنجامتان دەدا -

دیارە خوای گەورە بۆیە بەوردی باسی ئەو بەسەرهاتانە دەفەرموێت تا لە قیامەتدا کەس قسەی نەمێنێت.

ئینجا ڕوو بە ئیمانداران دەفەرموێت: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە، هەوڵبدەن تەوبەیەکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن، واز لە هەموو جۆرە گوناهو سەرپێچییەك بهێنن، چونکە ئەوکاتە پەروەردگارتان لێتان خۆش دەبێت، چاوپۆشی لە گوناهو هەڵەکانی ڕابوردوتان دەکات و دەتانخاتە نێو باخەکانی بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکانی و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە، ئەو ڕۆژە خوای گەورە شکست و نەهامەتی ناهێنێت بەسەر پێغەمبەر و ئەوانەی کە لەگەڵ ئەودا باوەڕیان هێناوە، نور و ڕوناکیان لەبەردەم ئەملا و لایانەوە دیار و ئاشکرایە، بۆیە دەڵێن: پەروەردگارا نور و ڕوناکیمان بۆ تەواو بکە و لە گوناهو هەڵەکانمان ببورە، چونکە بەڕاستی تۆ زاتێکی شکۆمەندی و دەستەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

ئینجا ڕوو بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ئەی فرستادە تۆ جهاد و هەوڵ و کۆششی خۆت بکە دژ بە کافر و دوڕوەکان، وە هەوڵبدە لە بەرانبەر پیلان و نەخشەیانە وە هەمیشە مەحکەم و پایەدار بیت، بێگومان ئەوانە شوێنی حەوانەوەیان نێو ئاگری دۆزەخە کە ناخۆشترین و نالەبارترین جێگەیە!!

پاشان خوای گەورە دوو نمونە دەهێنێتەوە دەربارەی کەسانی کافر و بێ دین، دوو نمونەش دەربارەی کەسانی دیندار و خواناس، هەمویشیان لە دەستەی ئافرەتانن، کە ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە خوای گەورە وەکو یەك حساب بۆ هەردوو ڕەگەز دەکات، سەرەتا باسی هاوسەرەکەی نوح و هاوسەرەکەی لوط دەفەرموێت: ئەو دوو ئافرەتەی کە حسابیان بۆ ئەو





هاوسەرە ڕێزدارانەی خۆیان نەکرد، لەڕوی بیروباوەڕەوە خیانەتیان لێ کردن، کەسایەتیان دەشکاندن، ئەوسا ئیتر ئەوانیش بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لە سزای خوایی ڕزگاریان بکەن، بۆیە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕاپێچ دەکرێن بەرەو دۆزەخ و پێیان دەوترێت: دەی ئێوەش لەگەڵ دۆزەخیاندا بچنە نێو دۆزەخەوە. نمونەش بۆ ئیمانداران دەهێننەوە و بە هاوسەرەکەی فیرعەون - ئەو زاڵمەی فوی کردبووە خۆی و خۆی بە خوا لە قەڵەم دەدا کەچی ئاسیەخانی هاوسەری دەیزانی بایی چەندە، بۆیە بڕوای پێ نەکرد و بڕوای بە خوای گەورەی تاك و تەنها هێنا، ئیتر ئەوەبوو فیرعەون بڕیاری لەناوبردن و شەهید کردنی دا ئەویش لە سەرەمەرگدا لە خوای گەورە پاڕایەوە و وتی: پەروەردگارا داواکارم لەلای خۆت لە بەهەشتدا ماڵێکی تایبەتیم بۆ بسازێنیت، وە ڕزگارم بکەیت لەدەست فیرعەون و کارو کردەوەی ناپەسەندی، وە ڕزگارم بکەیت لەدەست کەسانی ستەمکار -

هەروەها لە ئافرەتانی چاك و خواناس (مریم)ی کچی (عمران) کە داوێنی خۆی بە پاکی ڕاگرت، ئێمەش لەو ڕۆح و گیانەی کە بەدەست ئێمەیە لەڕێگەی فریشتە جوبرەئیلەوە فومان کرد بە بەرۆکیدا - ئیتر ئەوەبوو عیسا پێغەمبەرمان پێ بەخشی، ئەویش هەرچی کتێب و پەیامەکانی پەروەردگاری هەبوو بڕوای پێ کردوو، وە لە ڕیزی ئافرەتە خواناس و دیندار و چاکەکاندا بوو.

# سورەتی (الملك)

**له ئایەتی ٦- ١٢ دا خوای گەورە دەفەرموێت:**

**بێگومان بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە پەروەردگاریان نیە سزای ئاگری دۆزەخمان ئامادەکردووە، کە ناخۆشترین و ناسۆرترین سەرئەنجام و دەرئەنجام و چارەنوسە.**

**هەرکات فڕێ درانە ناوی دەنگی سامناکی هەناسە هەڵکێشانی و هەڵچون و توڕەبونی دەبیستن.**

**دۆزەخ خەریکە لە ڕق و داخی کافر و بێ دینەکان لە داخی ستەمکار و تاوانبارەکان شەق دەبات و لێك هەڵدەوەشێت، هەرکات کۆمەڵێك ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناوی، فریشتەکانی ئەشکەنجەدەر، پێشوازیان لێ دەکەن و لێیان دەپرسن، باشە، ئێوە کەسێك نەبوو بێدارتان بکاتەوە، پێغەمبەرێك، یان شوێنکەوتەیەکی ڕاستەقینەی، پەیامی خوای گەورەی پێ نەگەیاندن، باسی ئەم ڕۆژ و بەسەرهات و دۆزەخەی بۆ نەکردن؟!**

**ئەوسا بە کەساسی و خەجاڵەتی و شەرمەزارییەکی زۆرەوە دەڵێن: بەڵێ، بەخوا، بێگومان بێدارکەرەوەمان بۆ هات و زۆر بە جوانیش هەوڵیاندا تێمانبگەیەنن، بەڵام ئێمە بڕوامان پێنەکردن، دژایەتیمان کردن، گاڵتەمان پێکردن، وتمان: ڕاست نیە!! خوای گەورە هیچ بەرنامە و ڕێنمونی و باسێکی**





**نازڵ نەکردووە، وە بە ئیماندارانمان دەوت: ئێوە هەر لە گومڕاییەکی گەورەدا گیرتان خواردووە!! شوێنی کڵاوی با بردوو، خەیاڵ پڵاو کەوتون.**

**جا ئیتر لەکاتی ئەو گیر خواردنەدا دەڵێن: بەخوا ئەگەر گوێبیستی ئەم پەیامە بوینایە و عەقڵ و هزری خۆمان بەکاربهێنایە، ئێستە ئاوا گیرمان نەدەخوارد و نیشتەجێی نێو ئاگری دۆزەخ نەدەبوین ..**

**بەڵێ ئا بەو شێوەیە دان بە گوناهو تاوان و گێلێتی خۆیاندا دەنێن، جا ئیتر با نیشتەجێکانی دۆزەخ لەوەو لاتر چن و هەر ڕیسوا و شەرمەزاربن.**

**لەولاشەوە ئەوانەی لە دنیادا ترسی لێپرسینەوەی پەروەردگاری خۆیان هەبوو لەکاتێکدا ئەو زاتە و هەندێك لە چەمکەکانی ئیمان پەنهانن، یاخود لە پەنهانیدا لەترسی خوا خۆیان لە گوناهو حەرام پاراستووە، ئا ئەوانە لێخۆشبون و پاداشتی گەورە و نەبڕاوە و ڕازاوەیان بۆخۆیان دەستەبەر کردووە.**

# سورەتی (الحاقة)

خوای گەورە لە ئایەتی ١٣- ٣٧ دەفەرمویت:

هەرکاتێك یەك کەڕەت فوو کرا بە دەزگاری (صور) و کەڕەنادا، زەوی و کێوەکان هەڵگیران و بەتوندی یەك کەڕەت دران بە یەکدا .. ئەو ڕۆژە ئیتر ڕوداوە سامناکەکە پێش دێت، ئەوکات ئاسمانیش لەت و پەت دەبێت و شل و شۆڵ دەبێت .. ئەوکات فریشتەکان لە قەراغ لێواری ئاسمانەکاندا پۆل پۆل وەستاون، سەرنجی ڕوداو و دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکان دەکەن، هەروەها تەخت و (عرش)ی پەروەردگاری تۆ ئەی محمد ﷺ ، ئەی ئینسان لەلایەن هەشت فریشتەی تایبەت، یاخود هەشت پۆل فریشتەوە هەڵگیراوە. ئەو ڕۆژە ئیتر هەموتان ئامادە دەبن بۆ لێپرسینەوە و هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت خۆی پەنهان بکات و خۆی بشارێتەوە. - بێگومان خوای گەورە دەتوانێت لەیەك کاتدا لە هەمووان بپرسێتەوە هەروەکو چۆن لە دنیادا ئاگاداری سەرجەم دروستکراوانێتی و هیچ شتێك لەو پەنهان نیە -

جا ئەوەی نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی - هەر لەوێوە دەزانێت کە سەرفەراز و براوە و سەرکەوتووە - بۆیە بە خۆشی و شادییەکی بێ وێنەوە بە دەوروبەرەکەی دەڵێت: ها ئەوەتە سەرنجی نامەی کردەوەکانم بدەن - سوپاس بۆ خوا کاری چاکی زۆرم ئەنجامداوە، پەروەردگارم لە خۆم ڕازی کردووە، من دڵنیابووم کە بەم ڕۆژە دەگەم و ئەم لێپرسینەوەیەم بۆ





پێش دێت، ئیتر ئەو بەختەوەرە لە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و شادی و کامەرانیدایە و زۆر بەو ژیانە ئاسودە و خۆشنود و ڕازی یە. چونکە لە کۆشك و تەلارە بەرز و بڵندەکاندا ژیان دەباتەسەر□ لە لاپاڵی چیاکاندا کە بە دار و درەختی جوان و گوڵ و گوڵزاری دڵڕفێن، بەشێوەیەکی ئەندازەیی و ڕێکوپێك ڕازێنراوەتەوە بەروبومی درەختەکان، خۆیان سەرفرو دێنن کاتێ ئەم بەختەوەرە دەیەوێت لێیان بکاتەوە، جا ئیتر لەلایەن خوای پەروەردگار و بەخشندەوە، هەروەها لەلایەن فریشتەکانەوە جارجارە پێیان دەوترێت، دە بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت بەهۆی ئەو دەستپێشکەرییەی کە ئەنجامتاندا لە ڕۆژگاری ڕابوردودا، لە ژیانی دنیاتاندا.

بەڵام لەولاوە، ئەوەی نامەی کرداری درایە دەستی چەپی بە ئاهو حەسرەتەوە دەڵێت: خۆزگە نامەی کردەوەکانم هەر وەرنەگرتایە، نەمزانیایە دەرئەنجامی لێپرسینەوەم چۆن دەبێت!! خۆزگە مردنەکەم یەکجارەکی بوایە و ئاوا زیندو نەکرامایەتەوە، ئەوەتە ماڵ و سامانم هیچ سودی نیە بۆم و هەمویم لە کیس چوو، دەسەڵاتم نەما و هەمویم لەدەست چوو ...

ئەوسا ئیتر فەرمان دەدرێت : ئادەی ئەم تاوانبارە بگرن و کۆت و زنجیر لە دەست و پێ و ملی بئاڵێنن و ڕاپێچی بکەن بەرەو دۆزەخ و بیخەنە ناوی بیبرژێنن تیایدا .. پاشان بە زنجیرێك شەتەکی بدەن کە حەفتا گەز بێت و بە کۆڵەکە و ستونەکانی دۆزەخەوە بیبەستنەوە .. - چونکە ئەمە کاتی خۆی باوەڕی بە خوای گەورە و بێ هاوتا نەبوو .. هانی کەسی نەدەدا تا خۆراك ببەخشن بە هەژاران و خۆیشی بەخشندە نەبوو، ئەمڕۆ ئیتر ئا لێرە هیچ دڵسۆز و غەمخۆرێکی نیە -

خۆراكیشی تەنها كێم و زوخاوی داچۆڕاوی جەستەی دۆزەخیانە .. كە كەس نایخوات جگە لە تاوانبار و تاوانكار و گوناهباران!! ..

# سورەتی (المعارج)

**خوای گەورە لە ئایەتی ١- ١٨ دا دەفەرموێت:**

كەسێك پرسیاری كرد دەربارەی ئەو سزایەی كە هەر پێش دێت دژی كافر و خوانەناسان و بەهیچ شێوەیەك ناتوانن خۆی لێ قوتار بكەن و هیچ هێزێكیش نیە بتوانێ جڵەوگیری لێ بكات و پەنایان بدات و لێیان دوور بخاتەوە، چونكە ئەو سزایە لەلایەن خوای خاوەنی گەورەیی و شكۆمەندی و پلەو پایە و شوێنە بەرز و بڵندەكانەویەە، فریشتەكان بە یاوەری جوبرەئیل بەرز و بڵند دەبنەوە بۆلای ئەو زاتە لەڕۆژێكدا كە بەرانبەر پەنجا هەزار ساڵە بە حسابی ئادەمیزاد - یاخود مەبەستی ڕۆژی قیامەتە كە بەنیسبەت ستەمكارانەوە ئەوەندە دەخایەنێت. دەی كەواتە ئەو زاتەی كە تۆ بانگەشە بۆلای دەكەیت لە ژیانی كورت و كۆتای دنیادا، شایستەی ئەوەیە كە تۆ ئەی محمد ﷺ ، ئەی ئیماندار لە بەرانبەر هەڵوێست و دڕندایەتی خوانەناسانەوە بە جوانی خۆگری بنوێنێت تا ببیتە بەڵگە لەسەریان لە قیامەتدا .. چونكە ئەوانە قیامەت بە دوور دەزانن، بەڵام ئێمە زۆر بە نزیكی دەزانین، چونكە ئەو ڕۆژە بەنیسبەت ئێمەوە نزیكە و بەڕێوەیە كە تیایدا هەموو ئەستێرە و هەسارەكانی ئاسمان دەكەینە كانزای تواوە،





كێوەكانیش وەكو خوری شیكراوە لێ دەكەین و چاڵ و چۆڵیەكانی پێ پڕ دەكەینەوە.

ئەو ڕۆژە هەركەسە خەمی خۆیەتی، دۆستایەتی و خزمایەتی و خۆشەویستی نامێنێت، كەس ناپەرژێتە سەر كەس و كەس لە كەس ناپرسێتەوە، هەرچەندە بە زەقی و ڕونی یەكتریش دەبینن، بەتایبەت تاوانبار و تاوانكاران ئاواتەخوازن كە هەموو كوڕەكانیان بكەن بە قوربانی خۆیان، ئەو كوڕە نازدارانەیان كە لە دنیادا لەپێناوی ئەواندا مافی خەڵكی هەژار و داماویان پێشێل دەكرد زەوی و زار و موڵكی خەڵكیان داگیردەكرد، هەروەها ئاواتەخوازە كە هاوسەرەكەی بكاتە قوربانی خۆی بەڵكو براكانی، خزم عەشیرەتی كە لە دنیادا پەنایان دەدا و ئەم شانازی پێوە دەكردن، بەڵكو ئامادەیە ئەگەر بۆی بكرێت هەرهەموو دانیشتوانی سەرزەوی بكاتە قوربانی خۆی، ئەوەندە تەنگانە سەخت و دژوارە ..

بەڵام ئەوانە هەمووی ئاواتن، هیچی نایەنەدی، تازە دۆزەخی بۆخۆی تاوداوە و داخ لە دڵە بۆی و لە دەستی ڕزگاری نابێت، پێستی سەر و دەم و چاو و هەموو لەشی هەڵدەقرچێنێ و دایدەماڵێت، دۆزەخ بوەتە مۆتەكەیەكی سامناكی زیندو بانگی ئەو بێ دینانە دەكات كە پشتیان لە حەق و بەرنامەی خوای گەورە دەكرد و گوێیان پێ نەدەدا و دژایەتیان دەكرد و بیانویان دەهێنایەوە بۆ بەرنامە و ڕێبازی چەوتیان هەروەها دۆزەخ داخ لەدڵە بۆ ئەوانەی بە هەموو ڕێگەیەكی چەوت و نادروست و ماڵ و سامانیان كۆدەكردەوە و حسابیان بۆ حەڵاڵ و حەرام نەدەكرد.

لە ئایەتی ١٩- ٣٥ یشدا:

خوای گەورە باسی ئادەمیزادی بێ دین دەکات کە هەر لە دنیادا کەسایەتیەکی ئاسایی نیە، شپرزەیە، تەنگەتاوە، کەم جیقلدانە!!
هەرکات توشی نەخۆشی و ناخۆشی و نەهامەتی دێت، سەری دنیای لێ دێتەوە یەك و سەری لێ دەشێوێت و نازانێ چی بکات!! وە ئەگەر توشی خێر و بون و دەسەلات و سامان هات، ئەوە دەست نوقاو و بێ خێرە و قەدەغەی چاکە دەکات و فەرمان بە خراپە و ستەم دەدات .. جگە لەو کەسانەی کە نوێژگەرن، نوێژەکانیان بەجوانی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن، هەتا بکرێت بە کۆمەڵ بەندەی ڕاستەقینەی خوای گەورەن بە هەموو واتایەك، هەروەها لە ماڵ و سامانیاندا ڕێژەیەکی دیاریکراو بڕیار دەدەن لەپێناوی ئاینی خوادا، بۆ هەژاران خەرجی دەکەن بەتایبەت ئەوانەی کە دەستکورتن و داوایان لێ دەکەن، یان ئەوانەی کە هەژار و نەدارن چونکە ئەوانە باوەڕی پتەویان هەیە بە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە، هەوڵدەدەن تویشوی زۆر بۆ ئەوێ ڕەوانە بکەن .. ئەوانە لە سزای پەروەردگاریان دەترسن بیمیان لە تۆڵەی خوایی هەیە ئەگەر کەمتەرخەمی بکەن چونکە حەق وایە سزای خوای گەورە کەس لێی ئەمین نەبێت هەتا ئەو ڕۆژەی کارنامە وەردەگرێت و بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن ..

هەروەها ئەو بەڕێزانە شەرواڵی خۆیان، داوێنی خۆیان بە پاکی ڕادەگرن، سنورەکان ناشکێنن، چاو نابڕنە شەرەف و ناموسی کەس، جگە لە هاوسەرەکانیان، یان کەنیزەکەکان (کە لە هەندێ سەردەمەکاندا ئاسایی و باو بووە ئیسلام سنوری بۆ داناوە و نەیهێشتووە) لەسەر ئەو حاڵەتانە لۆمە ناکرێن و سزا نادرێن .. جا ئەوەی ئەو سنورانە ببەزێنێت بۆ تێرکردنی





ئارەزووەکانی گوێ بە حەڵاڵ و حەرام نەدات، ئەوانە بە دەستدرێژکار و ستەمکار و تاوانبار دەدرێنە قەڵەم .. هەروەها ئەوانەی کە هەموو جۆرە ئەمانەتێك، مادی، یان مەعنەوی دەپارێزن هەر ئەرکێك بدرێت بەسەریاندا بەمەرجێ چاك و خێربێت بەجوانی دەیکەن .. هەروەها ئەو کەسانەی کە بێباکن لە شایەتیدان و لەپێناوی حەقدا لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسن .. هەروەها ئەوانەی کە پارێزگاری لە نوێژەکانیان دەکەن و بەردەوام کە کاتی نوێژ هات ناڵێن: ئەی نوێژ ئیشمان هەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەڵێن: ئەی ئیش نوێژمان هەیە!!

دیارە ئەو کەسانەی کە ئەم کۆمەڵە سیفاتە جوانانە لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن، لە بەهەشتدا ڕێزلێگیراون لەلایەن خوای گەورە و فریشتەکان و نیشتەجێکانی بەهەشتەوە، هەوڵ و کۆشش و پابەندبونیان لە دنیادا جێگەی ڕێز و پێزانین و تەقدیری هەموو لایەکە.

# سورەتی (المزمل)

**ئایەتی ١١- ١٧**

لەم ئایەتانەدا خوای گەورە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە لە نازو نیعمەتی پەروەردگار بەهرەمەندن لەگەڵ ئەوەشدا نمەك حەرامن، بڕوا بە پەیامی خوا ناکەن، داوا لە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات کە مۆڵەتیان بدات و وەکو ڕێزێك مۆڵەتەکە دەداتە دەست ئەو زاتە و دەفەرموێت: لەڕاستیدا ئێمە کۆت و زنجیر و دۆزەخ و ئازار و ئەشکەنجەیەکی سەخت و گرانمان بۆ ئەو بێ دینانە ئامادەکردووە، هەروەها خۆراکێکی ناخۆش و دڕکاوی کە لە گەروی خوانەناسان دەگیرێت، سەرەڕای سزای پڕ ئێش و ناسۆر و ئازار .. بێگومان ئەو سزایانە پێش دێن دوای وێرانبونی زەوی بەهۆی بومەلەرزەیەکی سەختەوە کە زەوی تەخت و کێوەکانیش دەگرێتەوە، کەژ و کێوەکان دەبنە تەپۆڵکەی لمی ورد و چاڵ و چۆڵی پڕدەکەنەوە و خوای گەورە زەوی دەکاتە گۆڕەپانێکی فراوان بۆئەوەی جێگەی هەموانی لەسەربێتەوە!!





# سورەتی المدثر

**ئایەتی ٨- ٣١**

ڕۆژێك دێت فو دەکرێت بە دەزگای (صور) و کەڕەنای تایبەتدا جا ئیتر ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر دژوار و سەختە، بەتایبەت بەنیسبەت کافر و بێ دینەکانەوە زۆر خەمئاوەرە و بە ئاسانی بەسەریاندا تێناپەڕێت .. جا ئیتر وازم لێ بێنە بزانە چی دەکەم بەو تاوانبارانەی کە لەسەرەتادا بە تاك و تەنهایی هێنامانە مەیدانی بونەوە، پاشان ماڵ و سامان و دارایی زۆرم پێبەخشی، کوڕوکاڵی زۆر کە هەمیشە ئامادەی فەرمان بوون، لە هەموو جۆرە نازو نیعمەتێك و پێداویستیەکانی ژیان بەهرەمەندم کرد کەچی هەر تێری نەدەخوارد و هەر بەتەمای ئەوەبوو زۆرتر و زیاتری پێ ببەخشم، کەچی ئەو ستەمکارە لە بەرانبەر فەرمانەکانی ئێمەوە سەرکەش و سەرسەخت و کەللەڕەق بوو -

قوڕ بەسەری، بۆ کوێ دەچێت، دەبێ سزای سەختی پێ بچێژم، چاك ماندوی بکەم ..

ئەو سەرسەختە کە (ولید) ی کوڕی (مغیرە) بوو، کە چووە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ئەویش بە دەنگی زوڵاڵی هەندێ ئایەتی قورئانی لە سورەتی (فصلت) بۆ خوێندەوە، سەرسام بوو لە کاریگەری و شیرینی کەلامی خوای گەورە، بۆیە کە گەڕایەوە نێو کۆڕی سەرانی قوڕەیش، وتیان: وا دیارە سیحر و جادوەکەی محمد ﷺ کاری لە وەلید کردووە، وەلیدیش زۆر بە

جوانی باسی قورئانی کرد، بەڵام ئەوان کردیانە گاڵە و وتیان دەبێ وەسفێکی ناباشی قورئان بکەیت!! ئەویش گێلانە تەسلیمیان بوو کەوتە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵە، بە کوشت چێت و سەرەو نگون بێت بۆ خۆی و بیروبۆچونی، ئینجا وەسفی دیمەنی شڵەژاوی دەکات کە تەماشای ئەم لاولا دەکات و ناوچەوانی دێنێتەوە یەك و ڕەش داگیرساوە، دواتر ڕوی وەرگێڕا و فوی کردە خۆی و کوتوپڕ وتی: ئەم قورئانە هەر جادویەکی وەرگیراوە و محمد ﷺ فێرکراوە!! ئەمە هەر قسەی بەشەرێکە و لە فەرمودەی خوا ناچێت!! قوڕ بەسەری بۆ خۆی و بیروبۆچونی، ئەمە بەسەریەوە ناچێت، چونکە لە ئایندەیەکی نزیکدا من لە دۆزەخی توند دەکەم، جا تۆ چوزانی ئەو دۆزەخە چیە و چۆنە و چەندە سامناکە، هیچ ئەندامێکی لەشی ئەو ستەمکارانە ناهێڵێتەوە کە ئازاری نەدا و نەیسوتێنێ و ئێشی سەختی پێ نەگەیەنێت، ئەو دۆزەخە لە ڕۆژی قیامەتدا بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێت و پەلاماری ستەمکاران دەدات و دەیانتۆقێنێت نۆزدە فریشتە، یان نۆزدە دەستە فریشتە سەرپەرشتی کاروبار و ئەشکەنجەدانی تاوانباران دەکەن بێ ماندوبون. جا ئێمە وەنەبێت کارگوزارانی دۆزەخمان بە کەسانی تر سپاردیبێت جگە لە فریشتە تایبەتەکان، ئەو ژمارەیەش بۆ تاقیکردنەوەی کافران باسمان کردووە، هەروەها بۆئەوەی کە خاوەن کتێبەکان دڵنیابن کە ئەم قورئانە لە هەمان سەرچاوەوە هاتووە کە تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراوی لێوە هاتووە (چونکە لەو کتێبانەشدا باسی ئەو ژمارەیە هاتووە) هەروەها بۆ ئەوەشە کە ئیمانداران زیاتر باوەڕیان بە خوای گەورە پتەوبێت، کە تۆڵەیان بۆ دەستێنێت لە ملهوڕ و ستەمکاران، هەروەها جولەکە و گاوریش دڵنیابن لە قورئان و دودڵ نەبن لێی لەگەڵ ئیمانداراندا، دەبا دڵ و





دەرون نەخۆش و کافر و بێ دینەکان هەر بڵێن: باشە خوای گەورە کاری بەو ژمارەیە چی یە، ئابەو شێوەیە خوای گەورە هەرکەس کە خۆی بیەوێت گومڕابێت، بە زۆر هیدایەتی نادات، هەروەها هەرکەسیش کە خۆی بیەوێت تێبگات و ڕێبازی هیدایەت و دینداری بگرێت نائومێدی ناکات، جا کەس ژمارەی سەربازانی پەروەردگارت نازانێت جگە لە زاتی خۆی وە ئەو باسانە و ئەو ژمارانە هەمووی یادخستنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ژیرن و دەیانەوێت تێبگەن و فریای خۆیان بکەون.

لە ئایەتی ٣٨- ٥٣ شدا خوای گەورە دەفەرموێت:

لە ڕۆژی قیامەتدا تاکەتاکەی ئەو خەڵکە بارمتەی کارو کردەوەی خۆیانن، لە دنیادا چیان ئەنجام دابێت لە کارو کردەوەی خراپ دێتەوە ڕێیان، جگە لەوانەی کە ڕێبازی ڕاستیان گرتەبەر لە دنیادا، لە قیامەتدا کارنامەی خۆیان بە دەستی ڕاستیان وەردەگرن، ئەوانە لەنێو عەیش نۆشی بەهەشتدا، جارجارە بیر لە ژیانی دنیا دەکەنەوە و تاوانبار و ملهوڕ و دەسەڵاتدارانیان دێتەوە یاد و پرسیار دەربارەیان دەکەن، لەوێ پەیوەندی یەکان زۆر ئاسانترە لە پەیوەندی یەکانی ئەم سەردەمە، بۆیە لێیان دەپرسن: باشە، ئەوە ئێوە چی بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕاپێچ بکرێن بەرەو دۆزەخ و تیایدا گیر بخۆن؟!

ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە:

١- دەڵێن ئێمە لە ڕیزی نوێژگەران و نوێژ خوێناندا نەبوین، کەواتە نوێژ نیشانەیەکی گەوەرەی بونی ئیمانە، ئەوەی نەیکات با هەر بەدەم بڵێ مسڵمانم، بەڕاستی لە مەترسیەکی گەورەدایە ..

٢- دەڵێین: ئێمە خۆراکمان نەدەبەخشی بە هەژاران، یارمەتی داماو و لێقەوماوانمان نەدەدا.

٣- لەگەڵ هەموو دەم درێژ و ناپوخت و بێ دینێکدا دادەنیشتین و هەرچی بە دەماندا بهاتایە دەمانوت و سڵمان لە هیچ درۆ و دەلەسە و بوختانێك نەدەکردەوە.

٤- هەروەها ئێمە باوەڕمان بە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەش نەبوو، هەتا کاتێ بە خۆمان زانی کوتوپڕ مردن یەخەی پێگرتین و تەمەنمان کۆتایی هات جا ئیتر ئەو جۆرە کەسانە تکا و پاڕانەوەی تکاکاران و شەفاعەتخوازان هیچ سودی نابێت بۆیان، چونکە ئەوانە کاتی خۆی لە دنیادا لە باسی دین و پابەندبون و ڕەوشتبەرزی و خواناسی ڕایان دەکرد، هەروەکو چۆن گوێدرێژی کێوی لەترسی شێر ڕادەکات لەکاتێکدا دەمی کردۆتەوە و هێرشیان بۆ دەبات!! ئەمانە وا دیارە هەریەکەیان دەیەوێت نامەی تایبەتی لەلایەن خواوە بۆ بێت ئەوسا باوەڕ دەهێنێت!! نەخێر ئەوانە وا دیارە لە حساب و لێپرسینەوەی قیامەت هەر ناترسن و باوەڕیان پێی نیە!! خۆیان دەبیننەوە!!





# سورەتی (القیامة)

ئایەتی ٢٠- ٣٥

خوای گەورە دەفەرموێت: زوربەی نەوەکانی ئادەم هەر ژیانی دنیایان خۆش دەوێت و هەوڵ و هەڵپەی بۆ دەکەن هەرچەندە بەخێرایی تێدەپەڕێت و کوتوپڕ تەواودەبێت .. ناکەن هەوڵەکانیان بۆ دنیا بخەنە چوارچێوەی شەریعەتی خواوە تا ئاوەدان کردنەوەی دنیا و چالاکیەکان تیایدا خوای گەورە بە خێر و بەندایەتی بۆیان هەژمار بکات.

وە واز لە قیامەت و بەهەشت دێنن و بەدوری دەزانن و هەندێکیان بە مەحاڵ دێتە بەرچاویان!!

بە مەرجێ لەو ڕۆژەدا ڕوخسارانێك گەش و جوان و دەم بە پێکەنین و زەردەخەنەن، چونکە شادن بە دیداری پەروەردگاریان، ئەو پەروەردگارەی کە لە دنیادا هیدایەتی دابون، چونکە خۆیان مەبەستیان بوو، دڵنیاش بوون لەوەی کە بەڵگە بێ شومارە لەسەر بونی ئەو زاتە بە هەموو سیفاتی (جلال و جمال و کمال) یەوە ..

ڕوخسارانێکی تریش خەجاڵەت و سەرشۆڕ و ڕیسوا و ڕەش و دێزن، دڵنیان کە کارەساتی گەورە و پێشهاتی سامناك چاوەڕێیان دەکات.

ئەی ئینسان! تۆ بۆ بیرناکەیتەوە ڕۆژێك دێت و ساتەوەختێك بەڕێوەیە کە ڕۆحت دێتە گەروت، گیان دێتە بینەقاقات، ئەوسا دەوترێت: باشە ئێستا

کێ فریاد ڕەسە، کێ دەتوانێت ڕزگارت بکات، ئەو کەسە گوێ بیستی هات و هاواری خەڵکەکەیە بەڵام خۆی دڵنیایە کە کاتی بەجێ هێشتنی دنیایە، کاتی جیابونەوەی ڕۆحە لە جەستە، قاچەکانی بەیەکدا دەئاڵێنن، یاخود خەڵکەکە دەشڵەژێن و بەیەکدا دێن .. هێز و هەناوی لێ بڕاوە تا باسی ئەوە بکات چی دەبینێ و چی ڕوودەدات و هەست بەچی دەکات!! ئەوسا ئیتر بەرەو لای پەروەردگاری کێش دەکرێیت و سەوق دەکرێت ..

بەڵام، مەخابن، زوربەی ئەو خەڵکە کە دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان، نە بڕوایان بە پەیامی پێغەمبەران هەبوو، نە نوێژێکی جوان و ڕێکوپێکیان ئەنجامدا، بەڵکو بڕوایان نەکرد و ڕویان وەرگێڕا لە پەیامی خوا ..

هەیان بوو جارجارە بە لەنجەو لارەوە دەگەڕایەوە بۆ ناو کەس و کاری و بە غەفڵەت ژیانی دەبردەسەر ..

جا ئێستە قوڕ بەسەرت خاك بە دامانت، مەگەر هەر دۆزەخ و سزای ناوی بۆ تۆ شیاو و لەباربێت، پاشان هەر قوڕ بەسەری و نەگبەتی نێو دۆزەخ شایستەی تۆیە و هەر ئەو سزایە لایەق بە تۆیە ..





# سورەتی (الانسان)

**ئایەتی ٤- ٢٢**

خوای گەورە هەڕەشە دەکات لە کافر و خوانەناسان و دەفەرموێت: ئێمە چەندەها کۆت و زنجیر و ئاگری بڵێسەدارمان ئامادەکردووە بۆ کافر و بێ باوەڕان، ئەوانەی بڕوایان بەم پەیامە، بەتاك و تەنهایی خوای گەورە، بە ڕۆژی قیامەت نیە ... لەولاشەوە چاکان لە کاس و پەرداخی تایبەتدا شەرابی تایبەتیی دەنۆشن کە مادەی کافوری تێکەڵ کراوە، کە ئەوەندەی تر تام خۆش و بۆنخۆش و ڕەنگ جوان و بەسودی کردووە ..

ئەو شەرابە لە سەرچاوەیەکی تایبەتەوە هەڵدەقوڵێت کە بەندەکانی خوای گەورە لێی دەخۆنەوە، لە هەرشوێنێکدا بیانەوێت هەڵیدە - قوڵێنن و شەرابی نایاب فوارە دەکات ..

ئەو بەختەوەرانە کەسانێکن کە کاتی خۆی هەر نەزرێکیان لەسەر خۆیان بڕیار بدایە ئەنجامیان دەدا و بەوەفا و بە ئەمەك بوون لە بەرانبەریەوە، چونکە ترس و بیمیان لە ڕۆژێك هەبوو کە پڕە لە تەنگانە و ناخۆشی و نەگبەتی. هەروەها نان و خۆراك چەندە خۆشەویست و نازداریش بێت دەیبەخشن بە هەژاران و هەتیوان و دیلەکان .. وە پێیان دەڵێن: ئێمە بێ هیچ بەرانبەرێك ئەم خۆراکانەتان پێشکەش دەکەین مەبەستمان تەنها ڕەزامەندیی خوای گەورەیە، نە بەتەمای پاداشتی ئێوەین،

نە چاوەڕێی سوپاستانین .. لە ڕاستیدا ئێمە بیم و ترسمان هەیە لە ڕۆژێك کە پەروەردگارمان پێشی دەهێنێت، ڕۆژێکی زۆر سامناك و ترش و تاڵە. بەڵام خوای گەورە لە شەڕ و تەنگانە و ناخۆشی ئەو ڕۆژە پاراستنی چونکە ئەوەی لە دنیادا لە خوا بترسێ، لە قیامەتدا ئەمین و ئاسودە دەبێت، بەڵام ئەوەی لێرە بێ باك و لە خوا نەترس بێت، لە قیامەتدا بە تەواوەتی خوای گەورە دەیتۆقێنێت لە دۆزەخدا. جا خوای گەورە بە ڕوی گەش و خۆشی و ڕێز و خۆشەویستیەوە پێشوازیان لێ دەکات .. وە بەهۆی خۆگری و ئارامگریانەوە لە دنیادا لە بەرانبەر کێشەکانی ژیانەوە، بەهەشت و ئاوریشمیان پێ دەبەخشێت، کۆشك و تەلار و ڤیلاکانی بەهەشت بە فەرشی ئاوریشم و کورسی و قەنەفەی ئاوریشم و پەردەی جوانی ئاوریشم ڕازێنراونەتەوە، جگە لەوەی جل و بەرگی بەهەشتیان ئاوریشمی تایبەتە .. جا لەوێدا بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان شانیان داداوە، نە خۆری گەرم بێزاریان دەکات، نە سەرما و سۆڵە و کزە با سەغڵەتیان دەکات، جا لق و پۆپی درەختەکان شۆڕبونەتەوە، لێکردنەوەی میوە نایابەکانی چونکە ئاسانە، سەریان فرو هێناوە و بە ئاسانی دێن بە دەستی بەختەوەرانەوە .. هەروەها ناو بەناو لەسەر سینی و دەفر و کوپ و سوراحی زیوی نایاب کە بە شوشە و کریستاڵ نەخشێنراوە، خۆراکی هەمەجۆر و تام خۆش و بۆنخۆش و ڕازاوەیان بۆ دێنن، شوشە و کریستاڵەکان ئاوێتەی نەخش و نیگاری زیوی تایبەت کراون و بەشێوەی ئەندازەیی جوان دروستکراون، هەروەها هەندێ جار شەرابی تایبەتیان بۆ دەهێنن کە زەنجەبیلی تێکەڵە، زەنجەبیلی تامخۆش و بۆنخۆشی تایبەت، لە





سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە کە پێی دەوترێت سەلسەبیل، کە مادەیەکی بۆنخۆش و تامخۆش و ڕەنگ جوانە.

هەروەها منداڵانی هەمیشە زیندو، کە نەخۆش ناکەون و ورك ناگرن و بێ کێشەن، بە دەوری بەختەوەراندا دێن و دەچن، سرودی بەتام دەچڕن، قسەی خۆش دەکەن، حەرەکاتی جوان دەنوێنن هەر کە دەیانبینیت دەڵێی مرواری جوان و ڕازاوەن بەو ناوەدا پەخش بونەتەوە ..

جا ئیتر بەهەرلایەکدا چاو دەگێڕیت، بۆ هەرلایەك دەڕوانیت نازو نیعمەتی بێ شومار، کۆشك و تەلار و باخ و باخچەی هەمەجۆری ڕازاوە، دیمەنی دڵڕفێن دەبینی ..

سەرەڕای ئەوانە هەموی بەختەوەران پۆشاکی جوانی تەنکی سەوزباویان پۆشیوە بەسەر قوماشی جوان لە ئیستەبرەق دا هەروەها بازن و دەستبەند و سەعاتی زیوی تایبەت لە دەستیان دەکەن ئینجا لەلایەن پەروەردگاریانەوە شەرابێکی سەرمۆری پاك و خاوێنیان پێشکەش دەکرێت .. لەگەڵ پەیامێکدا لەلایەن ئەو زاتەوە کە ڕایدەگەیەنێت بەو بەختەوەرانە، ئەمە ئیتر پاداشتی شایستەی خۆتانە و هەوڵ و کۆشش و خەباتی ئێوە لەپێناوی بەرنامەی ئێمەدا شایستەی ڕێز و سوپاس و پێزانینە ... ئیتر بەختەوەران ئەوەندەی تر دڵخۆش و شادمان دەبن و حمد و شوکر و سوپاسی پەروەردگاری مەزن و بەخشندە دەکەن.

# سوره‌تی (المرسلات)

٢٩- ٤٤

له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا تاوانباران ڕاپێچ ده‌کرێن و تێیان ده‌خوڕن و پێیان ده‌ڵێن: ئاده‌ی ڕاکه‌ن بۆ ئه‌و شوێنه‌ی که‌ جاران باوه‌ڕتان پێی نه‌بوو، ئاده‌ی ڕاکه‌ن بۆ بن ئه‌و سێبه‌ره‌ی که‌ له‌ سێ برگه‌ و به‌ش پێکدێت، به‌مه‌رجێ ئه‌و سێبه‌ره‌، نه‌ سێبه‌ره‌ و نه‌ له‌ بڵێسه‌ی ئاگر ده‌تانپارێزێت ..

له‌ڕاستیدا بڵێسه‌ی ئه‌و ئاگره‌ وه‌ك کۆشك و ته‌لاری مه‌زن ده‌نوێنێت له‌ گه‌وره‌ییدا ..

له‌شێوه‌ی وشتری زه‌ردباوی تورِه‌دا هێرش ده‌هێنێت. هاوار و ئاهو ناڵه‌ له‌و ڕۆژه‌دا بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ بڕوایان به‌ پێشهاتنی نه‌بوو .. ئه‌مه‌ ئه‌و ڕۆژه‌یه‌ که‌ تاوانبار و بێ دینه‌کان ده‌میان به‌سراوه‌ و ورته‌یان لێوه‌ نایه‌ت، مۆڵه‌تیش نادرێن تا پاکانه‌یه‌ك بکه‌ن و داوای لێبوردن بکه‌ن!!

قوڕ به‌سه‌ر ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان به‌و ڕۆژه‌ نیه‌، پێیان ده‌وترێت: ئه‌مه‌ ئه‌و ڕۆژه‌یه‌ که‌ پاکان له‌ ناپاکان جیاده‌که‌ینه‌وه‌ ئێوه‌ و هه‌موو نه‌وه‌کانی ڕابوردوو داهاتومان کۆکردۆته‌وه‌ - جا ئه‌گه‌ر نه‌خشه‌ و پلان و پیلانێکتان هه‌یه‌ ئاده‌ی بیخه‌نه‌ کار. هاوار و ئاهو ناڵه‌ بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ بڕوایان به‌ پێشهاتنی ئه‌و ڕۆژه‌ نیه‌ -





له‌و لاشه‌وه‌ ته‌قوادار و دینداران له‌ژێر سێبه‌ری دره‌خته‌کانی به‌هه‌شتدا له‌پاڵ کانیاو و تاڤگه‌کاندا سه‌رگه‌رمی سه‌یران و عه‌یش و نۆشن هه‌ر میوه‌یه‌ك حه‌زیان لێی بێت ده‌ستبه‌جی بۆیان ئاماده‌یه‌، پێیان ده‌وترێت: بخۆن و بخۆنه‌وه‌ نۆشی گیانتان بێت له‌ پاداشتی ئه‌و کارو کرده‌وانه‌دا که‌ جاران ده‌تانکرد .. له‌ڕاستیدا ئێمه‌ ئابه‌و شێوه‌یه‌ پاداشتی چاکه‌خوازان و چاکه‌کاران ده‌ده‌ینه‌وه‌.

# سورەتی (النبأ)

**ئایەتی ١٧- ٤٠**

خوای گەورە دەفەرموێت: لەڕاستیدا ڕۆژی جیاکردنەوە، کاتێکی دیاریکراوە بۆ جیاکردنەوەی چاکان لە خراپان، ئیمانداران لە کافران، ستەمکاران لە ستەملێکراوان ..

ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێت بە دەزگاری (صور) و کەڕەنای تایبەتدا، خەڵکینە ئێوە هەموتان پۆل پۆل و دەستە دەستە هەموتان بەرەو مەیدانی لێپرسینەوە بێ پەروا دێن ..

ئاسمانیش دەبێتە چەندەها دەروازەی زۆر فراوان، پۆل پۆل فریشتە لەوێوە دێن و دادەبەزنە سەر زەوی، بۆ ئامادەبونی میهرەجان و کەرنەڤاڵی لێپرسینەوەی نەوەکانی ئادەم، پێشتریش کێوەکان گوازراونەتەوە و وەکو سەراب و تراویلکەیان لێهاتوە و چاڵ و چۆڵی زەویان پێ پڕکراوەتەوە، زەوی بووە بە دەشتێکی زۆر فراوانی کاکی بە کاکی و هەموو نەوەکانی ئادەم بە چڕی و بەڕیز لەسەری وەستاون، دۆزەخیش خۆی مەڵاس داوە بۆ تاوانبارەکانیان و دەبێتە مەنزڵگای هەمیشەیی بۆ خوانەناس و یاخیەکان، کە دەبێ ماوەی زۆر و تولانی بێ سنور تیایدا ببنەسەر، بەمەرجێ ڕۆژێ لە ڕۆژان فێنکایی یەك ڕویان تێناکات. تامی ئاوو خواردنەوەیەکی فێنکیش ناچێژن، جگە لە ئاوی کوڵ و کێم و زوخاوی داچۆڕاوی جەستەی سوتاو و





ئاوساوی دۆزەخیان .. بێگومان ئەمەش پاداشتی پڕ بە پێستە بۆ ئەوانە - چونکە ئەوەتە لە قورئاندا بە وردی باسی ئەو حاڵەتەیان بۆ کراوە، لەسەر زاری پێغەمبەران و بانگخوازان جگە لەوەی لە قورئاندا بۆیان ڕون کراوەتەوە، کەچی گاڵتەی پێدەکەن و باوەڕی پێناکەن، ئەوەتە هەروەك قورئان دەفەرموێت، ئەوان بەتەمای موحاسەبە و لێپرسینەوە نەبون و هەر بڕوایان پێی نەبوو، بڕوایان بە ئایەتەکانی خوای گەورە نەبوو چ ئەوەی لە قورئاندا باسی فەرمووە، چ ئەو هەموو دروستکراوە سەرسوڕهێنەرە بێ شومارەی کە لەسەر زەوی و ناو زەوی و ئاسمانەکاندا بەدی هێناوە، چ ئەو هەموو دام و دەزگا خودکارەی کە لە جەستەی ئادەمیزادا لە گۆشت و خوێن و .. مەوادی جۆراوجۆر ڕێکی خستووە ....

بەڵام قوڕ بەسەریان ئێمە هەموو شتێکمان لەسەر هەژمارکردوون، ئاماری هەموو شتێکمان لەلایە لە کردار و گوفتاریان، هەموی بەدەنگ و ڕەنگەوە تۆمارکراوە ..

جا بەو نەگبەت و بێ باوەڕانە دەوترێت: دەبچێژن سزا و ئازاری دۆزەخ لە دەرئەنجامی دەم درێژی و بێ دینی و دژایەتی قورئان و ئیسلامدا، ئێمە هەر سزا و ئازاری هەمەجۆرتان دەدەین و دەربازبونتان ئەستەمە.

لەولاشەوە بۆ تەقوادار و دیندار و خواناسان سەربەرزی و سەرفەرازی و خۆشی و شادی و کامەرانی فراوان ئامادەیە. باخچەی جوان و ڕازاوە لە بەهەشتدا لەگەڵ ڕەزە ترێی هەمەجۆر، کەپری مێوی ڕازاوە بە گەڵای جوان و هێشوە ترێی نایابی کەس نەدیو کە چواردەوری کۆشك و تەلار و ڤێلاکانی پێ ڕازێنراوەتەوە، هەروەها کیژانی دیمەن جوان و سینە جوان و هاوتەمەن کە عاشقی هاوسەرەکانیانن لەگەڵ کاسی پڕ لە شەراب و شەربەت و

شلەمەنی هەمەجۆری تام خۆش و بۆنخۆش و ڕەنگ جوان، بەردەوام بە دڵی بەختەوەران لە کات و ساتی لەباردا دەگێڕدرێت بەسەریاندا لەلایەن منداڵە چاوگەش و مێرد منداڵە ڕەفتار جوانەکانەوە، جا ئیتر لەو ژیانە خۆشە و بەهەشتە ڕازاوەیەدا، ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕەفتارێکی ناشرین، قسەیەکی نابەجێ، تانەو تەشەرێك، قسەو قسەڵۆك و پڕو پاگەندەی ناحەزێك نابیستن، دژایەتی بێ باوەڕ و تاوانبارێك نابینن و نابیستن، ئەمانەش هەموی پاداشتی تایبەتن لەلایەن پەروەردگارتەوە ئەی ئیماندار، بەخششێکە بە حسابێکی ورد بۆ تۆ ئامادەکراوە و حساب بۆ هەموو نوێژەکانت، ڕۆژوەکانت، هەوڵ و جیهاد و خەباتت، بەخشندەییت بانگەوازت ... کراوە لەلایەن پەروەردگاری میهرەبانی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی وا لەنێوانیاندایە، ئەو ڕۆژەی کە کەس لەبەردەم پەروەردگاری میهرەباندا ناتوانێ بدوێت. ڕۆژێك دێت کە فریشتە جوبرەئیل و سەرجەم فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن، ئەوانیش هیچ قسە ناکەن، جگە لەوانەیان، کە خوای گەورە و میهرەبان مۆڵەتی دەدات و ئەویش قسەی جوان و وتاریکی زۆر پڕ مانا و بەنرخ و بەجێ پێشکەش دەکات.

بەڕاستی، ئەو ڕۆژە و ئەو کەرنەڤاڵ و میهرەجانە بەرێوەیە حەق و حەقیقەتێکە و پێش دێت، جا ئەوەی دەیەوێت با هەر لە ئێستاوە ڕێگەی دینداری خواناسی بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگاری بگرێتەبەر.

لەڕاستیدا ئێمە ئێوەمان ئاگادارکردۆتەوە لەوەی کە سزایەکی نزیك یەخەی خوانەناسان و بێ دینەکان دەگرێت، مەگەر تا زووەو دێر نەبووە فریای خۆیان بکەون، چونکە ڕۆژێك دێت هەرکەسە سەرگەرمی تەماشاکردنی کارو کردەوەکانی خۆیەتی ... تاکەتاکەیان لەو کافر و خوانەناسانە کە کارو





کردەوەی ناشیرین و ناپەسەندی خۆی دەبینێت، کە گوناهو تاوان و پلان و پیلانی خۆی سەیر دەکات، بە ئاهو حەسرەتێکی زۆرەوە دەڵێت: ئای خۆزگە هەر خاك بومایە و زیندو نەکرامایەتەوە و ئاوا گیرم نەخواردایە.

# سورەتی (النازعات)

**ئایەتی ٣٤- ٤٦**

هەرکاتێك تەنگانە گەورەکە ڕویدا، بەڵا گەورە و سامناکەکە پێشهات، خەڵکی زیندو کرانەوە، ئەوکات هەموو مرۆڤێك کارو کردەوەکانی دنیای دێتەوە یاد و دەزانێت چ دەستپێشکەرییەکی کردووە، دۆزەخ و ئازار و ئەشکەنجەکانی ناوی لەسەر شاشە تایبەتەکان نیشان دەدرێت، بۆ هەرکەسێك کە ببینێت. جا ئەو کەسانەی تاوان و گوناهیان کردووە و لە سنور دەرچون، وە هەر بۆ دنیا ژیان و قیامەتیان فەرامۆش کرد، وە لە دنیادا هەرچی خوا پێی ناخۆش بوو، قەدەغەی کردبوو، کردیان، ئا ئەوانە ئەو دۆزەخەی کە نیشانیان دەدرێت دەبێتە شوێنی نیشتەجێ بون و حەوانەوەیان!!

بەڵام ئەوانەی کە حسابیان بۆ ئامادەبونیان لەبەردەم دادگای پەروەردگاریاندا کرد، سنوریان دانا بۆ ئارەزوەکانی خۆیان و سنورشکێنیان نەدەکرد، ئا ئەوانە بەهەشت بە هەموو نازو نیعمەتەکانیەوە جێگەی حەوانەوە و نیشتەجێ بون و ژیانیانە.

ئەی محمد ﷺ هەندێ لەو خەڵکە پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەو قیامەتەی کە باسمان کرد، کە کەی بەرپا دەبێت و کەی ڕودەدات، جا تۆ لەکوێ دەزانیت کەی بەرپا دەبێت؟! تۆ لە کوێ و زانینی ئەو کاتە لە کوێ؟!





دیارە هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە کاتێ کەسێك لە پێغەمبەری ﷺ پرسیوە: ئەوە کەی قیامەت بەرپادەبێت؟! ئەو زاتە لە وەڵامیدا فەرموی: باشە، تۆ چیت بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەکردووە؟!!

چونکە زانینی کۆتایی دنیا و بونەوەر هەر پەروەردگارت دەیزانێت، تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە کە ئەو کەسانە بێدار بکەیتەوە کە لەو ڕۆژ و ساتە دەترسن و بیمیان لێی هەیە و حسابی بۆ دەکەن. جا ئەو ڕۆژەی کە پێش دێت و ڕودەدات ئەو خەڵکەی کە سەرلەبەیانی مردوون، وادەزانن ئەوە سەر لە ئێوارەیە و زیندو کراونەتەوە، ئەوانەش کە سەرلەئێوارە مردون وا دەزانن ئەوە چێشتەنگاوی ڕۆژی دواترە و زیندوکراونەتەوە!! ئەوەندە جیهانی بەرزەخ کورت و کۆتا هەست پێدەکەن.

# سورەتی (عبس)

ئایەتی ٢٣- ٤٢

- هەرکات بەهۆی دەنگێکی زۆر گەورە و سامناکەوە قیامەت بەرپابوو - وە هەموو خەڵك بە حەپەساوی زیندوکرانەوە، ئەو ڕۆژە ئەوەندە ئەو خەڵکە شپرزەیە، لە ساحەی مەحشەردا چاوی بە براکەی دەکەوێت، ڕادەکات لەدەستی و خۆی لێ دەشارێتەوە، هەروەها لە دایکی، لە باوکی، خۆی گێل دەکات و هەڵدێت و خۆی ون دەکات، لە هاوسەرەکەشی، لە منداڵ و ڕۆڵە و نەوەکانی، لە هەموی هەڵدێت ڕادەکات، چونکە ئەو ڕۆژە خەمی هەرکەس ئەوەندە گەورەیە سەرکەسی تری ناپەرژێت ..

سەرئەنجام ئەو خەڵکە دەبنە دوو دەستەوە -

دەستەیەکیان بەختەوەر و سەرفەراز و ڕوگەش و دەموچاو جوان و دەم بە پێکەنین، مژدە پێدراون بە بەهەشت و ڕەزامەندی و لێخۆشبونی خوای گەورە.

دەستەیەکی تریش ڕوخساریان گرژ و تاڵ، تۆزاوی، پەست، غەمگین، دێزی و ڕەشی و تاریکی داپۆشیون،

دیارە کە ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوانەناس و تاوانبار و گوناهکار و ستەم پیشە بوون.





# سورەتی (التکویر)

ڕۆژێك دێت خۆر دەپێچرێتەوە و ڕوناکی نامێنێت، ئەستێرەکانیش لە خولگەی خۆیان دەترازێن و دەدەن بەیەکدا، کێوەکانیش لە شوێنی خۆیان هەڵدەکەنرێن و دەبرێن بەملاولادا و چاڵ و چۆڵی زەویان پێ پڕدەکرێتەوە، حوشتری ئاوسی دەمانگە کە سامانێکی بەنرخە لای عەرەبەکان - پشتگوێ دەخرێن و کەس خەمیان ناخوات، گیانلەبەرانی کێوی و دڕندە بەدەوری یەکدیدا کۆدەکرێنەوە، لە سامناکی ئەو ڕۆژە دڕندەکان، دڕندایەتی خۆیان لەبیردەچێتەوە، دەریاکان گڕدەگرن و دادەگیرسێن، دیارە ئاوی دەریاکان بەهۆی گڕکانەوە، یاخود بەهەر هۆیەك کە خوای گەورە دەیسازێنێت دەبنەوە بە ئۆکسجین و هایدرۆجین و دەبنە بۆمبی هایدرۆجینی و تەقینەوەی وا دروست دەبێت کە بۆچون لەئاستیدا کول و کۆڵە، دواتر گیانی هەرکەس دەگەڕێتەوە بۆ لاشەکەی ئەوسا کچی زیندەبەچاڵ کراو پرسیاری لێ دەکرێت: باشە تۆ بە چ تاوانێك کوژرایت؟! بە چ گوناهێك زیندەبەچاڵ کرایت؟! چی بکەین لە بکوژەکەت؟!

پاشان دۆسیەی هەرکەس دەخرێتەڕوو ئاسمانیش لادەدرێت و والادەکرێت، دۆزەخیش تاودراوەو داگیرسێنراوە بۆ تاوانبار و تاوانکار و خوانەناسان. بەهەشتیش خۆی ڕازاندۆتەوە و نزیکە لە دیندار و خواناسانەوە، بە هۆکاری بوراق ئاسا بەرەو ناوی بەرێدەکرێن ..

جا ئەوسا ئیتر هەموکەس دەزانێت چی دەستپێشکەری کردوە و چ توێشویەکی پێیە.

# سورەتی (الانفطار)

لەگەڵ بەڵگەی بێ شوماری دەسەڵاتی خوادا لە دروستکردنی ئێوەدا زۆربەتان، ئەی نەوەکانی ئادەم بڕواتان بە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە نیە، لەگەڵ ئەوەی کە فریشتەی چاودێرمان لەسەرداناون و ورد و درشتی گوفتار و کردارتان بە دەزگاری زۆر پێشڕەفتە تۆمار دەکەن و ئاگادارن بە هەموو هەڵسوکەوت و نهێنیەکانتان، کەچی زۆربەتان غافڵن و باکتان نیە، جا سەرئەنجام ئێوە دەبن بە دوو دەستەوە بە ویست و ئیرادەی خۆتان، دەستەی چاکان و پاکان، دەستەی بێ دین و تاوانبار و خراپان، جا دەستەی چاکان و پاکان لەنێو نازو نیعمەتی بێ شومار و هەمەجۆردا ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەبەنەسەر ..

دەستەی بێ دین و تاوانبار و خراپانیش لەنێو دۆزەخدا ژیانی پڕ لە ئازار و مەینەتی دەبێ ببەنەسەر، لە ڕۆژی قیامەتدا دەگەیەنرێنە ناوی و تێیدا دەبرژێن، هیچ کەسیشیان ناتوانێت لێی قوتاربێت و خۆی لێ بدزێتەوە. جا تۆ چوزانی ڕۆژی قیامەت چۆنە و کەی بەرپا دەبێت، پاشان تۆ چوزانی ڕۆژی قیامەت چۆنە و کەی بەرپا دەبێت و چی تیایدا ڕودەدات؟! لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە کەس فریای کەس ناکەوێت، جڵەوی هەموو کاروبار و بڕیارەکان هەرهەموی بەدەست خوای گەورەیە ئەو کاتە و هەموو کاتێك.





# سورەتی (المطففین)

هاوار و ئاهو ناڵە بۆ تەرازوبازەکان، بۆ ئەوانەی کە لە کێشان و پێواندا، لە کڕین و فرۆشتندا تەرازوبازی و فڕوفێڵ دەکەن، یان دەستی خەڵکی دەبڕن و شتی ناباشیان بە باش بەسەردا ساغ دەکەنەوە، یاخود لە هەڵسەنگاندنی خەڵکیدا حەیف و مەیل دەکەن ..

ئەوانە کاتێ کە کێشان و پێوانە دەکەن بۆ خەڵکی، یان هەرشتێك لە خەڵکی دەکڕن ماف و قازانجی خۆیان بە زیادەوە وەردەگرن، بەڵام کاتێ کە ئەمان شت بە خەڵکی دەفرۆشن، یان مامەڵەیەکیان لەگەڵدا دەکەن هەوڵدەدەن دەستیان ببڕن، بیانخەڵەتێنن، بەشی کەمیان بدەنێ!!

باشە ئەوانە وا نازانن لە ڕۆژێکی زۆر سەخت و سامناکدا زیندو دەکرێنەوە، ئەو ڕۆژەی کە هەموو خەڵکی بە ملکەچی لەبەردەم دادگای خواییدا دەبێ بوەستێت ..

جا ئەو ڕۆژە دۆسیەی تاوانباران، وا لە (سجین) دایە .. جا تۆ چوزانی (سجین) چیە؟! (سجین) بریتی یە لە دۆسیەیەکی لۆك کراو و مۆرکراو کە هەموو فێڵ و خیانەت و دەست بڕینێکی تێدا تۆمارکراوە، جا هاوار و ئاهو ناڵە لەو ڕۆژەدا بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بەو حەقیقەت و ڕاستیانە نیە، ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە نیە، لەڕاستیدا تەنها دەستدرێژکار و تاوانباران بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت نیە، ئەوانەی کە کاتێ

ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە دەڵێن: ئەمە هەر داستان و بەسەرهاتی پێشینەکانە و بەسەرچووە!!

نەخێر، هەرگیز وانیە، بەڵکو ئەو نەفامانە دڵیان ژەنگی هێناوە بەهۆی کارو کردەوەی ناپوختیانەوە، جا لەو ڕۆژەدا بەربەست هەیە لەنێوان ئەوان و سۆز و میهری خواییدا و بە دیداری ئەو زاتە شاد نابن .. بەڵکو بە پاڵ و سوکایەتی پێکردنەوە ڕاپێچی دۆزەخ دەکرێن، پاشان پێیان دەوترێت: ئا ئەمە، ئەو دۆزەخەیە و ئەو ڕۆژەیە کە بڕواتان پێی نەبوو بە ئەستەمتان دەزانی.

لەولاشەوە دۆسیەی دەستەی بەختەوەران، تۆمارگەی کارو کردەوەی چاکان، لە شوێنە بەرزو بڵندەکاندا هەڵگیراون، جا تۆ چوزانی ئەو شوێنە بەرزو بڵندانە چین و چۆنن، ئەوانە دۆسیەی لۆك کراو و مۆرکراون، بە ڕواڵەتیاندا دیارە کە خاوەنەکەی سەرفەراز و بەختەوەرە، بەتایبەت چونکە فریشتە نزیکەکانی خوای گەورە بەسەرسامی و خۆشیەوە سەرنجی چاکە و خواپەرستی و بانگخوازی و خەمخۆریان بۆ ئاینی یەکخواناسی دەدەن و شایەتی لەسەردەدەن.

لەڕاستیدا ئەو ئیماندارە چاك و خواناسانە لەنێو نازو نیعمەتی هەمەجۆردا ژیانی خۆشی و شادی دەبەنەسەر، لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن، سەرنجی دیمەنی جوان و باخ باخات و گوڵ و گوڵزار و تاڤگە و ڕوبار و نازو نیعمەتە جوان و قەشەنگە بێشومارەکان دەدەن، خۆشی و شادی و کامەرانی لە ڕوخساریان دەبارێت .. ناوبەناو شەرابی پاك و بێگەرد و تام خۆش و نایابی سەرمۆریان پێشکەش دەکرێت، هەر کە نۆشیان کرد بۆنی میسکی تایبەت ئەو ناوە پڕدەکات،





بەپێچەوانەی شەرابی دنیا کە بخۆر و دەوروبەریش بۆگەن دەکات .. جا ئیتر حەق وایە ژیرەکان، هۆشمەندەکان لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەو نازو نیعمەتە بێ شومارانەدا پێشبڕکێ بکەن. شایانی باسە ئەو شەرابە (تسنیم)ی تێکەڵ کراوە کە ئەویش لە سەرچاوەیەکەوە هێنراوە کە تەنها خۆشەویستان و نزیکانی خوای گەورە لێی دەخۆنەوە ..

ئینجا خوای گەورە دوای ئەو باسانەی بەهەشت دەمانهێنێتەوە بۆ دنیا و نمونەی بێ دین و تاوانبارانمان بۆ باس دەفەرموێت: کە ئەوانە هەرکات بۆیان بلوێت گاڵتە بە ئیمانداران دەکەن، پێیان پێدەکەنن، کاتێ کە بەلایاندا تێدەپەڕن دەیکەنە چپە و سرتە و لاقرتێ و ئاماژەکردن بە شێوازی جۆراوجۆر، کاتێکیش دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە هەر بەدەم گاڵتەپێکردن و باس کردنیانەوە دەگەڕێنەوە، کاتێکیش پێیان دەگەن دەڵێن، ئەمانە سەرلێشێواون، کۆنەپەرستن، دوای کڵاوی با بردوو کەوتون!! بەمەرجێ ئەم خواناسانە نەکراون بە بەرپرس و چاودێر بەسەریانەوە، تا هەڵسەنگاندنیان بەو شێوە نارەوایە بۆ بکەن!!

جا ئەم حاڵەتەیان بەسەردا تێناپەڕێت و ڕۆژێك دێت پەردە بەسەر شانۆی دنیادا دێت و قیامەت بە هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکانیەوە بەرپا دەبێت و نۆرەی ئیمانداران دێت جا ئەوسا لەو ڕۆژەدا کاتێ ئیمانداران تاوانبار و بێ دین و گزیکاران دەبینن چۆن گیریان خواردووە بەدەست فریشتە توڕە و داخ لە دڵەکانەوە تێر پێیان پێدەکەنن لەسەر قەنەفە و کورسی یە ڕازاوەکان تەماشای ئەو دیمەنانە دەکەن، ئینجا پرسیار دەکرێت: باشە، داخۆ کافران پاداشتی کارو کردەوەی خراپ و نادروستی خۆیان وەرگرت؟!!

# سورەتی (الانشقاق)

خەڵکینە دنیا هەروا نابێت، بەڵکو کاتێك دێت ئەستێرە و هەسارەکانی ئاسمان هەمویان لە خولگەی خۆیان دەترازێن و بەخێرایی بەیەکدا دەدەن و شیرازەیان تێك دەچێت، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگاریانن کە بڕیاریداوە کۆتاییان پێ بهێنێت، بێگومان پێویستە هەر بەو شێوەیە گوێڕایەڵ بێت و فەرمانبەردار بێت ..

زەویش کە ئێستا لە شێوەی گۆدایە، پان دەکرێتەوە و تەخت دەکرێت و هەرچی لەنێویدایە فڕێی دەداتە دەرەوە و خۆی خاڵی دەکاتەوە و فەرمانبەرداری فەرمانی پەروەردگارێتی بێگومان پێویستە هەر بەو شێوەیە گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار بێت ..

ئینجا بیری ئادەمیزاد دەخاتەوە و پێی دەفەرموێت: ئەی ئینسان بەڕاستی تۆ زۆر ماندو دەبیت و زەحمەت دەکێشیت، بەڵام بیرت نەچێت کە تۆ بۆلای پەروەردگارت دەگەڕێیتەوە و لەبەردەم دادگای سەرتاپادادی ئەو زاتەدا دەبێ ئامادە ببیت -

جا ئەو کەسەی نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی، ئەوە دیارە کە لێپرسینەوەیەکی ئاسانی لەگەڵ دەکرێت و بەزویی بەڕێ دەکرێت بۆلای کەس و کاری دیندار و خواناسی لەگەڵ حۆری و منداڵ و مێردمنداڵ و





کچۆڵە چاوگەشە ڕوخۆش و ڕەفتار جوانەکاندا لەوپەڕی خۆشی و شادی و کامەرانیدا.

بەڵام ئەوەی نامەی کردەوەکانی، دۆسیەی ڕەفتارەکانی لە پشتەوە درایە دەستی، ئەوە دیارە کە نەگبەت و سەرسەخت و بێ دین بووە، هەربۆیە ئاواتی مەرگ دەخوازێت و خۆزگە دەخوازێت کە هەر خاك بوایە، چونکە لە ئایندەیەکی نزیکدا دوای لێپرسینەوەی ورد لە دۆزەخ توند دەکرێت و دەبرژێت تیایدا.

ئەم نەگبەتە کاتی خۆی لە دنیادا هەر سەرگەرمی ڕابواردنی حەرام بوو لەنێو ماڵ و منداڵیدا کاتی بە بێ دینی دەبردەسەر و دڵی خۆش بوو بە کۆکردنەوەی سامانی حەرام و ستەم کردن و عەرەق خواردنەوە و ... تد بڕوای وابوو کە ڕۆژگارێکی ئاوا یەخەی ناگرێت، لەکاتێکدا کە پەروەردگاری بە هەموو هەڵسوکەوت و کارو کردەوەی بینا و ئاگاداربوو ..

جا با سوێند نەخۆم بەو کاتەی کە ئاسۆ □ سورهەڵدەگەڕێت دوای خۆرئاوابوون ..

هەروەها بە شەو و ئەوەی کە تیایدا کۆدەبێتەوە، هەروەکو ئادەمیزادەکان بەدەوری یەکدا لە ماڵەکانیاندا، باڵندەکان لە هێلانەکانیاندا، کۆدەبنەوە .. هەروەها با سوێند نەخۆم بە مانگی چواردە کە گەورە و درەخشان دەنوێنێت، ئێوە گۆڕان و حاڵەتی زۆرتان بەسەردا دێت. لە منداڵی بۆ لاوی بۆ پیری بۆ مردن بۆ بەرزەخ بۆ قیامەت لەوێشەوە بۆ بەهەشت ئەگەر دیندار و خواناس بن، یاخود بۆ دۆزەخ ئەگەر بێ دین و ستەمکار و تاوانبار بن .. هەروەها لە خۆشی یەوە بۆ ناخۆشی لە تەندروستی یەوە بۆ نەخۆشی و بەپێچەوانەوە.

لە بەهەشتیشدا ئیمانداران بەردەوام بەرەو پلەی بەرز و ڕازاوەتر و خۆشتر دەچن -

بێ دینەکانیش بەردەوام ئازاردان و ئەشکەنجەدانیان لە گۆڕاندایە!!!

کەواتە ئەو خواناسانە چیانە و بەڵگەی چیان بەدەستەوەیە، بۆچی بەم هەموو بەڵگە و باسانە باوەڕناهێنن.

هەرکاتێکیش قورئانیان بۆ دەخوێنرێتەوە سوژدە نابەن داناچڵەکێن، تێنافکرن، بیرناکەنەوە، ملکەچ نابن ..

بەردەوام کافر و خوانەناسان بڕوا بە ڕاستیەکان ناکەن و بە درۆی دەزانن و شوێنی ناکەون.

لەکاتێکدا خوای گەورە چاك زانایە بە هەموو ئەو بیروبۆچونەی کە لە دڵ و دەرونیاندا شاردویانەتەوە لە پیلان و دژایەتی قورئان و ئیسلام -

کەواتە مژدەی ئازار و سزایەکی زۆر بە ئێشیان پێ بدە لە دۆزەخدا - ئەم مژدەیە بۆ سوکایەتی پێکردنە، چونکە مژدە بۆ خۆشی یە -

جگە لەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، ئائەوانە پاداشتی نەبڕاوەی بەردەوام و بێ منەت چاوەڕێیانە لە بەهەشتی بەریندا.





# سورەتی (البروج)

ئایەتی ١٠- ١١

دوای ئەوەی لەم سورەتە پیرۆزەدا خوای گەورە ئاماژە دەفەرموێت بەوەی کە ستەمکاران چاڵی درێژیان هەڵکەند بۆ ئیمانداران و ئاگریان تێدا کردەوە و ڕاپێچیان کردن بۆ سەری و ئەوەی پەشیمان نەبوایەتەوە فڕێیان دەدایە ناوی، بێگومان کەسیشیان پەشیمان نەبونەوە، چونکە دڵنیابوون کە سوتاندنیان لە دنیادا ساتێکە و بەرەو بەهەشت گیانی پاکیان باڵدەگرێتەوە، بەڵا سوتاندن لە دۆزەخدا سەختە و کۆتایی نایەت، هەربۆیە خوای گەورە هەڕەشە لەو ستەمکارانە دەکات کە ئیماندارانیان توشی ئەو بەڵا سەختە کرد و دەربارەیان دەفەرموێت: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیماندارانیان لە پیاوان و لە ئافرەتان توشی ئەو تاقیکردنەوە سەختەکرد، پاشان تەوبەیان نەکرد و پەشیمان نەبونەوە بۆ ئەوانیش لە قیامەتدا سزای دۆزەخ و سزای سوتێنەر ئامادەیە. بەڵام ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێنا و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامدا، بۆ ئەوان باخ و باخاتی بەهەشت ئامادەیە کە جۆگە و ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە، هەرئەوەشە سەرکەوتن و سەرفەرازی گەورە و تێر و تەواو و بێ سنور.

# سورەتی (الغاشية)

ئەم سورەتە بە پرسیار دەست پێ دەکات لە پێغەمبەر ﷺ وە هەموو ئادەمیزادێك و دەفەرموێت: تۆ دەنگوباسی ڕۆژی تەنگانە گەورەکەت پێ گەیشتووە، کە هەموو کەس و هەموو شتێك داگیردەکات؟! کە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەیە بەتایبەت ئەوانەی کە ڕوخساریان ناشرین و دێز و خەجالەت و شەرمەزار و زەبونە .. ئەوانەی کە لە دنیادا هەڵپەی زۆریان کرد بۆ دەست هێنانی بە هەموو هۆکارێکی ناپەسەند و نامەشروع، کۆبونەوەی زۆریان کرد، مێشکی خۆیان ماندو کرد، نەخشەی زۆریان کێشا .. بەڵام سەرئەنجام هەمویان بەجێ هێشت بۆ وەرەسە، بۆ خەڵك بەدەستی بەتاڵ هاتن و دوای لێپرسینەوە لە وردو درشتی ڕەفتاریان توندکران لەنێو ئاگری دۆزەخدا تا تیایدا ببرژێن، کاتێ تینویەتیش زۆریان بۆ دێنێ ئاوی لە کوڵ و شلەمەنی زۆر گەرم دەکرێت بە گەرویاندا، خۆراکیشیان دڕکی حوشترخۆرەیە، کە ئەوە ڕوەکێکە بە تەڕی تەنها حوشتر دەیخوات، بە وشکی حوشتریش نایخوات، جا ئەو خۆراکە نە گۆشتی پێ دەگرن نە پێی تێردەبن لەکاتێکدا زۆر هەست بە برسێتی دەکەن.

لەولاشەوە ڕوخسارانێك گەشاوە و ناسك و ڕوناك و ڕوخۆشن زۆر دڵخۆش و ڕازین لەو کار و هەوڵ و خەباتەی کە کردویانە لە پێناوی ئاینی خوادا، ئەو بەختەوەرانە لە شوێنە بەرزو بڵندەکانی بەهەشتدا ژیان دەبەنەسەر، لەسەر لوتکەو چیاکان لەنێو ڤیلا و کاخ و کۆشکی ڕازاوەدا، لە





لاپاڵی ئەو کەژانەی کە ڕازاوەتەوە بە تاڤگە و حەوز و فوارە و دار و درەخت و شوێنی حەوانەوەی کەس نەدیودا، لەو بەهەشتەدا هیچ کات شتێکی نابەجێ، قسە و قسەڵۆك و تەوانج و تەشەرێك نابیستی، لەهەر شوێنێکدا بەختەوەران حەزبکەن کانی و ئاوی سازگار هەڵقوڵاوە و بەشێوازێکی جوان و دەنگێکی مۆزیکی ئاوەکە دەڕوات، شوێنی حەوانەوە و ڕازاوەی بەرز و بڵند لەهەموو شوێنێکی لەباردا بەرپا کراوە هاوڕێ لەگەڵ کوپ و دەفری پڕ لە خواردن و خواردنەوەی هەمەجۆر دانراوە لەسەر مێزی جوان و ڕازاوە، جگە لەوەی هەندێ لە ژوور و شوێنە تایبەتەکان بە سەرین و بالیفی نایاب ڕازێنراونەتەوە، هەروەها فەرشی جوانی نەخشینی ئاوریشم لەهەموو شوێنێکی لەباردا ڕاخراون. کەواتە با لێرەوە فریای خۆمان بکەوین تا لەو حاڵەی کە لە سەرەتای سورەتەکەدا خوای گەورە وەکو فیلمێك خستیە بەرچاومان بەدووربین، وە بەردەوام لە هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو بەهەشتەدا بین کە خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی کورتا هەندێ وێنەی جوان و ڕازاوەی خستەبەر دیدەمان و تامەزرۆی کردین!!

# سورەتی (الفجر)

**ئایەتی ٢١- ٣٠**

**خوای گەورە دەفەرموێت: خەڵکینە هەرگیز ئاوا بۆتان نالوێت، ژیانی دنیا تاسەر نیە، بەڵکو ئەو زەوی یەی ئێوە لەسەری دەژین لە ساتەوەختێکدا ورد و خاش دەکرێت بەسەریەکدا، ئەوسا دوای دروست بونەوەی بە شێوازێکی تەخت و نوێ، هەموو خەڵکی لەسەر ڕوکاری زیندودەکرێنەوە، پەروەردگاری تۆ ئەی محمد ﷺ ، ئەی ئینسان، دێت بۆ زەوی و فریشتەکانیش پۆل پۆل لە خزمەتیدان، لە میهرەجانێکی پڕ لە شکۆمەندی و دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنوری خواییدا ..**

**دۆزەخیش دەهێنرێت و نیشانی خەڵکی دەدرێت، ئەوکاتە ئادەمیزادی بێ دین و یاخی بەخۆیدا دێتەوە، بەڵام تازە بەخۆداهاتنەوە و پەشیمانی هیچ سودی نیە و دادی نادات، بۆیە پڕ بەدڵ ئاوات دەخوازێت و بە هەناسەی ساردەوە دەڵێت: خۆزگە بۆ ئەم ڕۆژەم ، بۆ ئەم ژیانەم، بۆ ئەم داهاتوەم دەستپێشکەری چاکم بکردایە.**

**جا ئەو ڕۆژە کەس وەك خوای گەورە بە خەشم و قین نیە لە بێباوەڕ و ستەمکاران لەبەرئەوە سزایەکیان دەدات کە کەس سزای وای نەدابێت، کەسیش وەکو ئەو زاتە تاوانباران نابەستێتەوە و توندیان ناکات لە دۆزەخدا.**





**شایانی باسە خوای گەورە بە ئیماندارانی باوەڕ دامەزراو و دڵئارام لەسەرمەرگ و کاتی بەڕێکردنیدا بەرەو بەهەشت دەفەرموێت: ئەی خاوەن دڵ و دەرونی پڕ لە هێوری و ئارامی و دامەزراوی فەرموو ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە بۆلای پەروەردگارت تا لەوێ بۆ هەمیشە بحەوێیتەوە چونکە ئەو زاتە لە تۆ ڕازی و خۆشنودە و تۆیش لەو ڕازی و خۆشنودی، ئیتر بچۆرە ڕیزی بەندە چاك و پاکەکانمانەوە، بچۆرە بەهەشتەکەمەوە، تا ئیتر بۆ هەمیشە حەساوە و بەختەوەربیت.**

# سورەتی (البيّنه)

**ئايەتی ٦- ٨**

بێگومان ئەوانەی کە کافر و بێ دینن لەوانەی کە خۆیان بە خاوەنی کتێبی ئاسمانی دەزانن، هەروەها لە موشریك و خوانەناسان ئەگەر بەو بیروباوەڕە چەوتەیانەوە بمرن ئەوە ئیتر دەخرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی، ئا ئەوانە تاوانبارترین و خراپترینی خەڵکانی سەرزەوین -

بەڵام ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، ئا ئەوانە چاکترین و پاکترین خەڵکانی سەرزەوین. ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریان بەهەشتی عەدنە کە ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا و بە بەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یەبۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تیایدا ژیانی پڕ لە شادی و کامەرانی دەبەنەسەر، ئەوانە خوای گەورە لێیان ڕازی و خۆشنودە ئەوانیش لە پەروەردگاریان ڕازی و سوپاسگوزارن، نازانن چۆن و بە چ زمان و زاراوەیەك حمد و شوکر و سوپاسیان دەربڕن .. بێگومان ئەو دەرئەنجامە بۆ ئەو کەسانەیە کە ترسی خوایان لە دڵدایە و لە سزاکانی بیمیان هەیە.





# سورەتی (الزلزلة)

ساتێك دێت زەوی توشی بومەلەرزە و جوڵە و تەقینەوەیەکی زۆر گەورە و سامناك دەبێت، هەرچی کانزا و مادەی تواوەی سەنگین هەیە لەنێویدا دەری دەداتە دەرەوە، لەو چرکەساتانەدا کە سەرەتای ئەو کاول و بونەیە، ئەو ئادەمیزادانەی کە هەن دەشڵەژێن و دەپەشۆکێن، و سەریان لێ دەشێوێت و دەڵێن: ئەوە بۆ وا دەکات؟! چی ڕویداوە؟ ئەوکاتە ڕوداوەکان خۆیان وەڵام دەدەنەوە و زەوی خۆی بە زمانی حاڵ دەڵێت: ئەوە فەرمانی پەروەردگارت جێ بەجێ دەکەم، ئەوە پەروەردگارت فەرمانی کۆتایی هاتنی دنیای بڕیارداوە!! جا ئیتر دوای ئەوەی کە زەوی تەخت و ساف دەبێت و هەموو ئادەمیزادەکان زیندو دەکرێنەوە و پۆلێن دەکرێن، دەستە دەستە و پۆل پۆل دەبرێن تا نامەی کردەوەکانیان وەربگرن و کردەوەکانی خۆیان کە لە دەزگای پێشکەوتودا تۆمارکراوە ببیننەوە بە دەنگ و ڕەنگەوە، جا ئەوەی بەقەدەر ئەتۆمێك و بچوکتر خێر و چاکەی هەبێت ئەوە دەیبینێتەوە و دڵی پێ خۆشدەکات و پاداشتی لەسەر وەردەگرێت .. هەروەها ئەگەر بەقەدەر ئەتۆمێك و بچوکتر گوناهو هەڵە و خراپەی هەبێت دەیبینێتەوە، ئەگەر چاکەکانی زۆرتر نەبن ئەوە تۆڵەی لێ دەسێنرێت ..

# هەندێ فەرمودە دەربارەی بەهەشت

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

١- نیشتەجێکانی بەهەشت لەهەموو خۆراکێکی بەتام و خۆش و ڕازاوە دەخۆن، لەهەموو خواردنەوەیەکی تام خۆش و بۆنخۆش و ڕەنگ جوان دەخۆنەوە، بێ ئەوەی پاشەڕۆك و لینجاوی لوت و پاشەڕۆکیان هەبێت، بەڵکو دەبێتە نزگەرەیەك کە بۆنێکی خۆش بلاودەکاتەوە، وەك بۆنی میسك ئەو بەختەوەرانە بەردەوام تەسبیحات و سوپاسی خوا دەکەن، هەروەکو چۆن ئێوە لە دنیادا هەناسە دەدەن و بێزارنابن -

٢- لە فەرمودەیەکی قودسیدا خوای گەورە فەرمویەتی:

من بۆ بەندە چاکەکانم نازو نیعمەتی وام ئامادەکردووە کە هیچ چاوێك نەیبینیوە، هیچ گوێیەك باسی نەبیستووە، دڵی هیچ کەسیش نازانێت چۆنە - وە ئەگەر دەتانەوێت سەرنجی ئەو ئایەتە بدەن کە ئەمە واتاکەیەتی: هیچ کەس نازانێت چی نازو نیعمەتی جوان و ڕازاوە و بەنرخمان بۆ ئامادەکردووە لەوانەی کە چاو لە تەماشایان تێر نابێت لە پاداشتی ئەو کارو کردەوانەدا کە جاران دەیانکرد.

٣- یەکەم دەستە دەچنە بەهەشتەوە ڕوخساریان وەکو مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، ئینجا بەشوێن ئەواندا دەستەی تر دێ، کە وەك هەسارەی گەش لە ئاسماندا ڕوناکن، ئەوانیش نە میز دەکەن نە پاشەڕۆکیان هەیە و نە تف و چڵم ڕۆدەکەن شانەکانیان لە ئاڵتونی تایبەتە، بۆنی میسکیان لێ دێت بۆنی خۆش و گوڵاو پرژێنیان ئولوەیە کە لە دارێکی باریکی بۆنخۆش





دروست دەکرێت، هاوسەرانیان حۆری یە چاوگەشەکانە هەمویان لە باڵادا وەك یەکن لەسەر شێوازی باوکە گەورەیان ئادەم حەفتا گەز چون بە ئاسماندا.

٤- قاپ و قاچاخی بەهەشتیان لە ئاڵتونە و ئارەقیان بۆنی میسکی لێ دێت، هەریەکەیان دوو هاوسەری هەیە - ئەوەندە جوان و ناسکن - مۆخی قاچیان لەنێو گۆشتەوە دیارە، کێشە ورق و دوبەرەکی لەنێوانیاندا نیە، یەك دڵ و یەك گیانن، تەسبیحات و ستایشی خوای گەورە دەکەن لەکاتی بەرەبەیان و دەمەو ئێواراندا.

٥- موسا لە پەروەردگاری پرسیوە: پەروەردگارا داخۆ کەمترین بەش بۆ تاکەکەسێك لە بەهەشتدا چەندەبێت؟!

خوای گەورە فەرمویەتی: کەسێك دێت دوای ئەوەی هەموو بەهەشتیان چونەتە بەهەشتەوە، بەویش دەوترێت دەتۆش بچۆ بۆ بەهەشت .. ئەوویش دەڵێت: ئێی پەروەردگاری ئازیزم، چۆن بچم، خەڵکی هەموو چون و بەشی خۆیان وەرگرتووە - ڕەنگە بەشی من نەمابێت!! -

ئەوسا پێی دەوترێت: باشە تۆ ڕازی دەبیت کە بەقەدەر پاشایەك لە پاشاکانی دنیات پێ ببەخشرێت؟! ئەوویش دەڵێت: بەڵێ خوایەگیان، زۆر ڕازیم. کەچی خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوەندە و چوار ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بێت، لە پێنجەم جاردا دەڵێت: خوایەگیان ڕازیم، زۆر، زۆرە -

دوبارە خوای گەورە دەفەرموێت، ئەوەندە و دە ئەوەندەی تریشی با لەگەڵ بێت، لەگەڵ هەرچی حەزی لێ دەکەیت و چاوت حەز بە تەماشای دەکات .. کابرا دەڵێت: خوایەگیان زۆر ڕازیم ..

ئینجا موسا پرسی: دەی باشە ئەوە كەمترین بێت، ئەی خاوەنی زۆرترین و بڵندترین بەش دەبێ چیان پێ ببەخشیت؟! خوای گەورە فەرموی: ئا ئەوانە مەگەر هەرخۆم بزانم پاداشتیان چۆنە!! ڕێزی ئەوانم بەدەستی قودرەتم بەرپا كردووە و بڕیاردادەی تایبەتم بۆ مۆركردوون ئەو نازو نیعمەتانەی بەوانی دەبەخشم هیچ چاوێك نەیبینیوە هیچ گوێیەك باسی نەبیستووە، هیچ دڵێك ناتوانێت بیخەمڵێنێ و بۆی بچێت!!

٦- پێغەمبەر ﷺ فەرموی: من چاك دەزانم كە بەشی دواهەمین كەس - لە ئیماندارانی گوناهبار - كە لە دۆزەخ ڕزگاری دەبێت و دەچێتە بەهەشتەوە چەندە - ئەوە كەسێكە بە گاگۆڵكێ بە ویستی خوای گەورە خۆی دەرباز دەكات، خوای گەورەش پێی دەفەرموێت: بڕۆ و بچۆرە بەهەشتەوە، دەچێت و وادەزانێ پڕە و جێی ئەو نەماوە، دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دەڵێت: خوایەگیان بینیم پڕە لە خەڵكی!! خوای گەورە پێی دەفەرموێت: دەڵێم بچۆ بۆ بەهەشت .. ئەمجارەش دەچێتەوە و هەروادەزانێت پڕە لە خەڵكی و جێگە بۆ ئەو نەماوە - دەگەڕێتەوە شوێن خۆی و دەڵێت: خوایەگیان دەبینم پڕە!! جێ نەماوە!! خوای گەورە بۆ سێهەم جار دەفەرموێت، دەڵێم: بڕۆ و بچۆرە بەهەشتەوە، دڵنیابە كە دە ئەوەندەی دنیات پێ دەبەخشین .. كابرا دەڵێت: خوایەگیان گاڵتەم پێ دەكەیت لەكاتێكدا تۆ شاهی شاهانیت؟! راویەكە دەڵێت: بینیم پێغەمبەر ﷺ پێكەنی و دانە پیرۆزەكانی دەركەوت پاشان فەرموی: ئا ئەوە خاوەنی كەمترین بەشە لە بەهەشتدا!!!

٧- ئیماندار لە بەهەشتدا دەوارێك (هۆڵێك)ی گەورەی هەیە لە شێوازی گۆیەكی گەورەدا وەك مرواری جوان و قەشەنگە، شەست گەز چووە بە





ئاسماندا، ئەوەندە فراوانە ئیماندار سەردانی هاوسەران و كەس و كارەكەی دەكات، یەكتریش بەدی ناكەن -

٨- لە بەهەشتدا درەختێ وا هەیە سوارچاكی گورج و گۆڵ سەد ساڵ بەژێر سێبەرەكەیدا غار بكات لەژێر سێبەری دەرناچێت!!

٩- بەهەشتیەكان كۆشك و تەلاری بڵند لە دورەوە دەبینن هەروەكو چۆن ئێوە ئەستێرە و هەسارەی گەش لە ڕۆژئاواوە یان ڕۆژهەڵات دەبینن، ئەوەندە پلەو پایەیان لەیەكتر جیاوازە -

هاوەڵان وتویانە: ئەی فرستادەی خوا، ڕەنگە ئەوانە بەهەشتی پێغەمبەران بێت و كەس ناگاتە ئەو ئاست و پلە و پایەیە؟! پێغەمبەر ﷺ فەرموی: نەخێر، سوێندم بەو زاتەی كە گیانی منی بەدەستە ئەوە شوێنی كەسانێكە كە باوەڕی دامەزراویان بە خوای گەورە هێناوە و بڕوای تەواویان بە پێغەمبەران كردووە -

[جا لەم سەردەمەدا دەردەكەوێت كە لە ئاسماندا هەر ڕوناكیەكی بچوك دەبینیت، ئەگەر لەسەر شاشەی كۆمپیوتەر بیهێنیتە پێشەوە دەبینیت گەلە ئەستێرەیەكە لە ملیۆنەها ئەستێرە و هەسارە پێكهاتووە و ئەم پەڕ و ئەوپەڕی سەد هەزار ساڵی ڕوناكی زیاترە!!

١٠- هەروەها فەرمویەتی: بەقەدەر كەوانێك شوێن لە بەهەشتدا لە هەموو ئەو نازو نیعمەتانەی دنیا بەنرخ تر و چاكترە كە خۆری بەسەردا هەڵدێ - چونكە هەموی تەواودەبێت و تەمەنی ئادەمیزادەكان و دنیاش سنوردارە -

١١- بازاڕێك هەیە لە بەهەشتدا، بەهەشتیان لە ڕۆژی هەینی دا ڕوی تێ دەكەن، شنەبای سەرو هەڵدەكاتە سەریان و ڕوخسار و پۆشاكیان جوان و گەشاوە دەكات، ئیتر ئەوەندەی تر جوان و ڕازاوە و قۆز دەبن، كاتێ كە

دەگەڕێنەوە بۆ ناو کەس و کاریان لە حۆری و ویلدان و غیلمان دەبینن ئەوانیش جوانتر و ڕازاوەتربوون، کەس و کار و هاوسەران بەوان دەڵێن: بەخوا چاك جوانتر و قۆزتر و ڕازاوەتر بوون - ئەوانیش دەڵێن: بەخوا ئێوەش جوانتر و ڕازاوەتر و قەشەنگتر بوون.

١٢- بەهەشتیەکان، بەهەشتی خەڵکانی تر دەبینن هەروەکو چۆن - ئێوە لە دنیادا - ئەستێرە و هەسارەکان لە ئاسماندا دەبینن..

جا ئێستە و لەم سەردەمەدا ئاشکرابووە کە ئەو ئەستێرە و هەسارانە چەندە گەورە و زەبەلاحن بەڵام لەبەر دوری بێ سنوریان ئاوا دەنوێنن.

١٣- کاتێ بەهەشتیان دەچنە بەهەشتەوە، کەسێك ئەم ئاگادری یە بڵاودەکاتەوە:

أ- ئیتر بۆتان هەیە بۆ هەمیشە بژین و هەرگیز مردن ڕوتان تێ ناکات.

ب- هەروەها تەندروستیتان بەردەوامە و هەرگیز نەخۆشی و ئازار توشتان نابێت.

ج- بەردەوامیش گەنج و لاو دەبن و هەرگیز پیر و پەککەوتەیی یەخەتان ناگرێت.

ء- لە نازو نیعمەتی هەمەجۆر بەهرەمەند دەبن و هەرگیز قات و قڕی و نەداری و کەمدەستی بەدی ناکەن.

١٤- خاوەنی کەمترین بەش لە بەهەشتدا پێی دەوترێت: داوابکە و ئاواتت چی یە بیڵێ، ئەویش داخوازی و ئاواتی زۆر داوا دەکات .. ئینجا پێی دەوترێت: ئایا هەموو داخوازی و ئاواتەکانت وت: ئەویش دەڵێت: بەڵێ .. ئەوسا پێی دەوترێت هەرچی داوات کردووە پێشکەشت دەکرێت لەگەڵ ئەوەندەی تریش لەگەڵیدا.





١٥- خوای گەورە و باڵادەست بە بەهەشتیان دەفەرموێت: ئەی نیشتەجێکانی بەهەشت .. ئەوانیش خێرا دەڵێن: بەڵێ، ئەی پەروەردگاری ئازیز و بەڕێز و خاوەن شکۆ، هەموو خێر و بیرێك هەر لە تۆ دەوەشێتەوە ..

ئینجا دەپرسێت: ئایا ڕازین بەو بەشەی کە پێم بەخشیون؟! ئەوانیش دەڵێن: جا چۆن ئەی پەروەردگاری خۆشەویستمان ڕازی نابین، ئەوەی بە ئێمەت بەخشیوە بە کەست نەبەخشیوە. ئەوسا خاوی گەورە دەفەرموێت: ئەی لەوە چاکترتان پێ نەبەخشم ئەوانیش دەڵێن: جا چی لەمە باشترە؟ ئەو زاتەش دەفەرموێت: ئیتر ڕەزامەندی خۆمتان بۆ بڕیاردەدەم و هەرگیز ناڕازی نابم لێتان.

١٦- هەندێ لە هاوەڵان لە خزمەتی پێغەمبەردابوون ﷺ ، تەماشای مانگی چواردەی کرد و فەرمووی: لەڕاستیدا ئێوە بە دیداری پەروەردگارتان بە ڕون و ئاشکرا شاد دەبن، هەروەکو چۆن ئەو مانگە دەبینن و گومانتان لە دیتنی نیە.

١٧- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: هەرکات بەهەشتیان چونە بەهەشتەوە خوای گەورە و مەزن پێیان دەفەرموێت: هیچ شتێکی ترتان ناوێت تا پێتان ببەخشم؟! ئەوانیش دەڵێن: مەگەر ڕوخسارت سپی نەکردوین؟ بەهەشتت پێ نەبەخشیوین؟ لە دۆزەخ ڕزگارت نەکردوین؟! ئەوسا پەردە لادەدرێت .. ئیتر هیچ شتێکیان بەقەدەر ئەوە لا خۆش نیە کە تەماشای پەروەردگاری ئازیزیان دەکەن.

١٨- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ئەو بێ دینەی کە لە دنیادا لەوپەڕی نازو نیعمەت و خۆشیدا بووە خوای گەورە تاوێك دەیخاتە نێو دۆزەخەوە و پاشان دەری دەهێنێت و پێی دەفەرموێت: باشە، تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ خۆشی و

شادیەکت بینیوە و هەستت پێ کردووە؟! ئەویش دەڵێت: نەبەخوا ئەی پەروەردگارم!!

ئینجا ئەو کەسە دەهێنرێت کە لە دنیادا زۆر لە تەنگانەو نارەحەتی و ئازارو ئەشکەنجەدا ژیانی بردۆتەسەر .. خوای گەورە تاوێك دەیخاتە بەهەشت و پاشان پێی دەفەرموێت: ئەی تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان ناخۆشی و تەنگانەو ئازارو نارەحەتیت بینیوە؟! ئەویش دەڵێت: نەبەخوا، ئەی پەروەردگارم!!

١٩- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: من چاك دەزانم کە دواهەمین کەس کێیە کە لە دۆزەخ ڕزگاری دەبێت و دواهەمینە کە دەچێتە بەهەشتەوە .. ئەو کەسێکە بە گاگۆڵکێ ڕزگاری دەبێت خوای گەورە پێی دەفەرموێت: دەبچۆ تۆش بچۆرە بەهەشتەوە .. کاتێ دەگاتە بەهەشت وادەزانێ پڕە، دەگەڕێتەوە دواوە دەڵێت: پەروەردگارا، وا هەست دەکەم کە پڕە!! خوای گەورە پێی دەفەرموێتەوە: برۆ بچۆرە ناوی ئەویش دەگەڕێتەوە و نزیك بەهەشتێك دەبێتەوە و هەڵوێستە دەکات و دەگەڕێتەوە، چونکە وادەزانێ کە پڕە!! دەڵێت: خوایەگیان پڕە لەوەناچێ جێ مابێت!!

خوای گەورەش پێی دەفەرموێتەوە: دەڵێم بچۆ بۆ بەهەشت ئەوە بەقەدەر دنیا و دە ئەوەندەی تریشم بۆ ئامادەکردویت!!

کابرا دەڵێت: خوایەگیان □ گاڵتەم پێ دەکەیت، خۆ تۆ پادشتا و دەستەڵاتداری بێ سنوریت!!

جا راویەکە دەڵێت: بینیم پێغەمبەر ﷺ پێکەنی هەتا کاکیلەی پیرۆزی دەرکەوت، پاشان فەرموی: ئائەوە خاوەنی کەمترین بەشە لە بەهەشتدا!!





٢٠- لە ڕوایەتێکی تردا کە ابن مسعود دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: کۆتاهەمین کەس کە دەچێتە بەهەشتەوە، کەسێکە هەندێ جار بەپێ دەڕوات، هەندێ جار لەسەر ئەژنۆ و بە سکەخشێ و جارجاریش بڵێسەی ئاگری بۆدێ، کاتێ کە دووردەکەوێـەوە ئاوڕدەداتەوە بۆ دۆزەخ و دڵێت: گەورەیی و پیرۆزی هەر شایستەی ئەو زاتەیە کە منی لەدەست تۆ ڕزگارکرد، بەخوا، ئەو زاتە چاکەیەکی لەگەڵ من کردووە کە لەگەڵ نەوەکانی پێشین و نەوەکانی دواییی نەکردووە!!

ئینجا درەختێك بەدی دەکات دەڵێت: ئای خوای گیان خۆزگە مۆڵەتت دەدام تا بچمە ژێر سێبەری ئەو درەختەو لە سێبەرەکەیدا بحەوێمەوە و لە ئاوەکەی بخۆمەوە!!

خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم!! لەوانەیە من ئەوەشت پێشکەش بکەم پاشان داوای نازو نیعمەتی ترم لێ بکەیت: کابرا دەڵێت: نا، خوایەگیان، پەیمان بێ هیچی ترم ناوێت □ خوای پەروەردگاریش لێی ناگرێت، چونکە دەزانێ کە شتێك دەبینێت کە خۆی بۆ ناگیرێت .. ئەوسا خوای گەورە مۆڵەتی دەدا و تا خوا حەزکات لەوێ بۆخۆی دەحەوێتەوە، ئینجا لە دورترەوە درەختێ‌ی تر بەدی دەکات، لەمەی ئێستای جوانتر و چاکتر دێتە بەرچاوی بەهەمان شێوەی پێشو داوادەکات، خوای گەورە پێی دەفەرموێت: باشە تۆ بەڵێن و پەیمانت نەدا کە لەوە زیاتر داواناکەیت؟!

کابرا دەڵێ: ڕاستە □ بەڵام ئەگەر بۆ ئەمەشیان مۆڵەتم بدەیت ئەوە مەرج بێ ئەوە داوای هیچی تر نەکەم .. ئەوسا بەهەمان شێوەی پێشو خوای گەورە بەڵێنی لێ وەردەگرێت و خوای پەروەردگاریش لێی ناگرێت چونکە دەزانێت کە چاوی لە شتێکە ئارامی لێ هەڵگرتووە .. ئینجا خوای گەورە

درەختێکی تری لەپاڵ دەروازەی بەهەشتدا بۆ بەرپادەکات کە لە دووانەکەی پێشو جوانتر و ڕازاوەترە .. کە دەیبینێ: بەهەمان شێوەی پێشو داوادەکات و خوای گەورەش بەڵێنەکەی دەهێنێتەوە یاد و ئەویش بۆ جاری سێهەم بەڵێنەکە تازەدەکاتەوە ..

کاتێ کە دەگاتە ئەوێ گوێی لە دەنگی پێکەنین و گفتوگۆی بەهەشتیانە، داوا لە خوای گەورە دەکات کە بیخاتە بەهەشتەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ئەمەشت بۆ ئەنجام دەدەم و زەرەرم نیە، باشە ئەگەر بەقەدەر دنیا و ئەوەندەی تریشت بدەمێ ڕازی دەبیت؟!

کابرا دەڵێت: باشە خوایەگیان گاڵتەم پێ دەکەیت؟! خۆ تۆ پەروەردگاری سەرجەم جیهانەکانیت .. ئینجا (ابن مسعود) پێکەنی - بە خەڵکەکەی دەوروبەری وت: باشە ئێوە ناپرسن بۆچی پێکەنیم، ئەوانیش پرسیان: بۆچی پێکەنیت: (ابن مسعود) دەڵێت: لەم کاتەدا من پێغەمبەری خوام بینی ﷺ، کە ئاوا پێکەنی، پرسیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەچی پێدەکەنی؟! وتی: بە پێکەنینی خوای گەورە بە وەزعی ئەو کەسە کە دەڵێت: خوایەگیان، خۆ تۆ پەروەردگاری جیهانەکانیت کەچی گاڵتە بە من دەکەیت: کەچی خوای گەورە دەفەرموێت: من گاڵتەت پێناکەم، بەڵام دڵنیابە من هەرچیم بوێت دەستەڵاتم بەسەریدا هەیە، شایانی باسە هەروەکو چۆن گوفتارو بینین و بیستن و هاتن و ڕۆیشتنی خوای گەورە وەکو بەندەکانی نیە و ئەو زاتە لەسەرو بۆچون و بیرکردنەوەی ئێمەیە، هەروەها پێکەنینەکەشی جیاوازە، مەگەر ئەو ڕۆژەی بە دیداری شاد دەبین بۆمان ئاشکرابێت.

٢١- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:





سوکترین سزا لە دۆزەخدا ئەوەیە کە تاوانبار جوتێ نەعلی لەپێدەکرێت مێشکی لە گەرمی و تینی نەعلەکانی دەکوڵێت.

٢٢- دۆزەخیان توشی برسێتی یەك دەبن کە بەقەدەر هەموو سزاکانی تر بە ئازارە، هاواردەکەن کە شتێکیان بدەنێ - دڕکی حوشترخۆرەیان بۆ دێنن، کە نە پێی قەڵەو دەبن، نە پێی تێردەبن، داوای جۆری تر دەکەن، خواردنیان بۆ دێنن لە قوڕگیان دەگیرێت، بیردەکەنەوە کە لە دنیادا شتێك لە بینیان دەگیرا بە ئاوو شلەمەنی چارەسەریان دەکرد بۆیە داوای شلەمەنی دەکەن، ئەوسا لە دۆڵکەی گەورەدا بە زنجیری ئاسن بۆیان دادەبەزێت، هەر کە نزیك ڕوخساریان دەبێتەوە، دەموچاویان دەبرژێنێت کاتێ دەرخواردیان دەدرێت هەموو ناوسکیان هەلا هەلا دەکات ئەوسا بە کەساسی و بەدەم ئازارەوە دەڵێن: با داوای بەرپرسی دۆزەخ بکەین .. کاتێ دێت بەدەم داواکەیانەوە پێیان دەڵێت: باشە ئێوە کاتی خۆی پێغەمبەران لە پێشهاتنی ئەم ڕۆژە ئاگاداری نەکردن، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری بۆ باس نەکردن؟! ئەوانیش بە شەرمەزارییەوە دەڵێن: بەڵێ، ڕاستە، ئینجا پێیان دەوترێت: دە هەر هات و هاوار بکەن، بەڵام هات و هاوارو داوای ئەو کافرانە بێ سودو بێ کەڵکە.

پاشان داوای فریشتە مالك دەکەن .. ئەویش دێت بەدەم داواکەیانەوە و دەڵێن: ئەی مالك توخوا ئیتر با بەس بێت، داوا لە پەروەردگارت بکە با بمانکوژێت و لەناومان بەرێت .. ئەویش دوای هەزار ساڵ وەڵامیان دەداتەوە: ئەوە جێتانەو مردن و تیاچون نیە!!

ئینجا بەیەکتری دەڵێن: با هاناو هاوار بۆ پەروەردگار بەرین کەس بەقەدەر ئەو چاك نیە، بۆیە هەروەکو قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە کاتی خۆی ئارەزوە ناپوختەکانمان زاڵ بوو بەسەرماندا و

کەسانێکی گومڕاو سەلێشێواو بوین، پەروەردگارا داواکارین کە ڕزگارمان بکەی لەم حاڵە و لەم دۆزەخە، ئەگەر ئێمە گەڕاینەوە بۆ گوناهو تاوان دیارە کە ئێمە زاڵم و ستەمکارین ...

ئەوسا خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوە: بێ دەنگ بن لاڵ بن، قسەم لەگەڵ مەکەن ..

ئەوسا ئیتر بەتەواوەتی نائومێد و ڕەنجەڕۆ و هەناسە سارد دەبن و پەشیمانیەکی بێ سنور ڕویان تێدەکات ..

دیارە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەو دیمەنانە بەوردی باس دەفەرمون تا خەڵکی قسەیان نەمێنێت و تا فرسەتە فریای خۆیان بکەون.

٢٣- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: لە بەهەشتدا درەختی وا هەیە سەد ساڵ سوار بەژێریدا دەڕوات، کە ئەمەش واتای (فضل ممدود) بە مانای سێبەری تولانی و دورو درێژە، بێگومان بەقەدەر ماوەی کەوانی کەسێکتان لەبەهەشتدا چاکترە لەهەموو ئەو نازو نیعمەتانەی کە خۆری لەسەر هەڵدێت یان ئاوادەبێت.

٢٤- بەهەشت سەد پلەیە، نێوان هەر پلەیەك بۆ پلەیەکی تر وەکو نێوان زەوی و ئاسمانە، فیردەوس بڵندترینی بەهەشتەکانە، لەوێوە چوار ڕوبارەکەی بەهەشت هەڵدەقوڵێت، عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی خوای گەورەش لەسەریەوەیەتی، جا ئەگەر داوای بەهەشتتان لە خوای گەورە کرد، داوای فیردەوسی لێ بکەن .. هەروەها ئەگەر لە حۆریەکانی بەهەشتت بێتە سەرزەوی ئەم پەڕ و ئەوپەڕی ڕوناك دەکاتەوە هەروەها پڕی دەکات لە بۆنی





خۆش، بێگومان ڕەفتەکەی سەری لە هەموو دنیا و هەرچی تیایەتی بەنرخترە.

٢٥- لە بەهەشتدا جاری وا هەیە حۆری یەکان کۆدەبنەوە و بەدەنگی خۆش و ناسك ئەم سرودە دەڵێن: ئێمە نەمرین، بۆ هەمیشە دروستکراوین، ئێمە ناسکۆڵەین و وشك و چرچ نابین، ئێمە ڕازین و هاوسەرانمان بێزارناکەین، مژدە لەو کەسەی کە بۆ ئێمە دەبێت و ئێمەش بۆ ئەو دەبین.

٢٦- (سعید)ی کوڕی (مسیب) گەیشت بە (ابو هریرە) ئەویش - دوای سڵاو و چاك و چۆنی - وتی: داواکارم لە خوای گەورە کە لە بازاڕی بەهەشتدا بەیەکتر شادمان بکاتەوە!!

(سعید) وتی: بۆچی لەبەهەشتدا بازاڕ هەیە؟!

(ابو هریرە) وتی: بەڵێ، پێغەمبەر ﷺ بۆی باس کردوم کە کاتێ بەهەشتیان بەهۆی کردەوە چاکەکانیان و فەزڵی خوای گەورەوە چونە بەهەشتەوە، مۆڵەت دەدرێن هەرماوەیەك بەقەدەر حەفتەیەکی دنیا زیارەتی پەروەردگاریان بکەن و بە دیداری شادبن، ئەویش لەسەر عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی خۆی دەردەخات لە باخچەیەکی ڕازاوەدا لە باخچەکانی بەهەشتدا ئەوسا ئیتر ئیمانداران لەسەر مینبەر و دوانگەی نور و مرواری و یاقوت و زەبەرحەد و ئاڵتون و زیو بەگوێرەی کردەوەکانیان دادەنیشن .. هەمویان نزیکن و لەسەر شوێنی ڕازاوە بە میسك و کافور، کەس وانازانێت کە لە خۆی چاکتری پێ بەخشراوە ..

(ابو هریرە) پرسیویەتی: ئەی فرستادەی خوا، باشە پەروەردگارمان دەبینین؟!

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: بەڵێ، باشە گومانتان هەیە لە دیتنی خۆر، یان مانگی چواردە، وتمان: نەخێر

فەرموی: هەر بەو شێوەیە: پەروەردگارتان دەبینن و گومانتان نامێنێ لە شادبوون بە دیداری ..

ئەوسا کەس نامێنێت کە خوای گەورە خۆی گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ نەکات، هەتا بەهەندێك دەفەرموێت: ئەی فلانی کوڕی فلان، ئەو ڕۆژەت بیردێت کە ئاواو ئاوات وت!؟ هەندێ قسەو گوفتاری نادروستی دەهێنێتەوە یاد کە لە دنیادا کردویەتی .. ئەویش دەڵێت: خوایەگیان ئەوە ڕاستە، ئەی باشە لێم خۆش نەبویت؟!

ئەویش دەفەرموێت: با، بێگومان فراوانی لێخۆشبونی من تۆی گەیاندۆتە ئێرە و ئەم مەنزڵە.

جا ئالەو حاڵ و بارودۆخەدا هەورێك پەیدادەبێت گوڵاو پرژێنی ئەو خەڵکە بەختەوەرە دەکات کە هەرگیز بۆنی ئاوا خۆشیان نەبیستووە .. ئەوسا پەروەردگاری مەزن و باڵادەست پێیان دەفەرموێت: دەهەستن برۆن بۆ ئەو هەموو بەخششانەی کە بۆم ئامادەکردون، حەز لەچی دەکەن پێشکەشتانە، ئەوسا دەچین بەرەو بازاڕێك فریشتەیەکی زۆری لێیە، هەرچی شتومەکی نەبینراوەو باسی نەبیسراوەو کەس بەخەیاڵیدا نەهاتووە لێیەتی، هەرچی حەزی لێ بکەین بۆمان دەپێچرێتەوە و بۆمان هەڵدەگیرێت، جا لەو بازاڕەدا کڕین و فرۆشتنی تێدا نیە، بەهەشتیان چاویان بەیەکتر دەکەوێت، لەوێ ئەوانەی پلەوپایەی بڵندیان هەیە دەگەن بە خەڵکانی تر کە لەئاستی ئەواندا نین، بەمەرجێ کەس بەشی کەم نیە، جا کاتێ ئەو پۆشاکە دەبینێ و لە دڵی خۆیدا حەزی لێدەکات، لە قسەکانیان نابنەوە سەیردەکات





پۆشاکەکەی وەکو ئەوەی ئەوی لێهاتووە، یاخود وادەزانێ لەوەی ئەو چاکترە، چونکە نابێ کەس لە بەهەشتدا غەمبار ببێت ..

ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەکانمان لە بەهەشتەکانماندا، هاوسەرانمان پێشوازیمان لێ دەکەن و بەخێرهێنانمان دەکەن و دەڵێن: ئێستە زۆر قۆزتر و ڕێکوپێکترن لەوکاتەی کە ئێمەتان بەجێ هێشت، ئەوانیش دەڵێن: ئاخر ئێمە ئەمڕۆ بە خزمەتی پەروەردگارمان گەیشتین، بە دیداری شادبوین، حەقە ئابەم شێوازە بەرەو لای ئێوە بگەڕێینەوە.

٢٧- لە پێغەمبەریان پرسیوە ﷺ: ئەی فرستادەی خوا: باشە خەڵکی بەهەشت خەویان لێ دەکەوێت؟!

ئەویش فەرمویەتی: خەو برا مردنێکە، هەربۆیە بەهەشتیان ناخەون - چونکە پێویستیان پێی نیە -

٢٨- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: کاتێ بەهەشتیان دەچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: ئایا هیچ پێویستی و داخوازیەکی ترتان نیە بۆتان ئەنجام بدەم؟! ئەوانیش دەڵێن: - جا چی ترمان بوێت - ئەوەتە ڕوخسارت جوان و سپی کردوین، بەهەشتت پێ بەخشیوین، لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارت کردوین!! ئەوسا پەردەی تایبەتی لادەدرێت، ئیتر هیچ شتێکیان ئەوەندەی تەماشاکردنی خوای پەروەردگاری (خاوەنی جلال و جمال و کمال) لا خۆش نیە.

٢٩- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: پردی (صراط) تێدەپەڕێ بەسەر دۆزەخدا - دیارە لێرە بەدڵ (اهدنا صراط المستقیم)ت وتبێ و پەیڕەویت کردبێت لەوێ بەئاسانی تێدەپەڕیت و ڕزگاردەبیت -

جا یەکەم کەس من تێدەپەڕم و ئوممەتم بەشوێنمدا، ئەو ڕۆژە کەس قسە ناکات جگە لە پێغەمبەران، ئەوانیش بەردەوام دەفەرمون: خوایەگیان بەسەلامەتی خوایەگیان سەلامەتی، جا لە دۆزەخدا سەگی دڕ هەیە، وەکو دڕکی سەعدان، مەگەر خوا بزانێ چەندە زەبەلاح و دڕن، خەمینی خۆیان دەناسن و پەلاماری خەڵکی بێ دین و تاوانبار دەدەن و دەیخەنە خوارەوە، هەیە تیادەچێت و بەهۆی کردەوە ناپوختەکانیەوە گیرۆدە دەبێت، هەیشە زۆر بە زەحمەت دەرباز دەبێت، پاشان ویستی خوای گەورە وایە کە ڕەحمەتێك بکات بە هەندێ لە نیشتەجێکانی دۆزەخ بۆیە فەرمان دەدات بە فریشتەکان کە هەرکەس لە دنیادا خواناس و خواپەرست بووە لە دۆزەخ دەری بهێنن، ئەوانیش بە ئاسەواری سوژدەیاندا دەیانناسنەوە، چونکە ئاگر شوێنەواری سوجدە ناسوتێنێت، کاتێ دەریان دەهێنن هەموویان برژاون و هەڵقرچاون، ئەوسا ئاوی ژیان دەکرێت بەسەریاندا ئیتر چاك دەبنەوە وەکو چۆن تۆو کە لافاو دەیبات و شوێنی لەباری دەست دەکەوێت دەڕوێت و گەشە دەکات ..

پاشان خوای گەورە لە لێپرسینەوەی سەرجەم بەندەکانی دەبێتەوە، کەسێك دەردەکەوێت لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا، کە ئەوە دواهەمین کەسە ڕزگاری دەبێت لە دۆزەخ و دواهەمین کەسیشە کە دەچێتە بەهەشتەوە، ئاوڕ بۆ دۆزەخ دەداتەوە و دەپاڕێتەوە: خوایەگیان ئیتر ڕزگارم بکە لە ئاگری دۆزەخ، چونکە بۆگەنی بێزاری کردوم و بڵێسەی برژاندومی، خوای گەورەش دەفەرمویت: باشە ئەگەر ئەوەم لەگەڵدا کردی بەڵێن دەدەیت داوای هیچی ترم لێ نەکەیت؟!





ئەویش دەڵێت: سوێند بە عیزەت و دەسەڵاتی تۆ ئیتر هیچم ناوێت، ئەوسا خوای گەورە پەیمانی لێ وەردەگرێت و دوری دەخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ، کاتێ کە ڕوودەکاتە بەهەشت و ڕازاوەیی و جوانیەکەی بەدی دەکات، ماوەیەك کە ویستی خوای گەورەی لەسەرە بێدەنگ دەبێت، پاشان دەڵێت: خوایەگیان نزیکم بخەرەوە لە دەروازەی بەهەشت .. خوای گەورەش دەفەرمویت: باشە، تۆ بەڵێنت نەدا کە ئیتر داوای هیچ شتێکی تر نەکەیت، ئەویش دەڵێت: خوایەگیان داواکارم کە نەگبەت ترین دروستکراوی تۆ نەبم!! خوای گەورەش دەفەرمویت باشە ئەگەر ئەو داخوازیەشم بۆ ئەنجامدایت، بەڵێن دەدەیت داوای هیچی تر نەکەیت ..

ئەویش دەڵێت: بەڵێ، سوێند بە پایەداریت ئیتر هیچی تر داوناکەم!! ئینجا خوای گەورە بەڵێنی لێ وەردەگرێت و لە شوێنێکدا نزیك دەروازەی بەهەشت نیشتەجێی دەکات، ئەوسا کە ماوەیەك لەوێ دەباتەسەر گوڵ و گوڵزارو خۆشی و شادییەکانی بەدی دەکات، ماوەیەك کە ویستی خوای لەسەرە، دان بەخۆیدا دەگرێت، پاشان جورئەت دەدات بە خۆی و پەیمانەکەی بیردەچێت و - دەڵێت: خوایەگیان داواکارم کە یەکجاری بشمخەیتە بەهەشتەوە .. خوای گەورە دەفەرمویت: سەیرە! ئەی نەوەی ئادەم تۆ چەندە پەیمان شکێنیت باشە ئاخر تۆ بەڵێنت نەدا کە ئیتر داوای هیچ نەکەیت؟!! ئەویش دەڵێت: خوایەگیان داواکارم کە نەگبەتترین بەدیهێنراوی تۆ نەبم .. ئەوسا خوای گەورە پێدەکەنێت بەو شێوازەی کە شایستەی خۆیەتی، پاشان مۆڵەتی دەدات کە بچێتە بەهەشتەوە و حەزی لەهەرچیەکە داوای بکات، ئەویش هەرچی بەخەیاڵیدا دێت داوای دەکات، ئینجا کە هیچ ئاواتی نامێنێت خوای گەورە کۆمەڵێك نازو نیعمەت

دەهێنێتەوە یادی، دوای ئەوە خوای گەورە بەڵێنی هەموو ئەوانەشی پێدەدات و ئیتر نازانێ داوای چی تر بکات خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئەوانەی کە داوات کرد هەمویت پێشکەش دەکەم لەگەڵ ئەوەندەی تردا.

لە ڕوایەتێکی تردا هاتووە کە خوای گەورە فەرمویەتی: هەموو ئەوانەت پێشکەش دەکەم لەگەڵ دە ئەوەندەی تردا.

٣٠- کاتێ خوای گەورە بەهەشتی دروستکرد و نیشانی فریشتەکانی دا وتیان: بەخوا هەرکەس باسی ببیستێ هەوڵدەدات بۆئەوەی ببێتە نیشتەجێی - پاشان خوای گەورە ڕێگەی چون بۆ بەهەشتی بە کۆسپ و تەگەرە و کێشە و ناخۆشی تەنی، ئەوسا وتیان: بەخوا ئاسان نیە دەستەبەرکردنی -

پاشان کە دۆزەخی دروستکرد و نیشانی فریشتەکانیدا هەموو وتیان: بەخوا هەرکەس باسی ببیستێ ئەوپەڕی هەوڵدەدات خۆی لادەدات - پاشان ڕێگەکەی دەورە درا بە شتی حەرام و نەفس پەرستی و ئارەزووپەرستی - فریشتەکان وتیان: بەخوا دەترسین کە لەدەستی دەربازنەبین ..





## لەکۆتاییدا

خوێنەری ئازیز دوای ئەوەی هەندێك لە دیمەنی جوانی بەهەشت لە هزرو بیرو هۆشتا بەرجەستەبوو، هەروەها دیمەنی سامناکی دۆزەخ و هات و هاوارو پەشیمانی خەڵکەکەی لە ڕوانگەی هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان و هەندێ لە فەرمودە ڕاست و دروستەکانەوە، حەق وایە ئیتر قۆڵی مەردانەی خواناسی و دینداری لێ هەڵکەیت و جڵەوی نەفسی بەدکردارو شەیتانی بەدرەفتار بگریت و چاك لغاویان بکەیت و نەیەڵیت سنورەکان ببەزێنن و سبەی شەرمەزاری لای خوای پەروەردگارت بکەن و ببنە هۆی لەدەستدانی ئەو بەهەشتە و لێپرسینەوەی توند و ڕاپێچ کردنی دۆزەخ. تۆ هێشتا دەرفەتی ژیانت لەبەردەستایە و فرسەتی دنیا لەبەردەمتایە، زۆر پەشیمان دەبیت ئەگەر ئەم دەرفەتە بە غەفڵەت لەکیس خۆت بدەیت، زۆر غەمبار دەبیت ئەگەر لەدەستی بدەیت.

لەبەرئەوە هەوڵێکی جدی بدە بۆئەوەی ئەو چەند مانگ و ساڵەی ماوە لە تەمەنت بەهەشتی پێ بکڕیت و خۆت لە دۆزەخ بەدووربگریت - بەڕاستی ئەو نرخەی خوای گەورە دایناوە بۆ دینداری و خواناسی و خواپەرستی و چاکەی ئێمە زۆر بەنرخە، ئەو زاتە بەهەشتی بۆ بڕیارداوین بێ ئەوەی دینداری و چاکەی ئێمە سودی بۆ ئەو زاتە هەبێت، بەڵکو ژیان بۆ دەستەبەرکردنی بەهەشت ژیانی دنیاشمان بۆ خۆش دەکات، لەخۆشیدا سنورەکان نابەزێنین و زیان بە خۆمان و خەڵکی ناگەیەنین، لەکاتی

نەخۆشی و ناخۆشیشدا سەری دنیامان لێ نایەتەوە یەك و دەزانین و دڵنیادەبین کە دوای ناخۆشی خۆشی دێت، دوای گرانی هەرزانی، دوای نەخۆشی لەش ساغی، دوای مردنیش گۆڕەکەمان بۆ دەبێتە باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشت و تاوێك تێیدا دەحەوێینەوە و کاتێك بەخۆمان دەزانین قیامەت بەرپاکراوە و ئێمەش - ان شاء الله و بفضل الله - ڕوخسارمان سپی و گەشاوەیە نامەی کردەوەکانمان دەدرێتە دەستی ڕاستمان و بەرێزەوە بە هۆکاری زۆر پێشکەوتوو بەرەو بەهەشتەکەمان بەرێ دەکرێین ..

چونکە بە دەقی قورئانی کات بەشێوازی تر هەستی پێ دەکرێت، خەوەکەی یارانی ئەشکەوت و مردنەکەی عوزەیر پێغەمبەر دوو بەڵگەی قورئانی حاشا هەڵنەگرن بۆ سەلماندنی چۆنیەتی هەستکردن بە کات لە جیهانی بەرزەخدا.

**وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين**





## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ئاواتەکان لێرە نایەنەدی چەند دیمەنێك لە ژیانی بەختەوەران و ... | ٧ |
| بەهەشت چەندەها پلەیە | ١٠ |
| باخەکانی بەهەشت | ١٢ |
| بەهەشت بۆ کێ ئامادەکراوە | ١٣ |
| سورەتی النساء | ٢١ |
| سورەتی (المائدة) | ٢٦ |
| سورة (الانعام) | ٢٧ |
| سورەتی الاعراف | ٢٩ |
| سورەتی (التوبة) | ٣٤ |
| سورەتی یونس | ٣٩ |
| سورة (هود) | ٤٤ |
| سورەتی یوسف | ٤٦ |
| سورەتی (الرعد) | ٤٧ |
| سورەتی (ابراهیم) | ٥٠ |
| سورة (الحجر) | ٥٢ |
| سورەتی (النحل) | ٥٣ |
| سورة الاسراء | ٥٦ |
| سورەتی الکهف | ٥٧ |

سورەتی (مريم) .......... ٥٩
سورەتی طه .......... ٦١
سورەتی (الانبياء) .......... ٦٣
سورەتی (الحج) .......... ٦٥
سورەتی (المؤمنون) .......... ٦٧
سورەتی (الفرقان) .......... ٧١
سورەتی (فاطر) .......... ٧٧
سورەتی (يس) .......... ٨٠
سورەتی (الصافات) .......... ٨٢
سورەتی (ص) .......... ٨٨
سورەتی (الزمر) .......... ٩٠
سورەتی (غافر) .......... ٩٣
سورەتی (فصلت) .......... ٩٥
سورەتی (الزخرف) .......... ٩٨
سورەتی (الدخان) .......... ١٠١
سورەتی (الاحقاف) .......... ١٠٣
سورەتی (محمد ﷺ) .......... ١٠٦
سورەتی ق .......... ١٠٨
سورەتی (الذاريات) .......... ١١٢
سورەتی (الطور) .......... ١١٤
سورەتی (القمر) .......... ١١٧





سورەتی (الرحمن) .......... ١١٨
سورەتی (الواقعة) .......... ١٢١
دنيا بريتی يە لە چی فراوانی بەهەشت ٣٠، ٣١ / الحديد .......... ١٢٦
كۆتا ئايەتی سورەتی (المجادلة) .......... ١٢٧
سورەتی (الصف) .......... ١٢٨
سورەتی (التغابن) .......... ١٣٠
سورەتی الطلاق .......... ١٣٢
سورەتی (التحريم) .......... ١٣٤
سورەتی (الملك) .......... ١٣٧
سورەتی (الحاقة) .......... ١٣٩
سورەتی (المعارج) .......... ١٤١
سورەتی (المزمل) .......... ١٤٥
سورەتی المدثر .......... ١٤٦
سورەتی (القيامة) .......... ١٥٠
سورەتی (الانسان) .......... ١٥٢
سورەتی (المرسلات) .......... ١٥٥
سورەتی (النبأ) .......... ١٥٧
سورەتی (النازعات) .......... ١٦١
سورەتی (عبس) .......... ١٦٣
سورەتی (التكوير) .......... ١٦٤
سورەتی (الانفطار) .......... ١٦٥

سورەتی (المطففين) ........ ١٦٦
سورەتی (الانشقاق) ........ ١٦٩
سورەتی (البروج) ........ ١٧٢
سورەتی (الغاشية) ........ ١٧٣
سورەتی (الفجر) ........ ١٧٥
سورەتی (البيّنه) ........ ١٧٧
سورەتی (الزلزلة) ........ ١٧٨
هەندێ فەرمودە دەربارەی بەهەشت ........ ١٧٩